هاوکاری
التضامن
رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتیی‌یەکە (دار الجماهیر)ـەوە دەرئەچێ

ژمارە (١١٦) | ١٣ی مایسی ١٩٧٢ | تەلەفۆن - ٢٠٣٦٥ -

نرخی ٢٠ فلسە

سەرۆك كومارسەر لە خەستەخانەی جمهوری ئەدا لەكاظمیە

سەرۆك احمد حسن بكر پیرێ سەری داوە لە خەستەخانەی جمهوری كاظمیە وە بەناوژووەكانیا گەڕاوەو هەوالی تەندروستی نەخۆشەكانی پرسیوە . ئەمجار لەگەڵ پزیشكەكانی خەستەخانەكە كۆبۆتەوەو داوای لێكردون كە زیاتر بەتەنگ نەخۆشەكانەوە بێن .

سەرۆك احمد حسن بكر پێشوازی بالیۆزی یەكێتیی سۆڤییەت ئەكات

سەرۆك كومار مهیب احمدحسن بكر رۆژی پێنج شەممەی رابردوو لە كۆشكی جمهوری پێشوازی كاك فینیامین لیخاچوف بالیوزی یەكێتیی سۆڤییەتی لەبەغدا كردوە . چاوپێكەوتنەكەش نزیكەی سەعاتو چارەكێكی خایاندوە .

ئا٠٥٠ع

ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش بڕیاری پێرەوی بەڕێوە بەرایەتی گشتی خوێندنی كوردی ئەدا

نیكسۆن ئاگری جەنگی ڤیتنام خۆشترئەكات

دلاوەریی فیداكارانی عەرەب سەهیۆنیەكانی زیاتر تۆقاندوە

عصمت اینونو دەستلەكاری سیاسی ئەكێشێتەوە

عصمت اینونو سەرۆكی حیزبی گەلی جمهوری وسەركۆماری سەرەك وەزیرانی پێشوی توركیا ، هەفتەی رابوردو بریاری داوە دەست لە سەرۆكایەتی حیزبەكەی هەڵگرێ دوای ئەوەی لەكۆنگرەی نائاسایی حیزبەكەدا سەركەوتووە ، كە بۆ لێكۆڵینەوەی گیروگرفتەكانی سیاسی ناو خۆی توركیا بەسترابوو .

لەم كۆنگرەیەدا ئینۆنۆ ٥٠٧ دەنگی بۆ دراوە بەرامبەر بە ٧٠٩ دەنگ كە بۆ (پولاند اجوید)ی رابەری بەرەی دەستی چەپ لەحیزبەكەدا دراوە .

ئا٠ر٠ف

مانگرتنی كرێكارانی ژاپۆن

نزیكەی هەشتا هەزار كرێكاری بەندەرەكانی ژاپۆن رۆژی چوارشەممەی رابوردو مانیان گرتوە دژی سیاسەتی حكومەتی ژاپونو داوایان كردوە كە باری گوزەرانیان چاك بكرێتو رۆژانەكەیان زیاد بكرێ . وە لەئەنجامی ئەم مانگرتنەدا ئیشوكاری بەندەرەكان وەستاوەو (٨٠٠) پاپۆر بەبارەوە لەبەندەرەكاناوەستاون . ئاگاداران لەوباوەڕەدان كە ئەگەر بێتو ئەم مانگرتنە درێژە بكێشێ ، زیانێكی گەورە لە ئابووری ژاپون ئەدات وە سەرچاوەیەكی نەقابەی كرێكاران وتویە ئەم مانگرتنە تەنیا پێنج رۆژ ئەخایەنێ .

جەنگی ڤیتنام جەنگی گەلان وئیمپریالیزمی جیهانە

دوای سەركەوتنە دڵێرانەكانی گەلی قارەمانی ڤیتنامو راوەدونانی هێزە رەشەكانی ئەمەریكاو سایگونو دەوڵەتە كۆنەپەرستەكانی‌تر لەگەڵێ هەرێمو ناوچەو شاری‌ڤیتنامی خوارودا ، نیكسۆنی سەرەكی‌وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا وەكو سەگی‌هار فرمانی دەركرد بۆ هێزە هەواییەكانی ئەمەریكا لە خواروی رۆژهەڵاتی ئاسیادا كە خێراترو زۆرترو دڕندانەترو لە ناوچەیەكی فراوانتر لە هەردو پارچەی ڤیتنامدا چالاكی وێرانكەرانەی خۆیان بنوێنن‌و تا بۆیان ئەكرێت دەست لە كوشتن‌و روخاندن‌و لەناوبردنی گەلی ڤیتنام نەگێڕنەوە بە نیازی ئەوەی گەلی ڤیتنامو شۆڕشگێڕە پێشرەوەكانیان‌وحكومەتی ڤیتنامی دیموكرات بە چۆكدا بهێنن ، بەڵام ئەم كردەوە جانەوەرانەیەی نیكسۆنی نوێنەری هارترین‌سەرمایەداری ئیحتكاری دنیا زیاتر گەلی ڤیتنامی خوارو و ژوروی هاندا كە خەباتی شۆڕشگێرانەی خۆیان تیژترو هەنگاوی گورجو گۆڵ‌تر بنێن بەرەو رزگاری تەواوو پاكردنەوەی خاكی پیرۆزی ڤیتنام لە جێ پێی سەربازە داگیركەرەكانی بێگانەو نۆكەرەكانی ناوخۆ .

كە نیكسۆن‌و هاوپەیمان‌و كاربەدەستە سەرمایەدارە چاو برسیە خوێنڕێژەكانی ئەمەریكا ئەمەیان‌دی ئەوەندەی‌تر شێتگیر بون . ئەوەبو لە هەفتەی رابوردودا نیكسۆن بەیاننامەیەكی بلاوكردەوە ، تیایا ئاشكرای كرد كە بۆمباو تەقەمەنی‌تر بەدەوری بەندەرەكانی ڤیتنامی دیموكراتدا ئەچێنن تاكوپەیوەندی نیوان ئەم گەلە تێكۆشەرەو هەموگەلان‌و وڵاتانی تری دنیا ببڕێنن ، دیسانەوە بە نیازی ئەوەی گەلی ڤیتنام دەست لە خەباتی رزگاری هێنەری خۆی هەڵگرێتو سەر بۆ ئیمپریالیزمی ئەمەریكاو نۆكەرەكانی دانەوێنیت یان هەر هیچ نەبێت بكەونە ساتو سەواوە لەگەڵ دوژمنانی خوێنەخۆی‌و داگیركەری وڵاتەكەیاندا .

بەڵام ئەمجارەش حكومەتی ڤیتنامی دیموكرات‌و ڤیتنامی خواروی شۆڕشگێڕو هەموگەلی ڤیتنام بە بڕوایەكی قایم‌تر بە سەركەوتنەوە بە خەباتێكی شۆڕشگێڕانەی قایم ترەوە هەنگاوی‌تازەیان بۆ پێشەوەنا بەرەو لە ناو بردنی هەمو هێزەكانی دوژمنان‌و تێكشكاندنی‌هێزشە پێچەوانەكەی ئەمەریكاو نۆكەرەكانی . ئەم شۆڕشگێڕیەی گەلی ڤیتنام‌و ئەم كردەوە وەحشیانەیەی ئەمەریكا ئەوەندەی تر دەستە ڕەشەكەی ئەمەریكاو هاوپەیمانەكانی خستە ڕوو چونكە ئەو بڕیارەی نیكسۆن جگە لەوەی هەڕەشەكردنە لە سەربەخویی وڵاتێكی ئازاد ، تێك دانی هەمو یاساو سروشتێكی مرۆڤایەتی‌و ڕەوشتی باوەڕ پێ كراوی نێو دەوڵەتانە ، ئەو یاسایانەی كە بە هیچ جۆرێك ڕێگا نادەن بە دەوڵەتێكی بێگانە بە بۆمباو تەقەمەنی گەمارۆی دەوڵەتێكی‌تر بدات‌و ڕێگای هاتوچۆی ئاوو زەمین‌و زەوی‌لێ‌ببڕێتە بەست .

بۆیە ئەم بڕیاری نیكسۆن‌و فراوان كردنی جەنگی ڤیتنام هەر پێوەندی‌یەكی بە گەلی تێكۆشەری ڤیتنامەوە نیە بەڵكو پێوەندیەكی لە پسان نەهاتوی تەواوی هەیە بە هەمو گەلان‌و دەوڵەتانی دنیاوە ، ئەمڕۆ نیكسۆن پەلامارەی گەلی ڤیتنام ئەدات ڕۆژێكی‌ترهی گەلێكی تری ئاسیا یا ئەفەریقاو هەمو گۆشەیەكی تری سەر زەمین . بۆیە پێویستە هەمو گەلانی دنیا بە تایبەتی گەلان‌و دەوڵەتانی پێشكەوتن خوازی‌خاوەن دەسەلات بە هەمو جۆرێك خەبات بكەن دژی بڕیاری نیكسۆن‌و پشتگیری گەلی تێكۆشەری ڤیتنام بكەن‌چونكە سەركەوتن‌و ژێرەكەوتنی ئەم بڕیارە گەلاوەی نیكسۆن ئەبێت بە تاقی كردنەوەیەكی سەركەوتن‌و ژێركەوتنی ئیمپریالیزمی ئەمەریكاو هەمو كۆنەپەرستانی دنیا .

ئەگەر سەرنجێك لەوتەكانی نیكسۆن بدەینەوە كە لە ١ ـ ٥ دا لە تەكساس‌دای‌و هەڕەشەی كرد كە ئەگەر ڤیتنامی دیموكرات‌و هاوپەیمانەكانی واز لە هێرشی خۆیان نەهێنن ئەویش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و ئەوروپا ئەشێوێنێت . ئەم هەڕەشەیە دوو شتمان ئەخاتەپێش

بڕوانە : ل ٦

ئیریانی ستایشی حكومەتی عیراق ئەكات

قازی عبدالرحمن الاریانی سەرۆكی ئەنجومەنی جمهوری كۆماری یەمەن ستایشی حكومەتی عیراقی كردوە دەربارەی ئەو یارمەتیانەی ئەیدات بەیەمەن . وە ئەم قسەیەی ئیریانی لە كاتی پێشوازی كردنی مهدی الیاسری بالیوزی عیراق لە صنعاء بوە بە بۆنەی گواستنەوەی بۆدیوانی وەزارەتی دەرەوەی‌عیراق . بڕیاریش وایە كە یاسری پێش ئەوەی بگەڕێتەوە عیراق سەر لە عەدەن بدات‌وچاوی بەسالم ربیع علی سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی كۆماری‌ذیموكراتی گەلی یەمەن بكەوێ

محاكەمەكردنی ٣٣ نیشتمان‌پەروەر لە مەغرب

دادگایەكی مەراكیش لەمەغرب رۆژی چوار شەممەی رابوردو دەستی كردووە بەمحاكەمەكردنی ٣٣ هاووڵاتی ، بە تومەتی ئەوەی كە ئەندامن‌لە حیزبی شیوعی‌و بەیاننامەیان دژی رژێمی فەرمان ڕەوا بڵاوكردۆتەوە ، وە گیراوەكانیش لە كاتی محاكەمە كردنەكەدا ئەو تومەتەیان‌داوەتە دواوەو وتویانە ئەو بەیاننامە تەنیا بۆ مەبەستی هاندانی جەماهیر بووە كە بەڵكو بگرن‌و هاوكاری بكەن لەخەباتدا .

كاستڕۆگەیشتە جەزائر

دكتور فیدل كاسترۆ سكرتێری یەكەمی كۆمیتەی ناوەندی پارتی كومونیست‌و سەرەك وەزیرانی كوبا رۆژی پێنج شەممەی رابوردو بەسەردانێكی گەیشتە جەزائر .

دكتور كاسترۆ لە وتارێكدا بەتوندی بێزاری خۆی دەربڕیوە دژی بڕیارەكەی نیكسونی سەرۆكی ئەمەریكا دەربارەی گەمارۆ دانی ڤیتنامی دیموكرات لەدەریاوە وەوتبوی :-

نیكسون بەو بڕیارەی لافوگەزافی ئەوە لێئەدات گوایە شەڕەفی ئەمەریكا ئەپارێزێ ، بەڵام ئەمەی بۆ ناكرێت . چونكە رژێمێك كە بە ملیونەها خەڵكی بكوژێ ئەبێ چ شەرەفێكی هەبێت .

سكرتیری یەكەمی پارتی كومونیستی كوبا دوای جەزائر سەر لە چەندولاتێكی ئەفەریقاو سوشیالست‌ئەداو لەدواییدا ئەچێ بۆیەكێتی سۆڤییەت .

ئاژانسەكان

وەزارەتی كاروباری ژوورو رازی‌بو لە سەر تەرخان‌كردنی ١٣٠ هەزار دینار بۆ دەرخت ناشتن لە ریگاو بانەگشتییەكانی وڵاتا بۆ مەبەستی بەرهەلست‌كردنی ڕەشەباو توزو خول لەگەل دروست‌كردنی سەیرانگاو شوینی حەسانەوەو رابواردن لەسەر ریگا گشتییەكانا كە نزیكەی ٥٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت . ئەمە جگە لە دروستكردنی پشتینێكی سەوز بەدەوری شاری هەولیرا كە نزیكەی ٥٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت وەهەروها دارستانەكەی حەبانیەش فراوان‌و چاك ئەكرێت كە نزیكەی ٣٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت .

ئا٠٥٠ع

وەزیری دەرەوەی هۆڵەندە لەگەڵ ئابا ئیبان كۆئەبێتەوە

میستەر نوربرت شمیلزر ، وەزیری دەرەوەی هۆڵەندە هەفتەی رابوردو بەسەردانێكی ڕەسمی كە پێنج رۆژ ئەخایەنێ گەیشتە تەل ئەبیب .

وەزیری دەرەوەی هۆڵەندم لەم سەردانەیدا لەگەڵ ئابائیبان وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل‌و كار بەدەستی تری سەهیۆنیدا كۆ ئەبێتەوە .

نیكسون ئاگری جەنگی ڤیتنام خۆشتر ئەكات

نیكسونی سەرۆكی ئەمەریكا رۆژی سێ شەممەی رابوردو لەوتارێكدا ئاشكرای كرد كە حكومەتەكەی بڕیاری داوە لە دەریاوە ئابلۆقەی ڤیتنامی دیموكرات بدات‌و لەغەم لە بەندەرەكانیدا دابنێت‌و فرۆكەكانی لە جاران زیاتر خاكی ڤیتنام بوردومان بكەن وەسێ رۆژ مۆڵەت دراوە بەو كەشتیانەی لە بەندەرەكانی ڤیتنامی دیموكرات دان تا وەكو ئەم بەندەرانە بەجێ بهێڵن ئەگینا هەر زیانێك كە لێیان بكەوێت ئەكەوێتە ئەستۆی خۆیان . وە نیكسون وتویە ئە بڕیارەشی بۆ ئەوەیە كە لەمەو دوا یارمەتی‌و ئاژوقە نەگاتە شورشگێڕانی ڤیتنامی خوارو . وە بە چەند سەعاتێك دوای دەرچونی ئەو بڕیارە ، سەركردایەتی هێزەكانی ئەمەریكا لە ڤیتنامی خوارو رایگەیاند كە فرۆكەكانی اسطولی حەوتەمی ئەمەریكا دەستیان كردوە بە بلاوكردنەوەی لەغم لە خلیجی تونكین‌و ئەو ڕێگایانەی بەرەو بەندەرەكانی ڤیتنامی دیموكرات ئەچن .

لە لایەكی ترەوە . لە سەرانسەری دنیا . هەمو هێزە پێشكەوتن خوازو رای گشتی جیهان بەتوندی دژی نارەزای خۆیان دەربڕیوە دژی ئەم كردارەی نیكسون . وە هەر لە ناو جەرگەی ئەمەریكادا قوتابیانی زانستگاكانی نیویورك و میامی‌و وفلوریدا و اوهایو ونیو هیڤن خوپێشاندانیان ڕێك خستوە بۆ نارەزای دەربڕین دژی ئەم بڕیارە .

وە ڕۆژنامەی (سوید ئویچن تزا یتونگ) كە لە میونیخ دەرئەچێ نوسیبوی كە ئەم بڕیارەی نیكسون هەڕەشە لە ئاشتی جیهان ئەكات‌و ئێمەی ئەوروپا پیەكانیش لە مەسەلەكەوە ئەگلێنێ كە بەهیچ جۆرێك پرسمان پێ نەكراوە .

گریشكو سەر لە سوریاو میسر ئەدات

ڕۆژنامەی الاهرامی قاهیرە نوسیویەتی : مارشال ئەندرێ گریشكو وەزیری بەرگری سۆڤییەت دوای تەواو بونی سەردانەكەی ئیستای سوریا سەر لە میسر ئەدات .

ڕۆژنامە كە وتویە: گریشكو لە سەردانەكەیدا گفتوگو لەگەڵ فەریقی یەكەم محمد احمدصادق جێگری سەرەك وەزیران‌و وەزیری جەنگی میسر ئەكات .


سەهیۆنیەكان مەترسیەكی گەورەیان لێنیشتوە

دوای بەسەرهاتی فڕۆكەكەی بەڵچیكا

ڕۆژی دوو شەممەی رابوردو چوار فیداكاری عەرەب دەستیان بەسەر فڕۆكەیەكی بەڵچیكادا گرتوە كە (١٠٠) كەسی تێدابوەو وبستویەتی لە بڕۆكسلەوە بچێ بۆ تەل ئەبیب . فیداكاران فڕۆكەكەیان لە فڕۆكەخانەی اللد لەئیسرائیل هێناوەتە خوارەوەو رایان گەیاندوە كە سەر بە ڕێكخراوی ئەیلول ڕەشن وە داوایان كردبو كاربەدەستانی ئیسرائیل (١٠٨) فیداكاریان بۆ بەرەڵا بكات كە لە بەندیخانەكانی ئیسرائیل گیراون لەحیاتی بەرەڵاكردنی فڕۆكەكەو ئەوەی جێگەی باسیشە ئەم ڕێكخراوە كاتی خۆی فڕۆكەیەكی بوینگ ٧٤٧ یان فراند بۆ عەدەن‌و لە قاهرە وصفی التڵی سەرەك وەزیرانی پێشوی ئەردەنیان كوشت . ئاژانسەكانی دەنگوباسی رایانگەیاند كە لەگەڵ نیشتنەوەی فڕۆكەكە لە اللد موشێ دایانی وەزیری بەرگری ئیسرائیل‌و ئەفسەرێكی تر خۆیان گەیاندوتە فڕۆكەخانە .

لە لایەكی تریشەوە نوێنەری خاچی سوری دەڵەتان ناوبژی نیوان هەردووڵای كردوە . لەپێشا كاربەدەستانی ئیسرائیل بۆ هەڵفریواندنی فیداكاران دوای درێژكردنی مۆڵەتەكەو كەمكردنەوەی ژمارەی ئەوەی فیداكارانەی كردبو كە داوای بەرەڵاكردنیان كرابو . چوار فیداكارەكەش داوای سوتەمەنی‌و خواردنیان كردبو بۆ فڕۆكەو نەفەرەكانی‌و كاربەدەستانی سەهیۆنی بەهاوكاری خاچی سوری دەڵەتان سودیان لەم هەلە وەرگرتبوو چەند سەربازێكی كۆمانۆی ئیسرائیل بەجل وبەرگی كرێكارانی فڕۆكەخانەوەڕ بەئوتومبیلی خاچی سور چرون بۆلای فڕۆكەكەو بەبیانوی ئەوەی كە هەوا لەتایەكانی ئەكەن‌و فەحسی باڵەكانی ئەكەن خۆیان گەیاندبۆ ناو فڕۆكەكەو لەگەڵ فیداكاراندا بەیەكا چوون‌و لەئەنجامدا سێ فیداكار شەهید بون‌و یەكێكیان بریندار بو ڕێكخراوی ئەیلولی ڕەش لەبەیاننامەیەكدا كە لە بەیروت بڵاوی‌كردۆتەوە وتبوی : ئەم چوار فیداكارانەی ئەم فڕۆكەیان فراندوە ئەمانەن :

احمد موسی عواد ،عبدالعزیز الاطرش ، خاتو ریماعیس، تیریز اسحق هلسە .



تیریز هلسە — عبدالعزیز الاطرش — ریما عزیز



سەربازێكی سەهیۆنی ئەیەوێ فیداكار خاتو تیریز بە بریندار بگرێت

www.kurdistan-is.com

هەفتەی

باشێک

بیرەوەری تەواو بونی جەنگی دوەمی جیهان

لەم چەند رۆژەدا بیست وحەوت ساڵ تێپەڕی کرد بەسەر تەواو بونی جەنگی دووەمی جیهاندا ۲۷ ساڵ لەمەو پێش ئەو جەنگە گەورەیە بە تێشکانو لەناوچونی نازیەکانو سەرکەوتنی لایەنەکانی تر کۆتایی هات ۰ یەکێتی سۆڤێت کە ئەو کاتە تاکە دەوڵەتی سوشیالیست بو ، دلێرانە لەو جەنگەداروبەروویی نازیەکان وەستاو قوربانیەکی بێ سنووری دالە پێناوی سەرکەوتندا ، وە لە ئەنجامدا دەسەڵاتی پرولیتاریای یەکێتی سوڤێت توانی نەک هەر خۆی بپارێزێت لەدەستدرێژی نازیەکان ، بەڵکو دەورێکی بنچینەیی هەبو لەشکانو فەوتانی هێزی نازیدا ۰

ئاشکرایە لای هەموان ئەم جەنگە قورسە چەند گران کەوت لەسەر مرۆڤایەتی ملیۆنەها کەسی تیا کوژراو سەقەت بو ، هەزاران شارودێ و کارگەو کێڵگەی تیا وێران بو ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەنجامەکەی بۆ بەرژەوەندی مرۆڤایەتی بو ، چونکە درندە ترین و سامناکترین شێوە ئیمپریالیزمی تیاچوو تەفرو توناکراو ، لەباتی ئەوە بەرەی سوشیالیزم فراوان بوو ، چەندین گەل توانیان سیستەمی سوشیالیست دابمەزرێنن و چەندین گەل ئازادی و سەربەخۆیی بەدەس هێنا ۰

ئێستاش کە بیرەوەری ۲۷ ساڵەی تەواو بونی جەنگ ئەکەینەوە هەمو ناخۆشی وتاڵی و ناسۆرەکانیمان دێتە بەرچاو ، ئەوەیشمان لەبەرچاوە کە مەترسی قەومانی جەنگێکی تریش هەیە ، ئەمەمەترسیەش هەر ئەبێت تا بەرەی دوژمنانی گەلان مابێت، تا ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانی نۆکەری هەبن ۰ بۆیە بۆنەهێشتنی ئەم مەترسیە تەنیا ڕێگا لەناوچونی ئیمپریالیزمو نۆکەرانیەتی ۰ سەرکەوتوترین ڕێگا بۆ لەناوبردنی ئیمپریالیزمیش هەڵگیرساندنی جەنگی شۆڕشگێرانەی گەلانەدژی ئیمپریالیزم بۆ فەوتانو لەناوبردنی وەبۆ رزگاربون لە چەوساندنەوەی نەتەوایەتیو چینایەتیو رزگاربونی تەواو لەمەترسی جەنگ، هەروەکو چۆن شۆڕشگیرانی ڤێتنامو لاوس و کامبودیاو گەلانی تری ئەفەریقا وئەمەریکای لاتین بەهۆی جەنگی گەلی چەکدارەوە سەریان لە ئیمپریالیستەکان هێناوەتەوە یەکو بەرەو فەوتانیان ئەبەن ۰

جا ئەم کاتەدا کە یادی تەواو بوونی ئەو جەنگە ئەکەینەوە ، مەترسی قەومانی جەنگێکی تریش لە کایەدایە ، با هەڵگیرسێنەری جەنگ چاک بناسین و لەپێناوی نەهێشتنیاندا خەبات بکەین وئەو ڕاستیە هەرگیز لەیاد نەکەین کە بەبێ لەناوچونی ئەوان ناشتی ڕاستەقینە بونی نابێت ، وە با ترسی جەنگ وناسۆرەکانی نەمان تۆقێنی و لە خەباتمان نەخات وە با لە پێناوی ئاشتیەکی ڕاستەقینەدا بە توندی بەربەرەکانی ئیمپریالیزم بکەین و لە ڕەگوڕیشەی هەڵکێشین ۰

سوارە

بیرورای گشتی جیهان ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بە تاوانەکانی ڕژێمی شانیشان دەدا

دەنگوباسی موحاکەمەی نیشتمانپەروەرانی ئێران لەدادگا دەرگاداخراوەکانی شادا لەدنیادادەنگی داوەتەوە و شەپۆلی ناڕەزایی و تورەیی ڕێکخراوەئازادیخوازەکانو شەخسیەتە ناودارەکانی جیهانی لەدژی کردەوەی دڕندانەی شاو ئەو هەمو کوشتو کوشتارو وجەزرەبەی ئازادیخوازانی ئێران بەرز کردۆتەوە ۰ زوربەی ڕێکخراوەو پیاوە مەزنە حقوقیەکانی دنیا بەدەرکردنی بەیاننامەو ناردنی نامەی ئیعتیراز بۆ شای ئێران وسەرۆکوەزیرو کاربەدەستەکانی تری ڕیژیمی شاو هەروەها بەدەربڕینی پشتیوانی لە خەباتی حیزبو ڕێکخراوە نیشتمانیەکانی ئێران هاودەردی خۆیان لەگەڵ گەلانی زۆرلێکراوی ئێران نیشان داوە و داوایان کردوە کە دیکتاتۆری حەمەڕەزاشا واز لە ئازارو ئەشکنجەو ئیعدامی نیشتمانپەروەران بێنێ ۰ لێرەدا دەمانەوێ هێندێك لەوبەیاننامەوبروسکەو ئیعتیرازنامانە بخەینە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕیزی « هاوکاری » ۰

بەیاننامەی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی حقوقیی ناونەتەوایەتی

ئەگەر سەرنجی وەزعی ئیستای ئێران بدەین کە کۆمەلێکی زۆر لە دادگا نیزامیەکانی تاراندا موحاکەمە دان و هەروەها تائێستا چەندکەس حوکمی ئیعدامیان دراوەو ترسی ئەوەش هەیە کە زۆرکەسی تریش حوکم بدرێن ، بەچاکی دەردەکەوێ کە دەوڵەتی ئێران هەرچەند بەیاننامەی مافی مرۆڤی ئیمزا کردوە ، بەڵام لەودادگایانەدا کە ئێستا لەتاران دەکرێن ئوسوولی ئەوبەیاننامەی لەژێر پێ ناوە ۰ وە ئەوە شتێکە کە ڕۆژنامەنووس و سەرنجدەرەکان تەئییدیان کردوە ۰

ئیمە لە سەڵاحیەتی دادگا نیزامیەکانو لە ئەشکنجەی زیندانیەکانو لە پێشیل کردنی مافی دیفاعی ئەوگیراوانە ڕەخنە دەگرین ۰ ئیمە بەهەمو توانای ئەخلاقیو حقوقیو ئینسانیو ئایینیەوە کە ڕیخراوەکانمان لەدنیادا هەیانە، داوا دەکەین ئەشکنجەو ئازار لە ئێران کۆتایی پێبهێنرێ ، ئێمە داوا دەکەین دادگای ئاشکراو قانونی بۆ موحاکەمەی ئەوگیراوانە پێکبێ و ڕیگایان بدرێ لەمافی خۆیان دیفاع ئامادە کردنی بەهەرام

بکەن ۰ هەروەها داوا دەکەین ئەوحوکمە ئیعدامانەی دراوەتە هەڵوەشێنەوەو چیتر بەجێ نەکرێن ۰

۲۸ی فیوریەی ۱۹۷۲

ئەوریکخراوانەی ئیمزایان کردوە : ریکخراوی جیهانی لێخۆشبون ، ڕێکخراوی ناونەتەوایەتی حقوقزانانی دیموکرات ، کومیسیونی ناونەتەوایەتی حقوقزانان ، فیدراسیۆنی ناونەتەوایەتی مافی مرۆڤ ، بەڕیوەبەرایەتی ناونەتەوایەتی حقوقزانانی کاتولیکو ریکخراوی سیماد ۰

ئاگاداری

ڕێکخراوی ئێمە لەگەڵ بیستنی هەواڵی ئیعدامی ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێکخراوی ئێران ، بەناوی مرۆڤایەتی داوایان کردوە دەسبەجێ ئەوحوکمانە هەڵوەشێنەوە ۰ ئێمە لە تێکوشانی ڕەخنەگرانەی ئێوە (خوێندکارنی ئێرانی) پشتیوانی دەکەین ۰

ویلیام ویلسون ئەندامی فەراکسیونی پارلمانی حیزبی کرێکار و سەرۆکی لێژنەی دیفاع لە زیندانیانی سیاسی ئێران لە ئینگلستان ۰

هویدا سەرۆک وەزیر ۰

ئێمە نوێنەرانی مەجلیسی سوئید ناڕەزایی خۆمان لەوحوکمی ئیعدامانە کە ڕیژیمی ئێوە لەم دواییا نەدا داویەتی ، دەڕەبرین ۰ بەناوی بیرورای گشتی جیهانی داواتان لێدەکەین دەسبەجێ کوتایی بە ئەشکنجەی زیندانیانی سیاسی بێنن و هەمو زیندانیانی سیاسی ئازاد بکەن ئیمە پشتیوانیو هاوپێوەندی تەواوی لەگەڵ گەلی ئێران لە خەبات بۆ پێك هێنانی ئیرانێکی دیموکراتیدا ڕادەگەیەنین ۰

ئیمزا شازدەکەس لە نوێنەرانی مەجلیسی سوئید

ئیمە هاوپێوەندی خۆمان لەگەڵ ئیوە ڕادەگەیەنین و بەتوندی لەدژی تاوانەکانی ڕیژیمی ئیران دەربارەی گەلی ئیران ئیعتیراز دەکەین :

بەمێ ئیمپریالیزمو هاودەستەکانی

بژی گەلی خەباتکەری ئیران

بەکیەتی ، خەبات، سەرکەوتن بوروی ناوەندی بزوتنەوەی دژی فاشیستی یونان

بەیامێکی نوێ... بەیام هێنەرێکی نوێ

تەختو تاراجی ڕژێمە کۆنەمەرگ چێنەکان ڕائەدات ۰

ئێمە دیمان کەچۆن ئەو ڕژێمانەی بە ڕوالەتی چەکو لەشکرو زیندانەکانیانا بەهێزوتوانا دیاربوون ، کەچی خۆی ۰ نە لەشکرو چەکو جبەخانەی ئەمریکاییو نە سەرمایەکانی ئەڵمانیو نە بەهەزاران جاسوسی ئەمن وەنە (اصلاحات)ەوە جۆربەجۆرەکانی !۰۰ نەچەنە بازی دەسگاکانی پروپاگەندە، هیچیان ناتوانن شا بپارێزنو تەمەنی دریژ بەڕژێمە ڕزیوەکەی ببەخشن ۰

اعدامو کوشتنی دەیان ڕۆڵەی بەجەرمی گەلو گرتنی هەزاران نیشتمانپەروەری تێرانیش ، نیشانەی ناهومیدیو ترسی بێسنوری ڕژێمی شایە ، کە لەسەرەمەرگا بەجۆرێکی هارانە دەست ئەوەشێنێ ۰

کۆمەڵانی خەڵکیش ، بەتاقی کردنەوەی خۆیان فێربوون ، کەئەو ژیانە سەختو چەوسێنەرانەی لەژێر باری فۆرسیا ئەنالێنن دەسکردی ئاسمانو قەدەرنیە ، بەڵکو شتێکە کەلا بردنو لەناوبردنی بەدەست خۆیانەو هەر لەدەست خۆشیان دێت !

ئیتر ۰۰ لە جیاتی خەمو لاوانەوە ، باشە هیدانی نیشتمان هەمیشە مایەی شانازیو سەربەرزی بن ۰

لە سەرمەقالەی ڕۆژنامەی (۱٦ی ئازەر)ەوە ـ ئۆرگانی کۆنفدراسیۆنی جیهانی خوێندکارانی ئێران ـ وەرگیراوە

دۆستەکانی) ، ئەم ڕاستیەیە مایەی ترسو تۆقینێکی وایە کە هەراسمی پێهەڵگرتوون ۰

ڕژێمی شا ۰۰ ئەبێنێ نە (اصلاحات)و نە کوشتارو ترساندن دادی ناداو ڕزگاری ناکات لە چارەنوسی ڕەشی خۆی ۰ نە لەشکرو چەکو جبەخانەی ئەمریکاییو نە سەرمایەکانی ئەڵمانیو نە بەهەزاران جاسوسی ئەمن وەنە (اصلاحات)ەوە جۆربەجۆرەکانی !۰۰ نەچەنە بازی دەسگاکانی پروپاگەندە،هیچیان ناتوانن شا بپارێزنو تەمەنی دریژ بەڕژێمە ڕزیوەکەی ببەخشن ۰

اعدامو کوشتنی دەیان ڕۆڵەی بەجەرمی گەلو گرتنی هەزاران نیشتمانپەروەری تێرانیش ، نیشانەی ناهومیدیو ترسی بێسنوری ڕژێمی شایە ، کە لەسەرەمەرگا بەجۆرێکی هارانە دەست ئەوەشێنێ ۰

کۆمەڵانی خەڵکیش ، بەتاقی کردنەوەی خۆیان فێربوون ، کەئەو ژیانە سەختو چەوسێنەرانەی لەژێر باری فۆرسیا ئەنالێنن دەسکردی ئاسمانو قەدەرنیە ، بەڵکو شتێکە کەلا بردنو لەناوبردنی بەدەست خۆیانەو هەر لەدەست خۆشیان دێت !

ئیتر ۰۰ لە جیاتی خەمو لاوانەوە ، باشە هیدانی نیشتمان هەمیشە مایەی شانازیو سەربەرزی بن ۰

لە سەرمەقالەی ڕۆژنامەی (۱٦ی ئازەر)ەوە ـ ئۆرگانی کۆنفدراسیۆنی جیهانی خوێندکارانی ئێران ـ وەرگیراوە

خۆیدا لە کانونی یەکەمی ۱۸۸۸ بریاری داکە یەکی ئایار بکرێت بە جەژنی کرێکاران ۰

وە لە ساڵی ۱۸۸۹ ۱۰ کۆنگرەی نەقابەو ڕێکخراوە سۆشیالیستەکان لە پاریس دیسانەوە بریاری دا کە یەکی ئایار بکرێت بە جەژنی کرێکاران ۰

ئیتر لە ساڵی ۱۸۹۰ ەوە هەمو کرێکارانی جیهان بە بۆنەی یەکی ئایارەوە وەکو جەژنێکی پیرۆزی کرێکاران ئاهەنگ ئەگێڕنو یادی خەباتی خۆیانو

بڕوانە : ل ۳

یەکی ئایار چۆن بوو بە جەژنی کرێکاران ؟

فەهمی قەرەداغی

ماوەی هەفتەیەک شاری سانت‌لویسیان خستبوە ژێر دەستی خۆیانەوە ۰ لە ساڵی ۱۸۹٤ داسەدان هەزار کرێکاری خەتی ئاسنین مانیان‌گرت و لەئەنجامدا دەیانیان لێ کوژرا ۰

لە یەکی ئایاری ۱۸۸٦ دا ، یەکێتی پیشە ریکوپێکەکانو نەقابەکانی کرێکاران لەئەمەریکادا واکاریەکیان پێشکەش کرد ئەویش ئەوەبو کە کاتی ئیش کردن ببێت بەهەشت سەعات ۰

وە یەکی ئایاری ۱۸۸٦ تەرخان کرا بۆ داواکردنی ئەم مافە ۰ ئەوە بو لەو ڕۆژەدا کرێکاران کەوتنە سەر شەقامەکان بۆ خۆپیشاندان و بەستنی کۆڕو کۆبونەوەی گەورە و وتار خوێندنەوە ، بەڵام ئەو ڕۆژەشتیك ڕووی نەدا ۰

لە ڕۆژی سێیەمدا ، واتە لەسێی ئایاردا لەکاتی خوێندنەوەی وتارێك لە ناو کۆڕێکدا تاقمێ کرێکاری مان نەگرتو خۆیان کرد بەناوپاندنداو بوبە شەڕە مستەکۆڵەو هەڕا ، پۆلیس خۆی تێهەڵقورتاند ، لە کۆتاییدا چەندیاساوڵێکو چەندکرێکارێك کوژران ۰ لە ئیوارەی داهاتودایسان کۆبونەوە بەستر بۆ نارەزایی دەربڕین بەرامبەر دەستدرێژی پۆلیس ۰ بەڵام دیسان پۆلیس خۆیان کردەوە بەناو کرێکارانداو داوای بڵاوە بونی لێ کردن ۰

لەوکاتە دا لەپڕ بۆمبایەک تەقیەوە لەناو پۆلیسەکاندا بەم جۆرە شەڕ هەڵگیرسایەوەو لەئەنجامدا پۆلیسێکو شەش کرێکار کوژرانو سەد کەسیک بریندار بونو چەندین کرێکارو سەرکردەیانیان گرت بە تاوانی تەقاندنی بۆمباکەو هێرش بردنە سەر پۆلیسو دران بە دادگا ،وە دادگاش حوکمی چوار سەرکردەی کرێکاری بەمردنوئەوەبو لە تشرینی یەکەمی ساڵی ۱۸۸۷ دا ئەو چوار سەرکردەیە : دواجست سپیز ، ئەلبێرت پارسونز ، ئۆدۆلف فیشەر وە جۆرج ئیڤل لە سیدارە دران ۰

کەچی لەپاشدا دەرکەوت سەرمایەدارەکان بۆ بیانو دۆزینەوە ، بۆمباکەیان فرێ داوەتە ناو پۆلیسەکانەوە ۰

لە ساڵی ۱۸۸۸ دا کۆنگرەی یەکێتی نەقابەکانی فەرەنسا کە لە بۆردۆ گیرا بریاری‌دا یەکی ئایار بکرێت بە جەژنی خەباتی کرێکاران ۰ هەروەها یەکێتی کاری ئەمەریکا بێ ئەوەی ئاگاداری ئەو بڕیارە بێت، ئەمیش لەکۆبونەوەیەکی تایبەتی خۆیان هەبو بۆ ئەم مەبەستە

کرێکاران بە سەرکردایەتی نەقابەکانیان گەلێك مانگرتنیان لە ساڵانی ۱۸۷۰ تا ۱۸۹۵ ڕێکخست لەگەڵ هەندێ چالاکی شۆڕشگێرانەتر ۰ کەگرنگترینیان ئەمانە بون : لە ساڵی ۱۸۷٤ دا کرێکارانی خەڵوز مانیان گرتو لە ئەنجامدا (۱۰) سەرکردەی کرێکاران لە سێدارە دران ۰ وەهەر لەو ساڵەدا کرێکارانی ئاسن لەسەرانسەری ئەمەرێکادا مانیان‌گرت ۰

کرێکارانی خەتی ئاسنین لە ساڵی ۱۸۷۷ دا مانیان‌گرتو بۆ

ڕای گشتی جیهان ڕژێمی شا تاوانبار ئەکات

ئیمزاکرد ، تیایا نوسیویانە :

(ئێمە کە ڕێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤین ، بۆ هەموو جیهانی ئاشکرا ئەکەین ، کە ئەگەرچی دەوڵەتی ئێران بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤی ئیمزا کردوە ، بەڵام لەو محاکمانەی کە تا ئێستە لە تارانا کراوە ، وە لەمەحکەمەکردنەی ئەو نیشتمان پەروەرانەی ئێستا لە بەردەم دادگادان وە یان حوکم دراون ، هیچ سەرەتایەکی مافی مرۆڤ پەیڕەوی نەکراوە ۰ ڕەچاو نەکردنی بچوکترین مافی مرۆڤ لەدادگاکانا ، ڕاستیەکە کە چاودێری کەرانو ڕۆژنامەنوسانیش ئاگاداریەن ۰

ئێمە ناڕەزایی خۆمان دەربڕین بەرامبەر ئەو دەسەڵاتە نائاساییانەی بەدادگای عەسکەری دراوە ۰ ئێمە بە ناوی ڕەوشتو ئایینزو مافی مرۆڤەوە داوا ئەکەین کە دەست هەڵبگرن لە نازاردانی بەندە سیاسیەکانی ئێران ۰

داوا ئەکەین کە دادگای ئاشکراو ئاسایی و قانونییان بۆ دابنرێ و مافی دفاع کردنیان لێ نەسەندرێ ۰ هەروەها داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمەکانی اعدام ئەکەین ۰)

جگە لەم بەیانە گرنگە ، بە دەیان حیزبو ڕێکخراوی جیهانی بەیانیان دەرکردوەو ناڕەزایی خۆیان دەربڕیوە دژی دڕندایەتی ڕژێمی شا ، کەوا ناوی هەندێکیان ئەنوسین :

باڵی چەپی حیزبی کرێکارانی بەریتانیا ـ حیزبی کۆمۆنیستی بەریتانیا ـ یەکێتی قوتابیە کۆمۆنیستەکانی ئەڵمان (م۰ل) ـ حیزبی سۆشیالیستی ئیتالیا ـ بەرەی پەرلەمانی حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمان لە برمن ـ یەکێتی نەقابەیی دیموکراتیەکانی کرێکارانی فەرەنسا ـ کۆمیتەی مەرکەزی بزوتنەوەی دوژمن بە فاشستی یۆنان ـ ـ مارکسیست لینینستەکانی (ئۆمانیتەی سور) لە فەرەنسا ـ یەکێتی گشتی قوتابیانی سۆشیالیستەکانی نەمسا ـ یەکێتی گشتی قوتابیانی فەلەستین لە ئەڵمانیاو نەمسا ـ ۰

هەروەها بە دەیان گەورە پیاوی ئازادیخوازی جیهان بروسکەی پشتگیریان نارد وە بۆ کۆنفدراسیۆنی جیهانی خوێندکارانی ئێرانو بروسکەی ناڕەزایی خۆیان گەیاندۆتە ڕژێمی شا ، کە لەوانە :

بەرێز سەرۆکی قەشەکانی پاریس (وە دەیان پیاوی ئایینی کاسۆلیکو پرۆتستانت لە فەرەنساو ئەڵمانیاو ئیتالیا) ـ ئەبرناتی (جێگری ڕەسمی مارتن ئۆسەر کینگ) ـ مك گارون ، نوێنەرێکی حیزبی دیموکرات لە پەرلەمانی ئەمەریکادا ـ بلوخ، فەیلەسوفی بە ناوبانگی ئەڵمان ـ شازدە نائیب لە پەرلەمانی سوید ۰

جگە لە مانەش چەندەها گۆڤارو ڕۆژنامە لە ئەوروپاو ئەمریکاو سەرانسەری جیهانا تاوانەکانی شایان خستۆتە ڕوو وە بە توندی ناڕەزایی خۆیان دەربڕیوە ، کە لەوانە :

ڕۆژنامەی ئۆمانیتیی فەرەنسایی ـ داگنز بیوتری سویدی ـ ژورنال دۆژنوی سویسرایی ـ ڕۆژنامەی ڕود کوربری ئەڵمانیو دەیانیتر

وەرگێڕانی هاوکاری لە ڕۆژنامەی (پەیمان)ی کۆنفدراسیۆنی جیهانی قوتابیانی ئێرانەوە

ئەدەب وژیان

ئەدەب وژیان

ئەدەب وژیان

ئەدەب وژیان

- ئەوە چی دەکەی .. بەلەپت ئاو بۆ کوێ دەبەی؟!!.. دەوەرە ، وەرە .. بابرۆین ..

سەبەتە نانەکەی نایە بانسەری و کەوتە ڕێ .. سێوچوار هەنگاو ڕۆیشتن .. زەلامێکی سك پەنماو نەرگیلەیەکی بەدەمەوە بوو .. لە ناو چایخانەکەوە ، بانگی لێ کرد ، بۆ ئەوەی نانی لێ بکڕێت ..

کێشەیەکی بێ ئەنجام

کەرکوك : حمید خان

- چەند نانت دەوێت؟..
- بەچەندە ؟
- قوربان بۆچی خۆت نازانیت ؟!!

بەڕێ وەڵلا دەزانم .. بەڵام ئەم نانەی تۆ ، دیارە وەك نانەکانی تر نیە ..

- ڕۆڵە .. چوار نانم دەوێت .. ئەگەر یەکی بە حەوت فلس بۆمی دادەنێت دایبنێ ..
- نابێت ..
- نابێت بە چەهەننەم .. نابێت بە حەوت تەبەقەی ئەرز! بڕۆیتە خوارەوە ..

سەبەتە نانەکەی هەڵگرتو نایە سەری .. پارچە نایلۆنەکەی بە سەر سەبەتە نانەکەی کێشا هەندێ ڕۆیی.. سەبەتە نانەکەی بە دەستە ریچەکەی گرتی .. تا وەکوو لەگەڵ کاروانی بایەکەدا جرت‌وفرت نەکات .. سەرما تا دەهات چرنووکی لێ دەگرت.. خوێنی ناو دەمارەکانی ڕادەچەڵەکان .. ئیتر چاوی هەڵنەدەهات ..

کە پێی نایە سەر جادە ڕووەوشەکە ، بۆ ئەوەی بپەڕێتەوە .. حەیتەیەکی سێ خەت لەقۆل .. لە پیلی گرتو تەڕاندی ..

- کوڕە ، ئێوە کەی بە پیاو دەبن ؟!! بە قەبری غەوس ئەگەر بەدەستی من ببوایە ، هەموو تانم لە قیر دەگرتو فڕێتانم دەدایە ناو بیرو بە هەندێ نەوت هەموو تانم دەسووتاند ..

دڵانەکانی بە یەکدا ساوی ... جێرەجێڕی کەوتە خوارەوە . ئەو چەپۆکە ووشکە شەقبووەکەی بە بنا گوێدا هاڵی .. سەبەتە نانەکەی بە خۆی و جانچۆلکیەوە لە سەری جادەکەدا نووستن ... ئۆتەمەبیلە زەبەلاحەکەی زبل کێش ، بە بێ بەزەیی هەمووی فلیقاندەوە .. بۆ لای قومسیرەکەی برد .. پێی کوتا بەزەوی و دەستی لەلای گوێچکە شینەکەیدا قیت کردەوە

- گەورەم .. یەکێکی ترمان هێنا ..
- کوانی ؟..

ئەمەتانی ..

- باشە بزانە چی لەگیرفانیدا هەیە .. دەری بێنەو بەرەڵای بکە ..

.....

دەمو چاوی وەك لبادی کۆن زەرد هەڵگەڕا .. باوەژنەکەی بە خۆی و چارەگرژەکەی و دار دەڕابەکەی دەستی .. لەبەر دووچاوە تەڕەکەیدا کوتومت ، وەك تۆپەڵە قوڕ .. لەدیوارە گەچەکەدا چەقی ..

- کوانی .. کوانی .. پارەکەت .. چیت لێ کرد .. دەبێ ئەمشەو لەدەرەوە بخەویت .. دەزانم پارەکەت بەچی داوە .. دەزانم بەچی.. دەزانم بە چیت !..

.....

لەگەڵ خۆیدا کەوتە دووان

- دەباشە چی دەکەی ؟!
- ناڕۆمەوە ..
- بۆ کوێ دەڕۆیت ؟.. لەکوێ دەخەویت ؟!

بەهیرەك

- لە مزگەوتێ .. یا ..
- نا .. نا .. دەچمەوە.. باشە بچمەوە .. ئەی پارە ؟! هەندێ قژە ئاڵۆزکەکەی بەدەستە لەرزۆکەکەی هەڵگڵۆفی ..
- ئەمجارە زانیم .. بەڵێ .. زانیم .. کێ دەزانێ ؟ سەری دانەواند .. کەوتە ڕێ ..

دەستێکی توند لە شانیدا چەقی .. وەك بەرق هەڵبڵۆقایەوە .. سەیری کرد .. وەستاکەیەتی چاوی زەق بووە .. لێوی لەرزی ..

- کوڕم .. بەم شەوە چی دەکەی لێرە ؟!!.. بۆ نەڕۆیشتووینتەوە ؟!!
- وەستا .. ڕۆیشتمەوە .. بەڵام .. بەڵام .. ویستم لە دوکاندا بخەوم .. چونکە .. وەستا .. بەیانیان .. کە دێم .. لەرێگادا سەرمام دەبێت .. بۆیە ویستم .. ویستم .. لە دوکاندا بخەوم..
- باشە کوڕم .. باشە ..
- ئۆخەی .. هێشتا هەر ئێوارەیە .. تا وەڵلا !!..

تازە بانگی عیشای داوە .. تاوەکوو وەستام دێبت .. هەرچی لە دەخیلەدا هەیە دەری دێنم .. نا .. نا .. گشتی دەر ناهێنم ...

بەڵام.. تەنها سێ وچوار ڕوبعی تیا دەردێنم ..

- ئای !!! .. ئەمە چیە!.. بزانم .. پارەکە .. دیار نییە !
- ها !!.. وا بزانم لەناو ئاردەکەدا شاردوێتەوە .. ئاە !!.. لێرەش نییە !..

خەو وەك جلەکۆنێکی قورس خۆی بەقەدی ئاڵاند .. لەبن فەردە ئاردەکاندا خەوی لێ کەوت .. دوای ماوەیەك .. وەك کەرتە شاخ خۆی هەڵدایە سەر تەنەکەکاندا .. ڕما .. وەك شێبت ڕاپەڕی و قیژیکە لێ هات .

- لە مزگەوتێ .. یا ..
- نا .. نا .. دەچمەوە.. باشە بچمەوە .. ئەی پارە ؟! هەندێ قژە ئاڵۆزکەکەی بەدەستە لەرزۆکەکەی هەڵگڵۆفی ..
- ئەمجارە زانیم .. بەڵێ .. زانیم .. کێ دەزانێ ؟ سەری دانەواند .. کەوتە ڕێ ..

دەستێکی توند لە شانیدا چەقی .. وەك بەرق هەڵبڵۆقایەوە .. سەیری کرد .. وەستاکەیەتی چاوی زەق بووە .. لێوی لەرزی ..

- کوڕم .. بەم شەوە چی دەکەی لێرە ؟!!.. بۆ نەڕۆیشتووینتەوە ؟!!
- وەستا .. ڕۆیشتمەوە .. بەڵام .. بەڵام .. ویستم لە دوکاندا بخەوم .. چونکە .. وەستا .. بەیانیان .. کە دێم .. لەرێگادا سەرمام دەبێت .. بۆیە ویستم .. ویستم .. لە دوکاندا بخەوم..
- باشە کوڕم .. باشە ..
- ئۆخەی .. هێشتا هەر ئێوارەیە .. تا وەڵلا !!..

تازە بانگی عیشای داوە .. تاوەکوو وەستام دێبت .. هەرچی لە دەخیلەدا هەیە دەری دێنم .. نا .. نا .. گشتی دەر ناهێنم ...

بەڵام.. تەنها سێ وچوار ڕوبعی تیا دەردێنم ..

- ئای !!! .. ئەمە چیە!.. بزانم .. پارەکە .. دیار نییە !
- ها !!.. وا بزانم لەناو ئاردەکەدا شاردوێتەوە .. ئاە !!.. لێرەش نییە !..

خەو وەك جلەکۆنێکی قورس خۆی بەقەدی ئاڵاند .. لەبن فەردە ئاردەکاندا خەوی لێ کەوت .. دوای ماوەیەك .. وەك کەرتە شاخ خۆی هەڵدایە سەر تەنەکەکاندا .. ڕما .. وەك شێبت ڕاپەڕی و قیژیکە لێ هات .

پەیڕەوی مێژوویی بەتایبەتی

یەکی گرنگ لە تایبەتی‌یەکانی ڕیالیزم ئەژمێردرێ ، بەوەی کە یارمەتی ئەدەبی ڕیالیزمی‌دا بۆ تێگەیشتنی ڕابوردو . بۆ یەکەم جار پەیڕەوی مێژویی لە چیرۆکە مێژوییەکانی (فۆلتێرو سکوت) و لە کارە ئەدەبییەکانی (پۆشکین)دا دەرکەوت کە بە دامەزڕێنەری ڕیالیزم لە ئەدەبی ڕوسیادا ئەژمێردرێ .. وە بە ڕێکەوت نیە کە بە پێنوسی (پۆشکین) چیرۆکی سەردەم (یفغینی اونیغین) نوسرابێ . تابلۆیەکی کۆمەڵی ڕوسیامان ئەداتێ .. (لە ساتێکی گرنگی پێشکەوتنیا) بەپێی وتەکەی ڕەخنەگری ڕوسی بەناوبانگ بلینسکی .

گۆرکی کاتێ ئاوڕی لە پەیڕەوی مێژویی داوە کە باسی چیرۆکی‌کەی پۆشکین (یفغینی اونیغین)ی ئەکرد .. (جگە لە جوانی‌یە بێ‌هاوتاکەی ئەم چیرۆکە ، بەنیسبەت ئێمەوە ، گرنگترە لە وەسیقەیەکی مێژوویی چونکە پۆشکین ئاشکراتر لە دەیەها کێتێبی مێژوویی ، وێنەی سەردەمەکەی خۆی کێشاوە) .

پەیڕەوی مێژویی بوە هۆی دروستبونی جۆرێکی تازەی چیرۆکی مێژویی لە ئەدەبی ڕیالیزمی‌دا .. ئەو چیرۆکەی لە قۆناغی ئەدەبی ڕیالیزمی سوشیالیستیدا پەڕەی سەندو بۆزایەوە .. لێرەوە پەیڕەوی مێژویی بوە تایبەتی‌یەکی گرنگ لە تایبەتی‌یەکانی ئەم ئەدەبە .

ئەوەی لە مێژوی ئەدەبی سۆڤیەتیدا دیارە ، ڕەخنەگەری گۆرکی‌یە لە چیرۆکی سیرافیمۆفیشتی (کرێکاری کانگا بچوکەکە) ، کە وەك پەردەدانەوەیەك بو بەسەر نەو (ڕیالیزمی ڕەخنەگری)یەی نەیئەتوانی داواکاریە زۆرەکانی سەردەم وەدی بهێنێ .

لۆناتشارسکی ، لە باس کردنی دەوری گۆرکی لە پێشکەوتنی ئەدەبی جیهانی دا ئەڵێ (گۆرکی هەر لە سەرەتای جموجۆڵە ئەدەبیەکەیەوە هەستی بەو شەپۆلە ئیبداعی‌یە تازانە کرد کە لە پرۆلیتاریاوە هەڵئەقوڵان .. بۆیە خۆی پێ بەستەوە وشەی ئەدەبی‌ی بەخشیەئەم شەپۆلانەو لە بەرەبەیانی بزوتنەوەکەمانا بوە نوسەری پرۆلیتاریای مەزن) .

پێشکەوتنی ڕوداو مێژوییەکانو ڕەوتی‌هێزەداهێنەرەکانی چینی تازە بەرەو (سلطە)و خەبات کردن لە پێناوی گۆڕینێکی بنەڕەتی‌ی کۆمەڵ .. ئەمانە سنوری ئەدەبی گۆرکی‌و سیمای شۆڕشگێڕی ئەم ئەدەبەیان دیاری‌کرد .

پەیڕەوی مێژویی ، لە ڕیالیستی ڕەخنەگریدا ، دو پێوانەی زەمەنی هەبو: ڕابوردوو ئێستا ، بەڵام گۆرکی پێوانەی سێیەمی هێنایە ناو ئەدەب کە (داهاتو) یان (دوارۆژ)ە ، وە ئەمە بوە هۆی ئەوەی کە گۆرکی بتوانێ لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا کۆمەڵە پاڵەوانێکمان پێ‌نیشان‌بدا ، وەك (نیل - بافل فلاسوف ، سینتسوف) کە هەر یەکەیان خاوەنی ئاستێ‌یەکی مێژویی بون .

وردی‌ی ئاستۆی مێژویی و هەوڵدان بۆ دیاری‌کردنی دوارۆژو (خەبات‌کردن لەپێناوی‌گۆڕینی ڕژێم ، باوەڕ بەوەی کە (ئیمەی کرێکار سەرئەکەوین) ئەمانە ئەم پاڵەوانانە جودائەکەنەوە لە پاڵەوانە ئیجابیەکانی تری ناو ئەدەب .

گۆرکی بەم هەڵبژاردنە توانی بەردی بناغەی قوناغێکی نوێی دانا کە (ڕیالیزمی سوشیالیستی‌یە) . گۆرکی‌ئەڵێ، ناوەڕۆکی تازەی پاڵەوانی ئەدەبی ، بەچاوێکی پێشکەوتوانەی سەردەمی خۆی‌ئەکرد .. بەڵام ئەم هەڵوێستە لە ئەدەبی ڕیالیزمی‌سوشیالیستی‌دا هەڵوێستێکی تەواو نەبو .. بەڵکو ئەبوایە پاڵەوان لە شوێنێکی بەرزتر لە شوێنەکانی سەردەمی خۆی بوەستێ‌و لە ڕوانگەی مرۆڤی دوا ڕۆژەو سەیری جیهانی دەوروپشتی بکا ئەم سیفەتە تازەیەی پەیڕەوی مێژویی ، نەك هەر کارئەکاتە سەر بوژانەوەی‌چیرۆکی مێژویی لە ئەدەبی ڕوسیادا ، بەڵکو ئەبێتە هۆی پێشکەوتنو توانەوەی ئەم جۆرە چیرۆکە لە بۆتەی ئەدەبی‌گشت میللەتانی تری یەکێتی سۆڤیەت .

چیرۆکی مێژویی لە ئەدەبی سۆڤیەتی‌دا ، لەگەڵ ئەوەو چیرۆکانەی باس لە ڕوداوەکانی هاوچەرخ ئەکەن.کارتێکردنێکی ئەوتۆیان بەسەریەکەوە هەیە

بۆ نمونە : کارتێکردنی(لێشاوی ئاسنین)ی سیرانیوفیتش بەسەر چیرۆکی تشابیغین (ستیبان رازین) ، کارتێکردنی چیرۆکی (ساڵی هەژدەهەم) بەسەر چیرۆکی (بطرسی یەکەم)ی ئەلکسەندەر تولستۆی .

ئەتوانین تەفسیری ئەوە پەیوەندی‌یە زیندوە بکەین کە چیرۆکی مێژویی ئەبەستێتەوە بەو چیرۆکانەی ڕوداوە هاوچەرخەکان ئەگێڕنەوە .. بەوەی کە پەیڕەوی مێژویی لە ڕیالیزمی سۆشیالیستی‌دا چۆنیەتی‌یەکی تازەی وەرگرتوە .

پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری سوشیالیستی ، نەك هەر گرنگی‌دان بە ڕابوردو بەڕەی سەند .. بەڵکو پێویستی‌ی شی‌کردنەوەی هەمو ڕووداوێك بەشێوەیەکی‌مێژویی‌و دەرخستنی پەیوەندیەکەی لەگەڵ ڕوداوەکانی‌ترو دیاری‌کردنی جێگەی لەمێژوا (مێژو بەهەر سێ ئەبعادیەوە)پەیدا بو .

گۆرکی بڕوای بەئەدەبێکی بێ‌مێژو نەبوە ، وە بەرهەمەئەدەبی‌و وتارەکانی (گەشتێك لە ولاتی سۆڤیەتا) (مێژوی کارگەکان) و هی‌تر ئارەزویمان بۆ دەردەخا لە بەستنەوەی ئەلقەکانی مێژو لەیەك زنجیرەدا ئەوانەی لە ئەدەبی (گۆرکی) یان کۆلیوەتەوە کە دێنە سەر باسی پەیڕەوی مێژویی ، (ڕیانی کلیم سامغین) و بەشێك لە (دایك) ئەخەنە ڕیزی یەکەمی ئەم باسەوە .. بەڵام پەیڕەوی مێژویی لەلای گۆرکی تەنیا وێنەگرتنو ڕەنگدانەوەی ڕووداوە مێژوییەکان نیە .. بەڵکو بناغەی یەکەمی دروست بونی هەمو بەرهەمەکانیەتی

با سەیری شانۆگەریەکانی گۆرکی بکەین .. ئەبینین باسی لە (کارەسات - مأساة) نەکردوە ، بەڵام هەمویان بەرگێکی کارەساتیان لەبەرایە .. کارەساتیش لەم شانۆگەریانەدا لەوەدایە کە ناکۆکی‌ی ڕۆژانەی ئاسایی پەیوەستە بەچەند ڕوداوێکی مێژوی‌یەوە کە ئەمیش بەستراوەتەوە بەڕوداوەکانی شۆڕش ..

بەم‌پێیە پەیڕەوی مێژویی بەچۆنیەتی‌یە تازەکەیەوە ، عونسوری داهێنانو نوێکردنەوەی هێنایە ناو شانۆگەریەکانی گۆرکی .

ڕەخنەگری سۆڤیەتی (ئوفیتش . ی.) بەشداری لە گۆرکی (تاکیدەکەی) ی سەرکەوتنی تاکە مەزنەکانی ئەکرد .. وە بەشانازیەوە سەیری دەوری‌گەورەیانی ئەکرد لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتی‌دا .. وەك (لیونارد دافنشی - کامبیلا - غاریبالدی - بطرسی یەکەم - لینین - لۆمۆمبا) مانەو نمونەی‌ترو ئەمانەو لە سەردەمێکو لەبارێکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌ی دیاری کراودا پەروەردە بونو بونە هەڵگری‌مەشخەڵی‌بیری‌پێشکەوتو لەسەردەمەکەیانا وە ناوەڕۆکی ئەم سەردەمەیەیان تەحدیدکرد .. بەڵام ئەم عەمەلیەتە دورە لە (عەفەوی) یەتەوە .

دورکەوتنەوە لەشی‌کردنەوەی مێژویی‌ی مەوزوعی .. وە دورکەوتنەوە لە تەفسیری مێژو بەهەرسێ‌پێوانەو ئەبعادەکانیەوە ئەبێتە هۆی حوکمدانێکی ناهەق‌وهەڵە .

نوسینی : ئەلکسەندەروفا . ل.ب. وەرگێڕ : ڕێزان

مەکسیم گۆرکی

وە پەیڕەوی مێژوویی لە ئەدەبی سۆشیالیستدا

تاکە مەزنانە - لە بەرهەمەکارە ئەدەبیەکانیدا - لە ئەنجامی بارو زروفێکی مێژویی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوریەوە دەرئەکەون .

(۱) لە گۆڤاری (الموقف الادبی)ی یەکێتی نوسەرانی عەرەبەوە - دمشق - وەرگیراوە، کە - نزار عیون السود - وەریگراوەتە سەر زمانی عەرەبی .

زمارە - ۱۱ - ساڵی یەکەم .

کۆریکی ئەدب لەهەولێر

یەکیەتی نوسەرانی کورد - لقی هەولێر - هەفتەی ڕابردو کۆڕێکی ئەدەبی‌ی‌بەست دەربارەی شاعیری کوردپەروەر (عبدالخالق شێخ حەسێن بەرزنجەی - ئەئیری -) .

ئەم کۆڕە لەلایەن ماموستا کەریم شارەزاوە پێشکەش‌کرا بەهاوبەشی‌ی کاك مەدحەت بێ‌خەوو مومتاز حەیدەری .

کۆڕەکە بەگفتوگۆی سود بەخش‌و لیکولینەوە تریکەی دوسەعاتی خایاند .

سەرنجێك

لە ژمارەی پێشوی « هاوکاری »دا بە هەڵە ناوی کاك « سامی شۆڕش » لە گۆشەی « لەگەڵ خوێندەوارانا» نوسرابو ... ببورن .

بابەتی وشەکان

بەرەو گەشتەکانی زەردەشت -

نالەی کەساسەکانی هاتەوەبیر .. پەرستگاکەی جێهێشت .. گەشتە بێ‌کۆتایی یەکەی‌دەستپێ‌کردەوە ..

بە گەروی دۆلەکەدا ، لەگەڵ هەنگاوەکانیا ، خۆر ئەکشاوو شەوگاری شەق ئەکرد ..

لەگوندە بێ‌نازەکەدا ، لەماڵە جودابوەکەی بەرمالاّن منالێکی ساواو لەخەو هەستابو ، گڕوی گرتبو بۆ نان .. دایکی گەلێ تەقەللای‌ئەدا بیخلەفێنێ‌و- هەتا بەزەیی یەزدان کارێك ئەکا - بڕسێتی‌یەکەی لەبیر بەرێتەوە.. لەناکاوێکا بزەیەکی شێوە فریشتەیی کەوتە سەرلێوانی.. دایکیش زەردەخەنەی شادی گرتی ..

- زەردەشت دێت ..

فرمێسکێك لە چاوەکانی‌زەردەشتەوە کەوتە سەر زەوی .. بروسکەیەك لە ئاسماناچەخماخەی کردو پەلە هەورێکی ڕەش توایەوە .. بو بە ڕێژنەبارانێك‌و ڕژایە سەر بەلەکە گەنمێکی تازە شین‌بو کە بێ‌بارانی بەهار سیسی کردبو ..

- بەڵێ زەردەشت .. دێ بۆلاتان .. بەڵام ناتوانێ نان بەخشێ بە منالەکانتان .. ناتوانێ تێرتان کات ..
- زەردەشت دێ ڕێگای- نان - تان نیشان ئەدات .
- پێتان ئەڵێ بۆچی برسین‌و.. چۆن تێر ئەبن ..
- پێتان ئەڵێ بۆچی‌زامدارن‌و .. چۆن خۆتان تیمار ئەکەن ..
- ئەی دایە گیان .. زەردەشت ناتوانێ - پارو - دروست بکا بۆ دەمی منالەکانت.. بەڵام فێرت ئەکات چۆن منالەکەت بە چەشنێك ڕابهێنێت کە نەیەڵێت - ڕۆڵەکەی ئەو برسی‌و چەوساوە بێت .
- زەردەشت پێتان ئەڵێت.. بیری چاك .. وتەی چاك .. کردەوەی چاك .

کەمال میراودەلی

پاشماوەی : گارگەی جگەرەی سلەیمانی ..

کردوە کە نزیکەی ملیونیك دیناری تێ ئەچێت‌و لەتەواو بوندایە ، ئەم کارگەیە توانای ئەوەی ئەبێت بەشەفتیك ئێش‌کردن نزیکەی ۱۰ ملیون جگەرە کە ئەکاتە ۲۵ هەزار گلۆز جگەرە بەرهەم بهێنێت .

وە هەروەها ناوبراو ڕاش گەیاندوە کەوا چاوەڕوانئەکرێت کارگەی جگەرەی هەولێر لەکۆتایی ساڵی داهاتوا دەست بکات بە دروستکردنی جگەرە ، کە ئەویش نزیکەی‌ی ۲ ملیونو ۷۵۰ هەزار دیناری تێ‌ئەچێت .

پاشماوەی : یەکی ئایار چۆن بو بە جەژن

دەستدرێژی سەرمایەدارە چاوبرسیەکانی تیا ئەکەنەوە ، هەروەها بەلێنی تازە ئەکەنەوە کە درێژە بەن بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆیان بۆ یاراستنی دەستکەوتەکانو بەدی هێنانی هەمو ئامانجی چینی کرێکارو دوا ڕۆژێکی خۆشتر بۆ مرۆڤایەتی .

پاشماوەی : گفتوگۆیەك لەگەڵ ئافرەتە میوانەکانی کونگرەدا ..

تەك کۆمەڵانی خەڵکیدا خەبات بۆ ژیانێکی یەکسانی‌و پێشکەوتن‌خوازی ئەکەن .

لەگەڵ خوشکە (مارینا) نوێنەری ئافرەتانی پولونیا .

بە (هاوکاری) وت :

پێشەکی زۆر سوپاسی ئافرەتانی کوردستان ئەکەین بەوەی بانگیان کردین بۆ کونگرەکەیان .. ئێمەی ئافرەتانی پۆلۆنیا بە چاوێکی ڕێزلێ‌گرتنەوە تەماشای ئافرەتانی کوردستان ئەکەین بێگومان بەستنی ئەم کونگرەیە لە ئەنجامی بەیاننامەی ۱۱ی مارتەوە ، واتە بەیاننامەی ئاشتی‌و برایەتی .. وە ئەوەی بۆ ئێمە دەرکەوتوە ئەوەیە کە ئافرەتانی کوردستان بەچالاکی خەبات ئەکەن بۆ بەختیاری گەلی کوردو یەکسانی ئافرەت‌و پیاو .. هیوادارین هەمیشە سەرکەوتوبن .

ممتاز حیدری

من بەتەنیا نیم

ئێستا هەستم بەمەکردوە
بەڵکوو کۆیلەکانی ئەم سەرزەمینە ئەمەنەزانن
زۆرلێ‌کراوانی گێتی‌لەسپی‌و ڕەشەکان
ئەبێ ئەستیان بخەنە ناوەدستمەوە
تاکۆتەکەی پەرستگای‌خوادرۆزنەکان بهێنمە لەرزین
ئەوانەی کە پەیکەری پووکاوەیان تیا قوت‌کراوەتەوە
ئەبێ فەرمانی چاوبرسیەکان لەوێدا کۆتایی‌بێت ..

من بەناوی ملیونەها ڕەشەوە ئەدوێم
ئەوانەی بەرەو کارملیان‌ناوە ..
ئەبێ ئەوانی تر بێ‌دەنگ‌بن
من وتەیەکم هەیە وا دەری‌ئەبڕم
شتیکەو پێویستە بیدرکێنم
گۆرانیەکی بەسۆزەو ئەی‌لێم
«ئەو ڕۆژەی کە پشتم بۆقامچی فرۆشیارەکەم دانەنەواند
ڕۆژیکی ڕەش‌و ناڵەبار بوو، بەرەو نەمان ملی‌ناو ،ڕۆیشت»

ئێستا چاك لەم ڕاستیەگەیشتوم
دەستەکانم کە وەك جەرگی زەوی ڕەشن
هەر ئەم دەستانە ئەتوانن لاشەی ڕەشم ئازادبکەن ..
دزەکان ، داگیرکەرەکان ، پیاوکوژەکان
دوای ئەمڕۆ هەرگیز لەتواناتانا نیە
بەنیگای پیس‌و دەمی درۆ بەئێمە بڵێن
« ئەی ڕەش تۆ بەندەی‌منی‌و منیش خوای تۆم »

لەمەودوا ڕەش‌و سپی یەك‌ئەگرن
لەگێتی کرێکارانداا
ئێستا ئێمە لەمە گەیشتوین
نەمان‌ئەزانی هەمووبراین
دەسا با برایەتیەکەمان بکەین بەهێزیکی پتەو ..
نەمان‌ئەزانی کە ئێمە بەهێزین
ئێستا هەستی ئەوەمان‌کرد کە هێز لەیەکیەتیایە
دەبا یەکیەتیەکەمان ئەو هێزەبێت
کە کۆیلەیی‌و بەندایەتی‌ووردەکات
دەست بەسەر زەوی‌و کارگەکانا ئەگرێت
با بانۆو پاپۆڕو ئامێر ،کانۆ ڕیگای ئاسن
دەرامەتو کومپانیاکان ،بخەینە دەست
تا ئەبین بەخاوەنی هەموهێزی گێتی ..

ئەی کرێکاری سپی
فەرموو ئەمە دەستی‌من
ئێستا هەر دوو لامان بوین
بەپیاوی یەکەس ..

لەئەدەبی زنجیرەوە

لانگستۆن هیوز



ڕەنووف بێ‌گەرد
وەری گیراوە

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەڕیوە بەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی پەسەندی ئەکات

* پێکهێنانی حەوت بەڕێوە بەرایەتی ولێژنەی سەرپەرشتی کردنی پەروەردەیی
* سەرپەرشتی کردنی راستە وخۆی بەرنامەی تەلەفزیۆنی پەروەردە بەزمانی کوردی

سیستەمی نوێ وا ئەبێ

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی ڕۆژی ٣٠-٤-١٩٧٢ دا بڕیاری لەسەر ئەم پەیڕەوەی خوارەوەدا ٠

پەیڕەوی بەڕیوە بەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٧٢

بەندی یەکەم :-

لە وەزارەتی کاروباری ژوورو بەڕیوە بەرایەتیەکی گشتی پێك دێت بەناوی- بەڕیوە بەرایەتی خوێندنی کوردی - یەوەو بەڕێوە بەرێکی گشتی خاوەن بڕوا نامەی بەرز ئەیبات بەڕێوە کە لە کاروباری پەروەردەو فێرکردنا شارەزاییەکی تەواوی هەبێتو بەرامبەر وەزیری پەروەردە لێپرسراوئەبێ لەو کاروبارانەیدا کە لەلایەن دەستەی نەخشەکێشان یان ئەنجومەنی پەروەردەییوەزارەتی پەروەردەوە دەست نیشان ئەکرێت بۆجێبەجێ کردنی نەخشەو بەرنامەکانی پەروەردە ٠

بەندی دووەم :-

١ - بەڕیوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی لەم بەڕیوەبەرایەتیانەی خوارەوە پێك دێت :

١ - بەڕیوەبەرایەتی پەروەردە ٠
٢ - بەڕیوەبەرایەتی هۆبەکانی فێرکردن ٠
٣ - بەڕیوەبەرایەتی بەرنامەو کتێب ٠
٤ - بەڕیوەبەرایەتی ڕێبەری و کاروباری خۆیی ٠
٥ - بەڕیوەبەرایەتی ژمێریاری ٠
٦ - بەڕیوەبەرایەتی تەجهیزات ٠
٧ - دەستەی سەرپەرشتی پەروەردەو مەشق لەکاتی خزمەتدا ٠
٨ - بەڕیوەبەرایەتی سەرژمێریاری و پێداچونەوە ٠

دواوودەزگاکانی بەڕیوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردیو ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی پێوەی بەستراوە لە چەند فەرمانبەرو موچەخۆرێك پێك دێن کە میلاکەکانیان دیاریان ئەکات

بەندی سێیەم :-

بەڕیوەبەرێکی خاوەن بڕوانامەی بەرز بەتوانای وا ئەیبات بەڕێوە کە شارەزایی تەواوی هەبێت لە کاروباری فێرکردناو ئەرکەکانیشی بزانێت ئەبێت لە مانەی خوارەوە :-

أ - سەرپەرشتی کردنی دەرس وتنەوە لەو قوتابخانانەدا کە بەزمانی کوردی ئەخوێنن ٠

ب - هەوڵدان بۆ پێشخستنی کاروباری پەروەردەو ئاراستە کردنی لەهەمو قۆناغەکانی خوێندنا ٠

ج - چاودێری کردنی خوێندنی زمانی عەرەبی بەپێی ئەو بەرنامەیەی بڕیاری لەسەر دراوە ٠

د - هاندانی چالاکی قوتابیەکان ٠

هـ - سەرپەرشتی کردنی کتێبخانە بەلگەییەکانی بەڕیوەبەرایەتی گشتی ٠

وـ ڕێکخستنی لێکۆڵینەو بۆ پێشخستنو گەشەپێدانی زمانی کوردی

بەندی چوارەم :-

(بەڕیوەبەرایەتی هۆبەکانی فێرکردنو بەرنامەکان) ٠

بەڕیوەبەرێکی خاوەن بڕوانامەی بەرز لەیاسادا ئەیبات بەڕێوە کە شارەزایی لەکاروباری بەڕیوەبردنا هەبێتو ئەرکەکانیشی بریتی ئەبێت لە مانەی خوارەوە :-

أ - ڕێکخستنی میلاکی فەرمانبەرو موچەخۆرەکانی بەڕیوەبەرایەتی گشتیو ڕێك خستنی فایلو پێناسینەکانیان

ب - سەرپەرشتی کردنی کاروباری چاپو ئەوراق ٠

ج - ڕێکخستنی بەڵێنو ڕاوێژکردنی یاسایی ٠

بەندی شەشەم :

بەڕیوەبەرایەتی ژمێریاری :-

بەڕیوەبەرێکی خاوەن بڕوانامەی بەرز لەکاروباری دارایی و

بڕوانە : ل ٧

٢١٠ هەزار دینار بۆ لێژنەی ئاوەدان کردنەوەی کوردستان

لێژنەی ئاراستەکردن لە ئەنجومەنی نەخشەکێشان ٢١٠ هەزار دیناری تەرخان کردوە بۆ لێژنەی ئاوەدان کردنەوەی کوردستان بۆ چاکردنی نەلی تەلەفونی ناوچەکانی ژوروو ٠

گرفی عێراق لەهەرەشەی بێگانە سڵ ناکاتەوە

کۆمپانیا ڕۆژ ئاوایەکانی نەوتی عێراق هەفتەی ڕابوردو نارەزایی خۆیان دەربڕیوە دژی عێراق وهەڕەشەی ئەوەیان کردوە کە شکات لەعێراق ئەکەن چونکە عێراق خۆی نەوتی ڕمیلەی دەرهانیوەوفرۆشتوویەتی :

کۆمپانیە ڕۆژئاوایەکان سەرەڕای ئەو گۆڕانە گرنگانەی لەعێراقدا ڕوی داوەو پێشکەوتنی بزوتنەوەی نیشتمانیو هوشیاری گەلی عێراق بەکوردو عەرەبو هەموو کەمایەتیەکانیەوە سەرەڕای ئەمانە هەمو هەر لەخەیالی جەردەیی و تالآنو ڕاوورووتدا ئەژین و هەر بەتەمای ئەوەن هەتا هەتایە دەستی گلاوبان لەداهاتو سامانی گەلی عێراقدا بێتو ئابوری عێراق بپەستن بەپاشکۆی خۆیانو دەولەتە ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاواوە ٠

هەق وایە کومپانیەڕۆژئاواییەکان کە لەعێراق دائیش ئەکەن لەتاقی کردنەوەی سالانی ڕابوردوی خویانا کەلك وەرگرنو بزانن کە عێراق بەهیچ جۆرێك لەو هەنگاوە پڕوژەی خۆی ناچێتە دواوە وەرەنجی خەباتی سالەهای سالێ خۆی بۆ قازانجو دەستکەوتی چەند ملیاردێریکی تەماعکاری ڕۆژئاوای بەفیرو نادات نەك هەر ئەمە بگرە دەرهێنانی نەوتی ڕمیلە بەدەستی ڕولەکانی گەلی عێراق ئەبێ بە هەنگاوێك بۆ خۆ ڕزگارکردن لە پشت بەستن بە داهاتی نەوتی ئەو بیرەنەوتانەوە کە جارێ ڕۆژ ئاوایەکان دەری ئەهێنن هەروەها ئەبێ بەسەرەتای خەباتێکی کاریگەر بۆ دەستخستنەوەی هەمو بیرە نەوتەکانی ولات لەدەست بێگانەو دەرهێنانی نەوت لەلایەن گەلو حکومەتی عێراقەوە تاکو بەتەواوی سەربەخۆیی ئابوری بەدەست بهێنێ و شورەیەکی ئەستوری پۆلاین بکێشێت بەسەر بەخۆی سیاسی ولاتدا ٠

بێگومان ئەم دەربڕینی نارەزایی و هەرشەیەی کومپانیەکانی نەوتی ڕۆژئاوا دژی عێراق سەرەتای هەنگاوێکە دژی گەلی عێراق کە بە پوچەڵ کردنەوەی پڕوژە سەرکەوتوانەکەی نەوتی ڕمیلە دەستپێ ئەکاتەوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم نیزە گلاوەیان ، بەڵا ئەبەنە بەر هەمو کردەوەیەکی دوژمنانە چەمەیانی ناوخۆو هەریمی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ، یاخەمەیانی دەولەتاندا ٠

هەمو ئەزانین دەولەتەڕۆژئاواییەکان کەقازانجو دەسەلاتیان لەولاتێکدا شلوق بوبێتو کەوتبێتە مەترسی لەناوچەنەوە گرێچو گۆڵ کەوتونەتە هان دانی دەولەتە کونەپەرستەکانو نوکەرەکانی خویان دژی ئەو ولاتە لەگەڵ ئەمەشدا خۆیان ڕاستەوخۆکەوتونەتە دانانی کوسپو تەگەرەو دروست کردنی گیروگرفتی سیاسیو ئابوری بۆ ئەو گەلو ولاتە ٠ نەئانەت هەندی جار پەناشیان بردۆتە بەر لەشکری چەکداری خویانوهاوپەیمانەکانیانو هەلیان کوتاوەتە سەر ئەو ولاتە بێ گوێدانە هیچ ڕەوشت و سروشتێکی مرۆڤایەتیو یاسایەکی دەولەتی ٠

بۆیە پێویستە گەلو حکومەتی عێراق لەهەمو کاتێك زیاتر ئاگاداری پیلانو نەخشەگلاوەکانی دەولەتە ئیمپریالیزمو کومپانیا ڕۆژئاواییەکانی نەوت بێ وە هێزە نیشتمان پەروەرو پێشکەوتن خوازەکان لەجاران زیاتر ڕیزی خۆیان یەك خەنو خەبات بکەن لەپێناوی یەکگرتن دژی هەمو هەرشو پیلانیکی بیگانەوە دلسوزانەو هوشیارانەچارەسەری ناکوکیە ناوحوییەکانی خۆیان بکەن تاکو دەولەتە ئیمپریالیستەکان لەدەرگای ناکوکی ناو خۆیەدزە نەکەنە ناوریزەکانی گەلو زەڤەر بەگەلو ولات بەرن ٠ لەگەڵ ئەمانەشدا هەمو ئەبێ کاربەدەستەکانی ئەم کومپانیانەئەو ڕاستیە بزانن کە گەلی عێراق بەکوردو عەرەب و کەمایەتیەکانیەوە گەلێ لەوە بەهێز ترو هوشیارترە کە لە هەرەشەو گوڕەشەی ڕۆژان بسڵێك هەنگاو بەرەودواوە بنێت بەڵکو بە پێچەوانەی ئارەزوی ئەوان تادێت گەلی عێراق وەرەنجەرانی عێراق خەباتی خویان تیژترو پتەوترکەن لەپێناوی قایم کردنی سەربەخۆی سیاسی و دەسخستنی سەربەخۆیی تەواوی ئابوریو چارەسەرکردنی هەمو گیروگرفتەئەتەوایەتی و چینایەتیەکانی کەئەمانەش بەڕاوە دوونانی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانی ناوخۆو هاتنەدی دواڕۆژیکی باشتر دێنە دی ٠

— وەیس —

پاپۆڕی « بابل » وەرگیراو « سندباد »یش لەم مانگەدا وەرئەگیرێت

پاپوری (بابل) یەکیکە لەو چوار پاپورەی سوفیەت بۆ عیراقی دروستکردە پاپوری ناوبراو پاش ئەوەی ز بەئەدەری ئودیسای سوفیەتی لە دەریایی ڕەش وەرگیر لەڕێ بەندەرەکانی ئینگلتەڕاو ئەوروپای سەروکەوتەڕێ بەرەو خەلیجی عەرەبی بۆ عیراق ٠

پاپوری بابل سێیەم پاپورە لە یەکیتی سوفیەت وەرئەگیرێت و ڕەنگە پاپوری چوارەمیش کە ناوی (سندباد)ە لەم مانگەدا وەربگیرێت ٠

هەریەکە لەم پاپورانە ئەتوانی ١٣ هەزارو ٦٠٠ تەن بار هەلبگرێتو وەهەر یەکە شیان ملیونێك و ٢٥٠ هەزار دیناری تێچوە ٠

ئا٠د٠ع

چەند پڕۆژەیەکی چاکردنو فراوان کردنی دارستان لەکوردستاندا

لە بەرنامەی بەرهەم هینانی ئەم ساڵدا ٩٥٥ هەزار دینار بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارستانەکان تەرخان کراوە بۆ ئەوەی بەشێك لەم پارەیە بۆ جێبەجێ کردنی چەند پڕۆژەیەکی چاکردنی دارستانەکانی کوردستان خەرج بکرێت ، لە مەش ١٥٥ هەزار دینار بۆ چاکردنی درستانە دەستکردەکان و ١٥٠ هەزار دینارێش بۆ ڕێکخستنی دارستانە سروشتیەکان خەرج بکرێت ئەمە جگە لە ١٠٠ هەزار دینار کە بۆ دروستکردنو فراوانکردنی دارستانە نۆی کان و ٢٠ هەزار دینارێش بۆ سەرپەرشتی کردنی گومی ڕوبارەکان خەرج ئەکرێت ٠

جگە لەمانە ئەوپارەیەی ئەمێنێتەوە خەرج ئەکرێت لە جێبەجێ کردنی پڕۆژەی باسکردنی دارستانەکانو شوێنی فێرکردنی پیشەیی لە هەولێرو پڕۆژەی ئەو دارستانانەی پارێزگاری ئەکەن لەگەڵ ئەو دارستانانەی بۆ کات بەسەربردنو ڕابواردنی خەڵکی ناوچەکە باشە ٠

پڕۆژەی سیاحی بەکان لەکوردستان

بەبۆنەی چەژنەکانی نەموزی داهاتووەوە چەند پڕۆژەیەکی سیاحی لە کوردستان ئەکرێنەوە کە ٥٩٤ هەزار دیناریان تێ چوە ٠

ئەم پڕۆژانە دابەش ئەبن بەسەر هاوینە هەوارەکانی حاجی ئومەڕانو سەرسەنگو صلاح الدین دا، لەم پڕۆژانەشدا کردنەوەی فروکەخانەیبامەرنی لە پاریزگای دهوك کە ٢٠٠ هەزار دیناری تێ ئەچێت ئەمە جگە لەوەی کە بنکە سەربازیە کۆنەکانی ئەم ناوچەیە ئەکرین بە خانوبەرەی سیاحی کە ٣٢ هەزار دیناریان تێ ئەچێت ٠

کارگەی جگەرەی سلێمانی لە جیاتی کارگەی « عبودو رافدین »یش جگەرە بەرهەم ئەهێنێ

بڕیاردرا کە لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی داهاتوا کارگەکانی جگەرەی عبودو رافدین دابخرین وە لەمەولا مارکەی جگەرەی غازیو لوکسو تورکی لە کارگەی جگەرەی سلێمانی دروست ئەکرین ٠

مامۆستا کاظم الشیخ سەرۆکی داوو دەزگای گشتی پیشەسازی پێستو جگەرە رای گەیاندوە کە ئەنجومەنی بەڕێوە بەرایەتی داوو دەزگای ناوبراو ئەم بڕیارەی داوە سەبارەت بەوەی ئەم کارگانە لەڕوی ئابوریەوە بێ سودن ٠

ئەمە جگە لەوەی باسی فراوان کردنی کارگەی جگەرەی ئەهلیش

بڕوانە ل ٣

یادی یەکی ئایار لە هەولێر

بەبۆنەی جەژنی یەکی ئایارەوە کرێکارانی هەولێر خۆپیشاندانێکی گەورەیان ڕێکخست ، لەپێشەوە نوێنەرانو جەماهیری لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان ، وەنوێنەرانو جەماهیری ڕێکخراوە کوردستانیەکانو کۆمەڵانی خەڵکی هەولێر ٠

خۆپیشاندانەکە لەبەردەم سەرای هەولێردا بوە کوبونەوەیەکی جەماهیری لەوکوبونەوەیەدا مامۆستا کانبی زەیی بەناوی پارێزگەوە وتارێکی خوێندەوەو دوای ئەم وتاری پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن کاك عزیز عقراویو ئینجا وتاری یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران لەلایەن کاك سعید یحیی خطاطو وتاری حزبی بەعس لەهەولێر لەلایەن کاك عبدالمنعم البادیو ، وتاری حزبی شیوعی لەلایەن جبار حسنەوە خوێندرایەوە ٠

م٠ حەدری







لە ٢٧-٤-١٩٧٢دا ، لەشاری هەولێر ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بەستراو ، بەم بۆنەیەوە نوێنەرانی ئافرەتانیولاتانیعەرەبو دۆست بانگ کرابون ٠٠ ڕۆژنامەی (هاوکاری)یش بە پێویستی زانی لە ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەکەدا چەند گفتوگۆیەك لەگەڵ نوێنەرانی ئافرەتانیئەو ولاتانەدا بکات بەنیازی ئەوەی بزانین تا چ ڕادەیەك ئافرەتانی جیهان ئاگاداری باری ژیانی ئافرەتی کوردن ٠

گفتوگۆیەك لەگەڵ هەندێ لە میوانەکانی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان

لەگەڵ خوشکە ـ سمیرە أبو غزالە ـ سەرۆکی ئافرەتانی فەلەستین ٠

پ : چۆن تەماشای کۆنگرەی ئافرەتانی کوردستان ئەکەن ؟ خوشکە غزالە وتی :

ڕێکخستن داوودەزگای کۆن وردو خاش ئەکاو لەجیاتی ئەو نوێ دانەمەزرێنێت ٠٠ ئەمەش یەکێکە لە پێویستییەکانی چەرخی ئیستامان ٠

وە وتی : کۆنگرەی ئافرەتانی کوردستان نموبەو بەرهەمی ئەو ڕێکخستنەیە ٠٠

وە دەربارەی ئافرەبی کورد وتی : ئەوەی من ئەیبینم ئەوەیە کە ئافرەتی کورد بە توانا و پێشکەوتون ، ئەمەش مایەی خۆشیە ، هیوادارم هەردەم ئافرەتی کورد شوێنی خۆی لە کاروانی پێشکەوتنی گەورەیان بۆ ئامادە بکات ٠

لەگەڵ خوشکە « سعدیە المیرتی » کە ئەویش یەکێکە لە ئافرەتانی جەزائیر ، وتی :

ئەتوانین ئەوە بڵێین نەك تەنیا جیاوازی لە نیوان ئافرەتانی ئیمەو ئێوەدا نیە ، بەڵکو جیاوازی لە نیوان ولاتانی جەزائیرو کوردستانیشدا نیە ٠

لەگەڵ خوشکە (ڕەوشەن بەدرخان)

هەروەها (هاوکاری) لەگەڵ خوشکی بەڕێز «ڕەوشەن بەدرخان)دا گفتوگۆیەکی کۆمەڵایەتیدا بکاتەوە ٠

لەگەڵ سەرۆکی ئافرەتانی جەزائیر خوشکە « شامە بونچی » دا ٠

پ : ئێمە شانازی بە خەباتی ئافرەتانی جەزائیرەوە ئەکەین بەتایبەتی لەکاتی شۆڕشی جەزائیردا ٠ ئایا ئێوە چۆن لە ئافرەتی کورد گەیشتون ؟٠

خوشکە (شامە) وتی :

ئەوەی ڕاستی بێ هیچ چەشنە جیاوازییەك بەگشتی لەنیوان ئافرەتانی جەزائیرو کوردستانا نیە ، ئافرەتانی ئێمە چۆن هاوبەشی خەباتی جەماهیری ڕێکخراوی پارتی بەعس ، ئینجا نوێنەرانو جەماهیری حزبی شیوعی عیراق ئەڕوێشتن ، پاشان سەرکردەکانی یەکێتی ئەقابەکانی کرێکارانو جەماهیری ئەقابەو

لەگەڵ خوشکە « ئیپاتیسەڤە » نوێنەری ئافرەتانی سوفیەت ٠

نوێنەری ئافرەتانی سوفیەت وتی :

زۆر پێخوشحالم بەم سەردانەم لە کوردستان ٠٠ جوانی دیمەنەکانیو شۆخو شەنگی ئافرەتی کورد چەندەها تابلۆی ڕازاوە ئەخەنە پێش چاو ٠٠

هەروەها هەروەکو لە وتارەکەمدا باسم کرد هەستو نەستی ئافرەتانی سوڤیەت بەرامبەر ئافرەتانی کورد ئەوەیە کە دەوری خۆیان لە جولانەوەی ڕزگاریو کۆمەڵایەتیدا بە باشی ئەبینن ٠ وە ئەوەش جێگای دڵخوشیە کە ئافرەتانی کوردستان لە

بڕوانە : ل ٧

بەرپەرەک

هزار ئەشم

خویندنا کوردی لدەڤەرا بەهدینا

د/ رشید حمۆکی

پشتی روژنامە (التآخی) یەهێزا بلاڤکری کو لێژنەیەك دێ هێتە پێك ئینان بوچارەسەرکرنا وان ئاستەنگێت دریکا خویندنا کوردیدا لکوردستانێ دروستبوین و دروستدبن ، مە دیت پێدڤی یەچەند تێبینیەکا بێخینە بەرچاڤ لسەر خویندنا کوردی لدەڤەرا بەهدینا ، نەخاسمە ئەڤ ئاستەنگەنە گەلەداگرانن و رامالشتنا وان گەلەك پێدڤی یە چ بو پێشکەفتنا خویندنێ بزمانێ کوردی لدەڤەرا بەهدیناو چ بو مەسەلا ئێکەتیا زمانێ کوردی کو هیڤیا هەمی کوردەکێ دلسوژو نیشتمان پەروەرە .

وە ڕاوێژکارێکی عەسکەری ئەمەریکا وتویە : شۆڕشگێڕان لەم ڕۆژانەدا چەکێکی نوێ بەکار ئەهێنن کە بڕیتیە لە ساروخێکی جۆری (۱۳۰) ملمو ئەم ساروخە بۆ ماوەیەکی دوور بڕ ئەکاتو لەسێ لاوە ئەتەقێتەوە ٠

وە شۆڕشگێڕانی لاوس لەناوچەی (فونگ سیدون) دلێرانە هێرشیان بردۆتە سەر هێزەکانی حکومەتو زیانێکی گەورەیان لێداوە ٠ لەلایەکی تریشەوە سپیرو ئەگنیوی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا دوای سەردانە کورتەکەی سایگون گەڕاوەتەوە شاری بانکوك ٠ ئەگنیو لە سایگونا لەگەڵ ئیوو ڕاوێژکارانی عەسکەری ئەمەریکا کۆبوتەوە ٠

ڕوێتەر ٠ ئاژانسەکان

کۆنگرەی پشتگیری کردنی گەلانی هیندی چینی

لە ۲۰و ۲۱ی ئەم مانگەدا لە قاهرە کونگرەیەك ئەبەسترێ بۆ پشتگیری کردنی گەلانی هیندی چینی ٠ کۆنگرەکەش کە بە سەرپەرشتی رێکخراوی هاوکاری وڵاتانی ئەفەریقاو ئاسیا ئەبێ، نوێنەرانی حکومەتی وەختی شۆڕشگێڕەکانی خوارو و ڤێتنامی دیموکراتو لاوس و کەمبودیای تێدا بەشدار ئەبن ٠

وە لەکۆتایی کۆبونەوەکانیاندا وەفدەکان سەر لە چەند پایتەختێکی وڵاتانی ئەفریقا ئەدەن بۆ ڕونکردنەوەی مەبەستەکانیان ٠

بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدی ئێرانەوە

دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەی (ڕاەاتحاد) لە ئێران بەبۆنەی ڕۆژی ۱۱ی ئایار ڕۆژی گیراوە سیاسیەکانی ئێران بەیاننامەیەکیان دەرکردوە تیایا وتویانە :ـ

ئەرکی سەرشانی هەمو ئازادیخوازانو خەباتکەرانە کەیادی ئەو ڕۆژە بکەنەوە بۆ ڕێزگرتن لەو فیداکاریەی گیراوە سیاسیو خەباتکەرە نیشتمان پەروەرەکانی ئێران نواندویانە ٠ وە بۆ نارەزایی دەربڕین دژی کردەوە نالەبارەکانی شا وە ریسواکردنی داوو دەزگاکانە پڕ زەبرو زەنگی ئیستای ئێرانو پشتگیری کردنی خەباتی کۆمەڵانی خەڵك دژی ڕژێمی شای بەکرێگیراو ٠

بەیاننامەکە وتویەتی :ـ لە ڕوژی ۱۱ی ئایاری ۱۹۵۸ دا کاربەدەستە بەکرێ گیراوەکانی ئێران حوکمی لە سیدارەدانی خوسرەوی ڕوزبێیان دا کە یەکێکە لە نیشتمانپەروەرە شۆرشگێڕەکانی دوژمن بە حکومەتی شاوە ژیانی خۆی لەڕێگای نیشتمانو چینە ڕەنجبەرەکانی ئیراندا بەخت کرد ٠

مردنی خەباتکەر خوسرەوی ڕوزبێ ڕێگای خەباتی نیشان خەباتکەرانو ئازادیخوازان دا بۆ بەردەوام بون لەسەر سنوورێکی تەواو دائەنرێ بۆ کردەوەی مۆنۆپۆلیانە کە بریتییە لە دزینو تاڵان کردنی سامانی نەوتو مەعدەنی وڵات وە بۆ بەربەستی ئەو هەوڵو تەقەللایانەی کە ئەدرێت بە نیازی گەمارو دانی هەنگاوە پێشکەوتوەکانیو لاوازکردنی تواناو دەسەلاتی گەل لەشەڕی چارەنوسدا ٠ ئەنجومەنی شۆڕش ڕوەکانی دەست بەمەسرەفەوە گرتنی (تقشف) بەم جورەی خوارەوە دەستنیشان کرد :

۱ ـ دەستگرتنەوە لەهەمو مەسرەفێکی حکومەتدا ٠

۲ ـ ڕاگرتنی ئەو پرۆژانەی کە جارێ دەستیان پێنەکراوەو سەر بە بەرنامەی استثماری سالی ۷۲ـ۷۳ ن ٠

۳ ـ دەستگرتنەوە لە خەرج کردنی پارەی بەنرخ بێگانە (العملات الصعبه) ٠



دکتۆر فیدل کاسترو لەفڕۆکەخانەی صۆفیا

کوبا وجەزائر پشتگیری مەسەلەی فەلەستین ئەکەن

حکومەتی کوباو جەزائر بیزاری خۆیان دربڕیوە دژی ئەو سیاسەتە پەلهاویشتنەی ئیسرائیل بەیارمەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا گرتویەتیەبەر ٠

هەردوو لا لەبەیاننامەیەکدا کە لە ۱۸ی ئەم مانگە لەکۆتایی سەردانەکەی دکتۆر فیدل کاسترو سەرەك وەزیرانو سکرتێری کومیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوبا ، لە جەزائر بلاویان کردۆتەوە وتویانە :ـ

وڵاتانی عەرەب مافی ئەوەیان هەیە کە هەرڕێگایەك بگرنەبەر بۆ دەست خستنەوەی ئەو خاکەی ئیسرائیل لێی زەوت کردون ٠ وە بەبێ بەتەنگەوە هاتنی مافی ڕەوای گەلی فەلەستین گیروگرفتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە شێوەیەکی عادیلانەو هەمیشەی چارەسەر ناکرێت ٠

وە کوباو جەزائر نارەزایی خۆیان دەربڕیوە دژی نەهێشتنی ئیمپریالیزمو کۆلۆنیالیزم لە قێتنام هەڵوەشە لە ئاشتیو ئاسایشی دنیا ئەکات ٠

بڕیارەکەی ئەم دوایانەی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا دەربارەی ئابلۆقەدانی قێتنامی دیموکرات

وەروژی پێنج شەممە دکتۆر فیدل کاسترو دوای سەردانەکەی جەزائر گەیشتە سۆفیا

بۆندشتاگ بڕیار لەسەر پەیمانی موسکۆو وارشۆئەدات

دوای گفتوێکی زۆری نێوان ئەندامانی پەرلەمانی ئەڵەمانیای ڕۆژئاوا ، ڕۆژی چوار شەممەی ڕابوردو ، بوندشتاگ بڕیاری لەسەر هەردوو پەیمانەکەی موسکو ووارشو دا٠ وەبڕیارەکەش بەم شێوەیە بوە :ـ

بەیمانو وایشەی بە۲٤۸ دەنگ بەرامبەر ۱۷ دەنگو دەنگ نەدانی ۲۳۱ ئەندام بوە

وەپەیمانی موسکو بەزوربەی ۲٤۸ دەنگ دژی (۱۰) دەنگو دەنگنەدانی ۲۳۸ ئەندام ، بڕیاری لەسەر درا ٠

بەم جۆرە بڕیاردانی ئەم دوو پەیمانە دوای ۲۱ ڕۆژ گیرەوەکێشەی سیاسی بو بە قانونو بڕیاریش وایە کە هێرگۆستاف هاینمان سەرۆکی حکومەتی ئەڵەمانیای ڕۆژئاوا مۆری بکات ٠

گەورەترین خۆپێشاندان دژی بڕیارەکەی نیکسون

بڕیار وایە کە ڕێکخراوەکانی دژ بەجەنگ لە ئەمەریکا ڕۆژی یەك شەممەی ئایندە لەشاری واشنتونا خۆپێشاندانێك ڕێکبخەن دژی بڕیارەکەی نیکسون دەربارەی خۆشکردنی ئاگری جەنگی قێتنام ٠

ئاگاداران لەوباوەڕەدان کە زیاتر لە (۳۰۰) هەزار کەس لەم خۆپێشاندانەدا بەشدار ئەبێو خۆپێشاندەران بە بەردەم کۆشکی سپیو بارەگای کۆنگریسدا تێئەپەڕن ٠

ئەوەی جێگای باسە دوا بەدوای بڕیارەکەی ئەم دواییەی نیکسون دەربارەی ئابلوقەدانی قێتنامی دیموکرات چەندین خۆپێشاندان لە شارەکانی ئەمەریکا ڕێکخراوەو خۆپێشاندەران تیایا نارەزاییان دژی جەنگی قێتنام دەربڕیبو وە داوایان کردبو کە هێزەکانی ئەمەریکا بە خێرایی خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەجێ بهێڵن٠


ئاژانسەکان

کورتە هەوال

لە پاریزگای سلێمانی سێ قوتابخانە دروست ئەکرێت ٠ قوتابخانەیەکی ۱۲ پۆلی لە ناحیەی بیارەو و قوتابخانەیەکیتری ۹ پۆلی لە دوکانو یەکیکی ٦ پۆلیش لە دێ بەمۆ دروست ئەکرین کە هەر سێ کیان نزیکەی ۳٤ هەزار دینارێ تێ ئەچێت ٠

وەزارەتی ڕاگەیاندن لەمەولا ڕێ ئەدا ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی میسری عەرەبی بینە عیراقەوە ٠

بۆ ئەم مەبەستە لە حەفتەی ڕابوردوا وەزارەتی ڕاگەیاندن بەهۆی بروسکەیەکەوە کە نارد وبەتی بۆ وەزارەتی ڕاگەیاندنی میسری پێی ڕاگەیاندو کە لەمەولا ڕێ ئەدرێت چاپەمەنیەکانی ئەهرامو ئەخبارو هلالو روزالیوسف کە لەمیسر دەرئەچن بینە عیراقەوە٠



خوسرەوی ڕوزبێ

گەلانی ئێران لەچنگ ڕژێمی بەکرێ گیراوی شا دڕێژە پێ ئەدەن :

تاران ۱۳ـ٥

هاوکاری

ژمارە (١١٧)
٢٠ی مایسی ١٩٧٢

خەباتی شۆڕشگێڕانەی
گەلان

هەفتەی باسێک

خەباتی گەلی کوردو هەمو گەلانی جیهان

گەلانی جیهان هەمو بەوپەڕی شانازی و سەربەرزیەوە سەیری گەلی قارەمانو تێکۆشەری فیتنام ئەکەن ، ئەو گەلەی کە بۆتە نمونەی ئازایەتی و لەخۆبوردن لە پێناوی مافەرەواکانی دالە پێناوی رزگاری نیشتمانی لە چنگی ئیمپریالیزمی ئەمەریکای داگیرکەرو نۆکەرەکانی کە ئەیانەوێت بەزەبری تازەترین و سامناکترین چەکو تفاقی جەنگ ئەو گەلەزەلیل بکەن بیکەنە پێخوستی خوان ، وە بەتایبەتی ئەمەریکا گەرکیەتی بیکاتە بنکەیەکی پتەو بۆ گۆڕەپانستانو دەستدرێژکەران دژی گەلانی خواروی ڕۆژهەلاتی ئاسیاو هەرەشەی لەهەمو گەلانی جیهان پێبکات، بەڵام گەلی نەبەزی فیتنام هەروەک چۆن ئیمپریالیستە دەستدرێژکەرەکانی تری تێک شکانو بەسەر شۆڕی کردنیەدەرەوە ، ئێستاش هێزەکانی ئەمەریکو نۆکەرەکانی بەمەرەیەکی وا بردوە کە ڕێگای دەربازبوونیان نەبێو ناچاربن بەسەرشۆڕی خاکی پیرۆزی فیتنام بەجێ بهێڵن .

ئەوە پەنجا ڕۆژ زیاترە هێرشە توندوتیژە فراوانەکانیان دژی هێزەکانی سایگۆنو ئەمەریکا دەست پێکردوەو ناوچەیەکی فرەبەرینیان لەچنگیان ڕزگار کردوەو بەردەوامیش بەرەوپێشەوەن ئەکشێنو ڕۆژبە ڕۆژ سەرکەوتنی گەورەتر بەدەستدێنن . شۆڕشگێران بەشێوەیەکی وا ئەچەنگن کە هێزە دوژمنەکان بەهیچ کلۆجێک خۆیان لەبەرا بۆ ناگیرێت ، تائەندازەیەکی وا کە نیکسون هێندەی ترشێتگیر بوەو کەوتۆتە فەرمان دەرکردن دژی کۆماری دیموکراتی فیتنامو هەمو ئەو وڵاتانەی پشتگیری ئەکەن ، جگە لەوەی کە فەرمانی دەرکردوە بۆ هێزەکانی بەوپەڕی دڕندەیەتیەوە پەلاماری گەلی شۆڕشگێری فیتنام بدەنو کوشتو بڕی هەمو فیتنامیەک بکەن .

ئەم هەنگاوانەی دوایی نیکسون دەستدرێژیەکە نەک هەر بۆ سەر گەلی فیتنامی کۆنتەدەر ، بگرە دەستدرێژیە بۆسەر هەمو گەلانی ئاشتیخوازو شۆڕشگێری جیهان ، بۆیە هەمو گەلان ئەوپەڕی تووڕەیی و نارەزایی پیشان ئەدەن دژی هەنگاوە دوژمنانەکانی نیکسون .

گەلی کوردیش کە تانێستاش وڵاتەکەی دابەش کراوەو دوچاری چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و بەشخوراوی بووە سالەهای سالە لەپێناوی بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی خۆیا تێئەکۆشێتو ، هەموجۆرە ستەمو تاڵی و زوڵمێکی بەدەست ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانەوە چێشتوە ، ئەبێ دەنگی خۆی تێکەڵ دەنگی گەلانی جیهان بکات دژی ئەوانەی هەڵیان گوتاوەتە سەر گەلی فیتنام . گەلی کورد هەرگیز نابێ دوورەو پەرێزبوەستێت لە، خەباتی گەلانی جیهان . ئەو ئاگری شۆڕشەی گەلانی فیتنامو لاوس و کامبودیاو فەلەستێنو ئەنگۆلاو مۆزەمبیق و گینیابیساو و رودیسیاو نامیبیاو ئورگوای و گەلانی تر خوشیان کردوە لە ئەنجامدا ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانی دوژمنی هەمو گەلانی تیا ئەسوتێو لەناوئەچێت ، کە دوژمنی سەرسەختو دێرینی گەلی کوردمانو ئەوانن کوردستانیان پارچەپارچەکردوەو ڕێگری گەیشتنمان بەمافە ڕەواکانمان ، هەر ئەوەدوژمنەیە کە ئەرکی کوژاندنەوەو کپکردنی هەمو بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمانی گرتۆتە ئەستۆو بەردەوام هەوڵی پوچ کردنەوەی ناوەڕۆکە پێشکەوتنخوازەکەی ئەدەن . ئێستاش کە هەزاران تەن بۆمباو کەرەسەی جەنگی بە گەلو وڵاتی فیتنامەوە ئەنرێت ، هەر هەمان کردەوەیەکە لەگەڵ گەلو نیشتمانی ئێمەدا کراوەو ، لەگەڵ هەموگەلانی شۆڕشگێردا ئەکرێت . با کە یادی لێدانی بزوتنەوەکانی گەلەکەمان ئەکەینەوە ، کە یادی هێرشەکەی شای ئێران ئەکەینەوە بۆسەر کۆماری مەهاباد و مەینەتیەکانی گەلی کوردمان لەهەمو کوچەیەکی کوردستان دێتەوە بەر چاو، با ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە چۆن ئەو گەلانەی تریش بەدەردەکەی ئێمەو بگرە خرابتریش ئەبڕێن .

ئەمڕۆ گەلان تێکڕا هەوڵەبەرەیەکی فراوانیان دژی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستان ، ئەمڕۆ سەردەمی پەرەسەندنی شۆڕشی گەلانە لەپێناوی ڕزگاری نیشتمانو نەهێشتنی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتیدا ، لەبەر ئەوە سەرکەوتنی هەریەکێکیان سەرکەوتنە بۆ هەمو گەلان ، وە تاقی کردنەوە شۆڕشگێرەکانی هەرگەلە زۆر بایەخدارو گرنگن بۆ گەلانی تر ، بۆیە هەرگیز ناشێت تاقی کردنەوەکانی گەلان بخەینە پشتگوێ هەروەک نابێ تاقی کردنەوەکانی نەتەوەی کورد بخەینە پشتگوێ . بۆ ئەمەش پێویستە بەوردی لە هەوالی شۆڕشو تاقی کردنەوە شۆڕشگێرانەکانی گەلانوردبینەوەو بەپێی ئەزمونی تایبەتی وڵات سودیان لێوەرگرین .

سواره

پیلانی ناوکۆی قابوس وفەیسەڵ

لەشکری ڕزگاری ڕۆفار سوورە لەسەر بەنگی چەکدارانە



هەزار کەسی ناردۆتە ناوچەی نزیک (العین أبو ظبی) ، وە ٥٠ ئوتومبێلی پرچەکو سەربازی بینراوە کە لە سعودیەوە کە لە نیوەی دووەمی مانگی مارتی ١٩٧١ دا چوە بۆ بەشی ناوەوەی عومان سەرەڕای ئەمەی بەکرێگیراو کۆئەکرێتەوەو مەشق ئەکرێتو دوای ئەوەی ئەنیردرێن بۆ پشتگیری هێزەکانی بەریتانیا ناوچەرانی دژی شۆرشی زەفار. بەپێی قسەی ئەم نوێنەرە ئەم هێرشە وەحشیەیە کۆنەپەرستانەیە دوای شکستی نەخشەکانی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستان دەستی پێکردوە واتە دوای ئەوەی ئیمپریالیزمو کاربەدەستە نوکەرەکان لە (مسقط) نەیانتوانی هیچ سەرکەوتنیکی عەسکەری دژی شۆرش بەدەست بهێنن .

بەسەردان چوبون بۆ بەریتانیا. لەم کۆبونەوە سێ قۆڵیەدا ئەمەریکا بەڵێنی داوە کە دوای ڕەزامەندی مەلیک فەیسەڵ ١٥٠ ملیۆن دۆلار بات بە قابوس. لە ڕۆژی ١١-١٢-٧١ دا دوای تێکشکانی هێرشی ڕۆژهەلات یەکسەر قابوس چوە بۆ شاری ریاض وەلەگەڵ مەلیک فەیسەڵدا کۆبۆتەوە بۆ هاوکاری کردن دژی شۆرش لە عومانو خلیج . وە بۆ ئەم نیازە پەیمانێکیان بەستوە کە هەردولا گەمارۆی سیستەمی پێشکەوتنخوازی یەمەنی دیموکرات بدەن وەلە ناوەوە ئاژاوەی تیا بنێنەوە تا زەمینە بۆ هێرشێک بوسەری خۆشکەن ، تاکو دوای لەناوبردنی ئەم سیستەمە گەمارۆی شۆرشی زەفاریش بدەن ، وە بە هۆی هێرشێکی ناوکۆیی ئاسمانیو زەمینەوە شۆرشگێرەکانی زەفار لەناوبرن ، بۆ ئەم نیازە حکومەتی سعودی پێشکەی ٥٠ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی بە کاربەدەستانی عومان بەناوی قەرزەوە داوە وە هەروەها حکومەتی سعودی هێزێکی دە هەزار کەسی ناردۆتە ناوچەی ئاژاوەی تیا بنێنەوە تا زەمینە بۆ هێرشێک بوسەری خۆشکەن ، تاکو دوای لەناوبردنی ئەم سیستەمە گەمارۆی شۆرشی زەفاریش بدەن ، وە بە هۆی هێرشێکی ناوکۆیی ئاسمانیو زەمینەوە شۆرشگێرەکانی زەفار لەناوبرن ، بۆ ئەم نیازە حکومەتی سعودی پێشکەی ٥٠ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی بە کاربەدەستانی عومان بەناوی قەرزەوە داوە وە هەروەها حکومەتی سعودی هێزێکی دە هەزار کەسی نارد بۆ ناوچەی نزیک (العین أبو ظبی) ، وە ٥٠ ئوتومبێلی پرچەکو سەربازی بینراوە کە لە سعودیەوە کە لە نیوەی دووەمی مانگی مارتی ١٩٧١ دا چوە بۆ بەشی ناوەوەی عومان سەرەڕای ئەمەی بەکرێگیراو کۆئەکرێتەوەو مەشق ئەکرێتو دوای ئەوەی ئەنیردرێن بۆ پشتگیری هێزەکانی بەریتانیا ناوچەرانی دژی شۆرشی زەفار. بەپێی قسەی ئەم نوێنەرە ئەم هێرشە وەحشیەیە کۆنەپەرستانەیە دوای شکستی نەخشەکانی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستان دەستی پێکردوە واتە دوای ئەوەی ئیمپریالیزمو کاربەدەستە نوکەرەکان لە (مسقط) نەیانتوانی هیچ سەرکەوتنیکی عەسکەری دژی شۆرش بەدەست بهێنن .

ڕۆژاوای ئەردەن بۆ شانەیەکی نهێنی جەنگاوەرانی فتح . لە شوباتی ١٩٦٥ دا ئەم شانەیە خۆیان گەیاندە (نەقەب) - کە لەژێر دەستی ئیسرائیلدایە - و داوودەزگای پرۆژەکەی ئیسرائیل بۆ لادانی ڕوباری ئەردەنیان تێک دا .

ئەمە یەکەم هەنگاوی دەستپێکردنی خەباتی چەکداری گەلی فەلەستین بو .

هەڤالەکانی نعمان گەلێ کاری قارەمانانەی ئەویان بۆ گیرامەوە وە لە وتوویژدا پێی وتم :

هەسەلەکەمان ڕەوایە ، جەماوەرانی عەرەبو هەمو گەلانی جیهان لەگەلمانن . ئێمە سوربن لەسەر دریژەپێدانی خەباتی چەکدارانەمان هەرچەندە ئێمە هێزێکی بچوکین ، بەڵام لەئەنجامدا هەر ئێمە بەسەر دوژمنداسەرئەکەوین و ئەگەرێینەوە نیشتمانی خۆشەویستمان » .

- پەیامێتری شینخوا - (لە گۆڤاری « بناء الصین »ەوە وەرگێڕاوە)

هێزەکانی ڕزگاری ئەفریقیا « ٣ » ناوچەیان ڕزگارکردوە

قسەکەرێک بەناوی بەرەکانی ڕزگاری ئەفەریقاوە لە تانزانیا، ڕای گەیاندوە کە هێزە شۆڕشگێرەکانی بەرەی ڕزگاری ئەفەریقا توانیویانە ٣ ناوچەی ژێردەستی داگیرکەرە پورتوگالیەکان ڕزگار بکەن .

وەلە دوانێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنوسان لە دارالسلام لە هەفتەی ڕابوردودا وتویە کەوا ئێستا ٤١ ڕێکخراوی ئەفەریقا بی تێئەکۆشن بۆ ڕزگار کردنی خاکی ئەفریقا لە چنگی داگیرکەرە پورتوگالیەکان ، وە وتویە ، هێزەکانی ڕزگاری توانیویانە بگەنە ناوچەرگەی ئەنگۆلاو جەزرەبە بگەیەنن بەو هێزە پورتوگالیانەی وان لەوێ. وەلە مۆزەمبیق ، بەرەی ڕزگاری مۆزەمبیق دەستی گرتوە بەسەر ٣ ناوچەدا لە ژوورو ، وە ڕێگای گەیاندنی ئازوخەو چەکی لەهێزە پورتوگالیەکان بڕیوە .

شۆڕشگێرانی تۆبامارۆس ڕژێمی ئۆرگوایان لەقاندوە


بیستو یەک تیکۆشەری تری ڕێکخراوی تۆبامارۆس لە ئورگوای توانیویانە لەبەندیخانە هەلبێن ، لەگەڵ هەمو ئەو هێزە دڕندە گەورەیە و ئەو تانکانەی ئێشکی ئەگرتن ئەم هەوالە کە ئازانسەکانی دەنگوباس بڵاویان کردۆتەوە بەم جۆرە ڕووی داوە : ئەو ئەندامانەی تۆبامارۆس نەفەتیکیان لە بەندیخانەکەوە لێداوەو پیایا دەرباز بوزو خۆیان گەیاندوەتە ئەو ئوتومبێلانەی بویان ئامادە کرابو .

هەوالەکەئەڵێت، دانیشتوانی شار زۆر ئەم کارەیان پێخۆش بوە ، تارادەیەک نەیان هێشتوە هێزی پۆلیس بگاتە گەرەکەکە شەعیبیەکان بەشوێن شۆڕشگێرەکاندا ، وە سەرەی کۆلانەکانیان لەهێزەکانی پۆلیس گرتوەو بەردبارانیان کردون . ئەمەش ئەوە پیشان ئەدات تا چ ئەندازەیەک کۆمەلانی خەڵک لەگەڵ شۆڕشگێرانی تۆبامارۆس دان دژی ڕژێمی کۆنەپەرستی ئورگوای .

بەپاکردنی ئەم کۆمەڵە ئەوانی تری پێش ئەمان لە بەندیخانە، ئێستا بەندیخانەکان چۆڵ بون ، جگە لە ٣ ئافرەتی تێکۆشەر نەبێت کە زۆربەی وریایی و توندی ئێشکیان ئەگیرێت .

پێشمەگەکانی فەلەستین لە پێناوی مەسەلەیەکی

ڕەوادا ئەجەنگن



گەلی فەلەستین پێشمەرگەکانی فەلەستین لەناو بۆتەی خەباتی سەختالەپێناوی ڕزگاری نیشتمانیدا پێئەگەنو نە توپو تفاقی جەنگیو ترساندنو تۆقاندنو پیلانەکانی دوژمن لەڕێ لابان ئەدات ، وەنە ناخۆشیو تەگەرە بەریان ئەگرێتو باوەڕیان لەق ئەکات .

لەم ماوەیەی دواییدا سەرەدا لەڕۆژ بنکەی پێشمەرگەکانی فەلەستین و چاوم کەوت بەڕۆژ لە چەنگاوەرەکان ، کە باوەڕێکی پتەو و عەزمێکی پۆلایینیان هەیە . کۆنەپەرستانی نەردەن دوو جار پەلاماری پێشمەرگەکانیاندا ، یەکەم جار لە ئەیلولی ساڵی ١٩٧٠ دا و ، دوەم جار لە تەمموزی ١٩٧١ دا ، وە ئەوەبو زیانێکی گەورەی لێدان، بەڵام چەنگاوەرە خۆبەختەکانی ڕیزەکانی خۆیان ڕێکخستەوەو تاقی کردەوەکانی لەوەپێشیان کۆکردەوەو و سودیان لێوەرگرت و وائێستاش بەردەوامن لە ڕەوتی شۆڕشگێرانەیاندا بەرەو پێشەوە .

سەرچاوەی هێزی پێشمەرگەکانی فەلەستین لەو ڕاستیەوە هەڵقوڵاوە کە لەپێناوی دیموکرات بدەن وەلە ناوەوە ئاژاوەی تیا بنێنەوە تا زەمینە بۆ هێرشێک بوسەری خۆشکەن ، تاکو دوای لەناوبردنی ئەم سیستەمە گەمارۆی شۆرشی زەفاریش بدەن ، وە بە هۆی هێرشێکی ناوکۆیی ئاسمانیو زەمینەوە شۆرشگێرەکانی زەفار لەناوبرن ، بۆ ئەم نیازە حکومەتی سعودی پێشکەی ٥٠ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی بە کاربەدەستانی عومان بەناوی قەرزەوە داوە وە هەروەها حکومەتی سعودی هێزێکی دە هەزار کەسی نارد بۆ ناوچەی نزیک (العین أبو ظبی) ، وە ٥٠ ئوتومبێلی پرچەکو سەربازی بینراوە کە لە سعودیەوە کە لە نیوەی دووەمی مانگی مارتی ١٩٧١ دا چوە بۆ بەشی ناوەوەی عومان سەرەڕای ئەمەی بەکرێگیراو کۆئەکرێتەوەو مەشق ئەکرێتو دوای ئەوەی ئەنیردرێن بۆ پشتگیری هێزەکانی بەریتانیا ناوچەرانی دژی شۆرشی زەفار. بەپێی قسەی ئەم نوێنەرە ئەم هێرشە وەحشیەیە کۆنەپەرستانەیە دوای شکستی نەخشەکانی ئیمپریالیزمو کاربەدەستە نوکەرەکان لە (مسقط) نەیانتوانی هیچ سەرکەوتنیکی عەسکەری دژی شۆرش بەدەست بهێنن .

مەلبەندەکانی مەشق کردن: .

لە یەکێک لە بنکەکان چاوم بە پێشمەرگەیەکی قاڵبو کەوت ناوی نعمان بو ، وە تەجروبەی حەوتساڵ خەباتی چەکدارانەی هەیە . لە ساڵی ١٩٦٤ەوە بۆتە پێشمەرگەیەکی ڕێکخراوی « فتح » کە ئەوکاتە نهێنی بو، وە ڕاستەو خۆ لەژێر سەرکردایەتی (أبو علی أیاد) دا بو کە ئەندامێکی سەرکردایەتی هێزەکانی « عاصفه » بو ، وە لە ڕووەوکانی حوزەیرانی پارا لەمەیانی خەباتا وەک قارەمانێک شەهید بو . نعمان چەکو جبەخانەی ئەگواستەوە بۆ هەمو نەخۆشخانەکانیدا بە دەوڵەتی و ئەهلیەوە سی وشەش هەزار قەرەوێڵە هەیە کە لەوەش زیاتر لە ١٣ هەزاری لە نەخۆشخانەکانی تاران دایە. کەمی و تەنگەبەری نەخۆشخانەکان و گوێ نەدان بە وەزعی نەخۆشەکان و نەوهەمو دزی وفزییە کە لە نەخۆشخانەکانیدا دەکرێ بۆتە هۆی ئەوە کە زوربەی زۆری چینە زەحمەتکیشەکانی ئیران ناعادڵانەی پزیشکەکان لەهێندی شوێنی ئیران بە ٥٠ هەزار کەس ئەگەر دوکتوریکیان بەرکەوێ نێستا گۆشەیەک لەوەزعی نەخوشخانەکانیان هاوارەیانە. ڕۆژنامەی کەیهان لە ٢٠ مانگی ڕێبەندانی ڕابردودا نوسیبوی: (لە ئیراندا بۆ خزمەتەکانی دەرمانی نە لەباری چونیەت و نە لە بارمەتی پزیشکی بێبەش بون . ئەوانەی دەستیان دەپوا لە نەخۆشخانە ئەهلیەکاندا خۆیان تیمار کەن ئەوانیش لە چنگی خاوەنەکانیان هاوارەیانە. ڕۆژنامەی کەیهان لە ٢٠ مانگی ڕێبەندانی ڕابردودا نوسیبوی: (لەئیراندا بۆ خزمەتەکانی دەرمانی نە لەباری چونیەت

لەپێناوی پاراستنی شۆڕشی یەمەندا

« لێژنەی داکۆکی لە شۆڕش لە کۆماری دیموکراتی گەلی یەمەن » کە لە پراگ چالاکی ئەنوێنێ ، بەیاننامەیەکی دەرکردوە داوا لە هەمو پێشکەوتنخوازانی جیهان ئەکات کە ئەوەی لە توانایاندایە بیکەن بۆ پاراستنی سیستەمی شۆڕشگێرانەی یەمەنی دیموکرات لە دەستدرێژی و پیلانەکانی دوژمن .

بەیاننامەکە ئەڵێت : « لەم ماوەیەی دواییدا وەلەم کاتەدا کە بزوتنەوەی ڕزگاری عەرەب بە نشوستیەکی وەختیدا تێئەپەڕێت لە ئەنجامی یەک - کەوتنی بەرەی بورجوازی بچوک و ناونجی لەگەل بورجوازی گەورەو دەرەبەگدا ، پیلانە دوژمنانەکان زیاتر تونوتیژبون و شێوەی جۆراو جۆریان گرتوە دژی ئەو ڕاپەڕینە شۆرشگێریە بێئامانەی کە یەمەنی خوارو و دورگەی عەرەبو خلیجی گرتۆتەوە ، وە بەتایبەتی دژی کۆماری دیموکراتی گەلی یەمەن کە وەک بنکەیەکی پتەوی شۆرشگێرانە بوەتە مەترسی بۆسەر دوارۆژی ڕژێمە کۆنەپەرستەکەی سعودی و « دەوڵەتە » شیخ نشینەکانی خلیجی عەرەبو کومپانیا ئیحتیکاریەکانی نەوتی جیهان ، وە بوەتە پێوانەیەک بۆ دەرخستنی (نیشتمانپەروەری و پێشکەوتنخوازی) ڕژیمەکانی بەرەی بورجوازی بچوک و کردەوە فکری و دیماکۆگیەکانی لەگەل کۆمەڵانی خەڵکدا . ئەمانە وای لە سیستەمی شۆرشگێرانەی کۆماری دیموکراتی گەلی یەمەن کردوە کە بێتە نیشانی پەلاماری عەسکەری و پیلانی دوژمنانە .

ئەڵێت : « لەم ماوەیەی دواییدا وەلەم کاتەدا کە بزوتنەوەی ڕزگاری عەرەب بە نشوستیەکی وەختیدا تێئەپەڕێت لە ئەنجامی بەرەی بورجوازی بچوک و ناونجی لەگەل بورجوازی گەورەو دەرەبەگدا ، پیلانە دوژمنانەکان زیاتر تونوتیژبون و شێوەی جۆراو جۆریان گرتوە دژی ئەو ڕاپەڕینە شۆرشگێریە بێئامانەی کە یەمەنی خوارو و دورگەی عەرەبو خلیجی گرتۆتەوە ، وە بەتایبەتی دژی کۆماری دیموکراتی گەلی یەمەن کە وەک بنکەیەکی پتەوی شۆرشگێرانە بوەتە مەترسی بۆسەر دوارۆژی ڕژێمە کۆنەپەرستەکەی سعودی و « دەوڵەتە » شیخ نشینەکانی خلیجی عەرەبو کومپانیا ئیحتیکاریەکانی نەوتی جیهان ، وە بوەتە پێوانەیەک بۆ دەرخستنی (نیشتمانپەروەری و پێشکەوتنخوازی) ڕژیمەکانی بەرەی بورجوازی بچوک و کردەوە فکری و دیماکۆگیەکانی لەگەل کۆمەڵانی خەڵکدا . ئەمانە وای لە سیستەمی شۆرشگێرانەی کۆماری دیموکراتی گەلی یەمەن کردوە کە بێتە نیشانی پەلاماری عەسکەری و پیلانی دوژمنانە .**

ئەمەریکا و سعودیەکان بە هەموجۆرێک هەوڵی ئەوە ئەدەن کە ئەم سیستەمە شۆرشگێرانەی یەمەن لەناوببەن ، بۆیە هەموجۆرە پشتگیرییەکی ئەکەن لە ئۆپۆزسیۆنی ڕاست و چەپی یەمەن ، بەتایبەتی ئەو ڕێکخراوانەی کە لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەی ئەمەریکا و سعودیەکان لە ساڵانی ڕابردودا لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەی ئەمەریکا و سعودیەکان لە ساڵانی ڕابردودا لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەی ئەمەریکا و سعودیەکان لە ساڵانی ڕابردودا

تێکۆشانی گەلانی ئێران

پیاو ئەگەر گوێ بۆتەبلیغات و پروپاگاندەی دەزگاکانی تەبلیغاتی ئێران پادەگرێ ، ئەگەر ناشارەزا بێ دەڵێ ڕەنگە ئێران ئەوەندە پیشکەوتوو بێ کە وڵاتە هەرەپێشکەوتوەکانی دنیا بەتوزیشی ڕانەگەن پروپاگاندەچیەکانی ئێران کاتێک دەکەونە سەر باسی ئەو کەلەکبازیە کە شا ناوی لێناون ئینقیلابی سپی و بە بەژن و بالای سوپاییانی (ئینقلاب) هەڵدەڵێن ، وا دەگەیەنن کە لەئێراندا لەسایەی فەیزوبەرەکەتی شاهەنشاو هەوڵ وتەقەلای بێ وچانی دەزگاکانی دەوڵەتیو لەهەموان گرنگتر لەسایەی سوپاییانی (ئینقلابە)وە نەخۆشی و نەخوێندەواریو ڕوتی و هەژاری و برسیەتیو بیکاری لە بنە هاتوەو خەلک لە خێروخۆشی و ئاسودەیی دەکەوێتە دوای ئەوەی کە دنیا ئاواتی بۆ دەخوازێ . چەند مانگ لەمەوبەر لەسەر لاپەرەکانی هاوکاری ئازیز باسێکی وەزعی ئالۆزی لەشساغیمان کردبو . لێرەدا جارێکیتر دێینەوە سەر زۆرناژەنەکانی ڕێژیم وەدرۆ دەخەینەوە .

لەباسەکەی ڕابردودا ئەوەمان ڕون کردبۆوە کە ئەگەر دوکتورەکان بەچەشنێکی عادڵانەش بەسەر شمار و شارستانەکاندا دابەش بکرێن، ئەمجار بە زیاتر لە ٥ هەزار کەس تاقەدوکتورێکیان بەردەکەوێ . لەکاتێکدا زیاتر لە نیوەی دوکتورەکان لە تاراننو لەبەر دابەشینی هەموو نەخۆشخانەکانیدا بە دەوڵەتی و ئەهلیەوە سی وشەش هەزار قەرەوێڵە هەیە کە لەوەش زیاتر لە ١٣ هەزاری لە نەخۆشخانەکانی تاران دایە. کەمی و تەنگەبەری نەخۆشخانەکان و گوێ نەدان بە وەزعی نەخۆشەکان و نەوهەمو دزی وفزییە کە لە نەخۆشخانەکانیدا دەکرێ بۆتە هۆی ئەوە کە زوربەی زۆری چینە زەحمەتکیشەکانی ئێران

نووسینی : جەمشید

دەستیان لێ قایم بێ پارەیان لێدەکێشنەوە . بۆ عەمەلیاتێکی وەک یەک چەندین نرخ هەیە ، دوکتوریک ٥٠٠ تمەن (٢٥ دینار) دەستێنی ، دوکتوریکیتر ١٠٠٠ تمەن و ویەکیتر ٢٠٠٠ تمەن دەستێنێ ، محمد حسن

گۆشەیەک لە وەزعی لەشساغی خەڵکی ئێران

مافی لیسانسی ڕشتەی کارەبا لە زانستگەی ئاریامیهر بە هەوالنوسی کەیهانی گوتبو : (ماوەیەک بو بەنیاز بوم ئەگەر پارەیەکم چنگ کەوێ گازینۆیەک بکەمەوە و هۆیەکەشی ئەوە بو کە دەمزانی دەکرێ ئیستیکا بە چایەک بە ١٥-٢٠ قران (١٠٠ فلس) بفرۆشی ، بەڵام لەماوەیەک لەمەوبەرەوە کە لە

بروانە ل : ٦

بروانە ل : ٧

insitut kurde de paris

هاوکاری

ژمارە (١١٧)
٢٠ی مایسی ١٩٧٢

لاپەرە ٣

هاوپێستا عیزەدین شەمیزی

بیرەوەری خۆی بۆ «هاوکاری» ئەگێڕێتەوە

ئاهەنگ

(جین)ی پورم ، تەمەنی گەیشتبوە هەژدە بەهار ، ئەگەل ئەوەشدا زۆر لوت بەرز بوو ٠٠ بەتەنیا لە کۆشکێکی کۆنی باش ٠٠ لە شوێنێکی گۆشەگیری ناوچەی « تێبرای » دەژیا٠٠ یەکێ لەدراوسێیەکانی سەریان لێنەئەدا ٠٠ ئەگەر سەریشیان لێبدابایە ئەوە ئەو سەرلێدانە هیچ کامەرانیەکی نەئەخستە دڵیو شاد نەئەبوو بەدینو هاتنیان ، ئەترسا لەوەی باخچە ناڕێکوپێکەکەی ببینن کە لە زۆر شوێنەوە کیاو دەوەنی وشک بلاوببونەوە ، یان چاویان بەژوورە داخراوەکان بکەوێت کە تۆز وەکو بەفری سەرچیا لەسەرکەرەستەکانی راکشابو ، لە لایەکی نریشەوە پۆرە (جین) ئەو ناسکیو جوانیەی جارانی نەما بو هاوڕێو دۆستەکانی لێی بەدوور کەوتبونەوە ٠٠ پۆرە جین دەستەلاتی بەسەر زەوی وزارەکانی کەم بوبۆوە ٠٠ ئەی خوایە ٠٠ تەنیا پیرەژنێکە لێرەدا لە باوەشی ئەو تەنیایی‌دا ، تالیی ژیان ئەچێژێ ٠٠ هەر ئەوەندەی لاگرنگە بە تەنیا دابنیشێو هەست بە هیچ شتێکی دەوروپشتی نەکات ، بەڵام زستانەکان ٠٠ هەستی بە لافاوی جەوجۆڵو بزوتنەوەو بوزانەوەیەک کرد ڕوی‌کرد بوە دراوسێکانی ، لەپڕێکا حیزانێک لەم ناوچەیە نیشتەجێ بون ، لە خانوە نوێیەکەی سەر گردەکە دابەزین ، خۆیان ئامادە ئەکر ئاهەنگێکی وا ببەستن کە لەمەو پێش ئاهەنگێوا نەگێڕدرابێ ٠ ئەوەیە خێزانی (ریان)ی دەوڵەمەند، ئەمەشە پورە (جین) دەپرسێ :-

(ئەم خێزانە ئەبێ کامە بێت؟ من نایان ناسمو گوێشم لێیان نەبوە پێش ئێستا ٠٠ نەوانە لە کوێوە هاتون ؟)

هەرکە زانی ئەم خێزانە خێزانێکی بەڕەسەنو وەجاغ زادەنین ، وە لە شوێنێکی بە ناوبانگو ناسراوەوە پێنەگەیشتون ٠٠ پتر ڕکو قینەی هەڵساو لە تووڕەیی‌یان‌چاوەکانی هاتنە پشتی سەریەوە و وتی :

« ئەم هەڕچیو پەرچی‌یانە خۆیان بە چی ئەزانن ٠٠ کێ ئەچێت بۆ ئاهەنگەکەیان ؟

ئێرە ٠٠ بە زمانێکی دور لە درۆوە پێی وترا کە هەمو بانگ کراوێک ئامادە ئەبێتو هەمویان قانن بەم ئاهەنگە ٠٠ کە پورم بۆی دەرکەوت ئەم شتانەهەموی راستە ٠٠ ڕاچڵەکیو توڕەیی هەتا ئەهات زیاتر لە ناو لەشیا ئەکوڵا ٠٠٠، خوایە ٠٠ ئەم شوێنە نرخو بایەخی جارانی ئەماوە ٠٠ بەڵام سوچی ئەو بۆ ٠٠ هەمو تانەو لۆمەکە ئەکەوێتە سەر ئەو ٠٠ ئەو شایانی نەوە بو ببێتە پێشڕەو ٠

لەو ڕۆژەوە ، پورم ، بریارێکی گرنگی‌دا ٠٠ بریاری‌دا ئاهەنگێکی خۆشو جوان بکات ٠٠ بەم جۆرە ٠٠ ڕۆژە زێڕینەکانی پێشو دەژیێنێتەوەو بۆ چێژەکێکی کورتی تۆمیەدی نوسەری بەناوبانگ (ئۆسکار وایلد)ە وەرگێڕانی: داشادەیران

خەڵکەکە ئەسەڵێنێ کە ئەو هەر ئاغا ژنی جارانەو ئەزانێ چۆن خەڵک بانگ ئەکاتو ئاهەنگی باشو پڕ لە کەیفو خۆشیان بۆ ئەگێڕێ ، ئەگەر ئەم ناوچەیە خۆی‌و پایەی خۆی لە بیرکردبێتەوەو وەها سوکو ڕیسوا بوبێ ، ئەمە - پورە جین - ئەرکی ڕزگارکردنی ئەم ناوچەیە لە دەست ئەو هەرچیو پەرچی‌یانەی کە لە ناکاو پەیدابوون ئەخاتە سەر شانی خۆی ٠

لەدەریای‌ماتی‌و کپی دەرهات‌و کەوتە گێژاوی ئیشکردن ، کۆشکە کۆنەکەی بە بۆیاخێکی جوان رازاندەوە ، کەرەستەو ئەدەواتی خانوەکەی نوێکردەوە و باغچەو داروبەرەکانی ڕێکخست ، دوایی تیپێکی مۆسیقیشی لە لەندەنەوە هێنا ، هەروەها ژمارەیەکی زۆریشی لە کارەکەران ڕاگرت بۆ خزمەت کردنی میوانەکان ٠٠ بەڵێ ٠٠ با ئەم ئاهەنگە خۆشترین ئاهەنگ بێ کە تا ئێستا هاوچەشنی نەگێڕدرابێ ، پارەو پول لای‌گرنگ نەبو ، با هەمو پارەکەی لە پێناوی ئاهەنگەکەدا سەرف ببێ ، تەنیا سەرکەوتنی ئاهەنگەکەو کەیف خۆشی میوانەکانی بەلاوەگرنگ‌بو ، کاتێ شەوە دیاری‌کراوەکە بیەوێ لە ماوەیەکی دریژ ئینجا بۆ خەڵکەکە زون بوەوە کە پورە جین ئەو ساتە لە بیری چوبو کارتی‌بانگ‌کردن بۆ میوانەکانی بنێرێت ٠

چیرۆکێکی کورتی تۆمیەدی نوسەری بەناوبانگ (ئۆسکار وایلد)ە وەرگێڕانی: داشادەیران

مرۆڤی‌چاک کەوتوتە ژێر دەریای لە بیرچون ٠٠ هیوادارین ئەم چەشنە گفتو گۆیانە دەرگایەکی تازە بکەینەوە بۆ تۆمار کردنی بەشێکی میژوی جولانەوەی نیشتمان‌پەروەری گەلی کوردمان ٠٠

هاوکاری :

ماموستا ئەڵێن ؟ وە لەکوێ دەست پێبکەین ؟

وەڵام :

بەو شێوەو لەوکاتەی خۆتان هەڵی ئەبژێرن !

پرسیار :

باشە ! تۆ کەماوەیەکی زۆرە لە پەروەردە ئیش ئەکەیتو ئاگاداری بزوتنەوەی ڕۆشنبیری هەولێریت و تاقی‌کردنەوەیەکی زۆرت لەم مەیدانەدا هەیە ! ئایا سەرەتا چۆن هەستی کوردایەتیتان لاگەڵاڵە بو ، وە چۆن کەوتنە ناو کۆڕی ڕۆشنبیرانو چۆن واتان لێهات کەزمانو ئەدەبی نەتەوەکەی خۆتان خۆش بوێ ؟

وەڵامی ماموستا عیزەدین وتی :-

ئەوەی ڕاست بێ هەستی کوردایەتی کەمن هەستم پێکردبێ لە ساڵی ١٩٢٨ ، دابو ئەوسا قوتابی پۆلی چوارەمی سەرەتای بوم ، منو چەند هەڤاڵێکم لە قوتابی‌یەکان هەستی کوردایەتیمان لە مێشکا جێگیر بو ، ئەمەشمان بە هۆی چەند ماموستایەکی کوردپەروەری قوتابخانەکەمان ٠٠ لێرەدا ئەمەوێ بڵێم : ماموستا کارێکی زۆر ئاسانی بۆ چەسپاندنی هەر بیروباوەڕێک کە بیەوێ لە مێشکی قوتابی‌یان بچە سپێ ، نەو ماموستایانەی بەو ئەرکە پیرۆزە هەڵسان ئەمانە بون ٠ سعدی جلال ، احمد فخری ٠ مصطفی بهجت ، فؤاد رشید ٠

پرسیار :

بە چ ڕێگایەک ئەو ماموستایانە بیری کوردایەتیان بلاو دەکردەوە ؟

وەڵام :

لە ڕێگای فێرکردنی سرودی نیشتمانی‌و هەڵبەستی نەتەوەیی بە سۆزو باس کردنی باری ناخۆشی ولاتەکەمان ، بەتایبەتی ماموستا سعدی جلال ٠٠ ناوونیشانی چەند قوتابی‌یەکی شاری سلێمانی پێدادین بۆ ئەوەی نامە بگۆڕینەوە ، بەداخەوە ناوی قوتابی‌یەکانم لە یاد نەماوە بەڵام ئەوەی لە یادمە یەکێک لەو قوتابی‌یانە جارێکیان هەڵبەستێکی نیشتمانی بۆ ڕەوان کردم ٠٠ کە ئێستاکەش لەگەڵدابێ نازانم هەڵبەستەکە هی کێیە !

هاوکاری :

باشە ئەگەر لەیادت بێت چەند دێڕێکمان لەو هەڵبەستە بۆ ناخۆنێتەوە ؟ بەڵکو لەلایێ خاوەنەکەی ئەزانێ ، لەلایەکی تریشەوە لەون بون ئەپارێزرێ ئەگەر تائێستا تۆمار نەکرابێ ؟

وەڵام :

فەرمو ئەوەی لەیادمە بابێ بە مولکی (هاوکاری) :


هیللەتە ئەی قەدیمو گرەو
وەی ئەجدادەمە
هیللەتە خوێنی دەماری قالبی
ئەحفادەمە
کوردمو دێزو شەورو حەزو
غایەم کوردی‌یە
ڕوح فیدا کردن لە ڕێی کورد
من یەکەم ئیجادەمە
نامەوێ ئەملاک و سەروەت ،
نامەوێ باغو قصور
مەزبەلەی میللەت پەرستان
باغی ڕوحی شادەمە
هەر کەسێ کێردی نەوێ
قەت نامەوێ قەت نامەوێ
دوژمنی‌کورد ، دوژمنی‌خۆمو
کەسو ئولادەمە
ئەی وەتەن بۆ تۆبە حەپەسی
حەوشی ژێرو مدرسەم
بۆ بڵندی تۆیە وەک کەو
ڕۆژو شەو فریادەمە
بۆ ژیانی تۆبە ڕازیم من بە
پەستی ژینی خۆم
بۆ نەجاتی تۆیە فیکری کارە
کەی فەرهادەمە

ئنجاوتسی :

ئا بەم جۆرە هەستی خۆشو‌ویستنی زمانو ئەدەبی کوردی تائەهات لامان زیاتر ئەبو ٠٠٠ ئەهەر چەندە هەستو گیانی کوردایەتی لە چوارچیوەیەکی تەسک‌دا بو بەڵام لەلایەن تاقمی خوێندەوارانی هەولێر بەگەرمی پێشوازی دەکرا٠٠ بۆ ڕاستی‌و میژو دەمەوێ دەوری بیشتمان پەروەری ماموستا شێخ نەزیف عەبدولکەریم لە بڵاوکردنەوەی گیانی کوردایەتی لە هەولێر بە شانازی‌یەوە ماموستایە کارێکی زۆر ئەکە لەسەر لاپەڕەکانی (هاوکاری) تۆمار بکەم٠ چونکە بەڕاستی خۆی زۆر لەم ڕووە ماندو ئەکرد ، ئەوەی شایەنی باسە ماموستا (شێخ نەزیف) بۆیەکەم جار لە مێژوی شاری هەولێر شانۆگەری (کچی کوردستان)ی پێشکەش کرد هەر چەندە بەڕەرەکانیشی دەکرا ، لە شوێنی (چیشخانەی کۆماری) ئێستاکە ئەو وەختە (چایخانە) بو ٠٠ واتە شانۆ گەری‌یەکەی لەو چایخانەیە پیش کەش کرد بەشدارانی شانۆگەری‌یەکەش ئەمانە بون : کاک فتاح جبار ٠ کاک حیدر سلیم ٠ بەخۆشی دەوری کچی کوردستانی وەرگرتبو ٠

ماموستا (عیزەددین لەسەر قسەکانی ڕۆیشتو وتی :-

بەڵام کاتێ کە (معارف)ی هەولێری ئەوسا بە مەسەلەکەی زانی ، زانی ئەم چوار



ماموستایە کارێکی زۆر ئەکە لەسەر میشکو دڵی قوتابیانەوە و زمانە شیرینەکەی خویانیان لا شیرین ئەکەن لە پرینکا فەرمانی دەرکرد بە کواستنەوەی ماموستا سعدی جلال واحمد فخری بۆ (کۆیە)و (ڕواندز) جا ئێمە قوتابیانی پۆلی پێنجەمو شەشەم (تەنها یەک قوتابی نەبێ) یەک دەست قوتابخانەمان چۆل کردو ڕومان کردە بەر دەرگای سەرا داوای هەڵوشاندنەوەی دور خستنەوەی ئەو دو ماموستایەمان کرد ، بۆ سێ ڕۆژ مانمان گرت ، ئەوەی دێتەوە یادم ئەم قوتابی‌یانە بەشداری مانگرتنەکە بوون :- فتاح جبار ٠ ڕمزی نافع ٠ محمد فتاح ٠ معتصم فتاح ٠ حسام نافع ٠ عبدالخالق احمد ٠ جلال عبدۆک ٠ شاکر شریف ٠ عمر عثمان ٠ ئەوەش لە ساڵی (١٩٢٨)دا بو ٠

هاوکاری :

ئایا ئەتوانین ئەم مانگرتنە بە یەکەم مانگرتن دابنێین کە لە شاری هەولێر ڕوی دابێ ؟

وەڵام :

ئەوەی من ئاگاداریم وابزانم یەکەم مانگرتن بو٠

پرسیار :

چی‌تر ؟

وەڵام :

ئەگەر بە فراوانی باسی میژوی بڵاو بونەوەی گیانی کوردایەتی‌و کەسانەی دەوریان گێڕاوە بکەین نەوا زۆر دوورو درێژە دەکێشێ بۆیە بەڵام بەکورتی بۆتانی ئەگێڕمەوە ٠

هاوکاری :

فەرمون ٠

ماموستا عیزەددین : - لە پاش شۆڕشە خوێناوی‌یەکەی شەشی ئەیلوولی بەردەرکی سەرای سولەیمانی ، ماموستای نەمر (ڕەفیق حلمی) بۆ هەولێر گوێزرایەوە ، بەڕاستی ماموستا حلمی دەوڕێکی باشی دی لەپەرە پێدانی گیانی کوردایەتی بەتایبەتی کە چەند شیعرێکی (بێکەس)ی نەمری بەناو قوتابیان‌دا بڵاو کردەوە٠

کە گەیشتمە پۆلی یەکەمی ناوەندی خۆم لە قۆناغێکی‌تر! دی چونکە بەڕێگای قوتابخانەوە دۆستایەتیم لەگەڵ تاقمێکی نوێ پەیدا کرد ، لەوکاتەش‌دا کاک محمد زانع (ڕوستەم) ماموستا میرزا عبدالکریم لەکۆیەوە هاتنە هەولێر ، هەروەها صمد حاجی محمود شیخ واتح ٠ جلال عبدالله بگ ٠ محمد خری لەڕواندزەوە هاتنە هەولێر وە نشأت شوکت ، نوری سعید عزیز ، وهاب محمد علی ئاغا لە (باتاس) وە ٠ عومەر میران لە (مخمور)ەوە ٠ محمد لەتیفو ئەمانە گشتی‌یان چ بەئاشکراو چە بەنهێنی گیانی نیشتمان پەروەری کوردایەتی‌یان لە هەولێر بڵاوکردەوە ٠

هاوکاری :

باشە ! ماموستا پاش بڵاو بونەوەی گیانی کوردایەتی بەم شێوەیە ، هیچ چەشنە ڕێکخراوێکی نیشتمانی نەبوو

وەڵام :

لەوکاتەدا چرمە بەغدا کە ساڵی (٩٣٦) بو بۆزەواو کردنی قوتابخانەی ماموستایان تاساڵی (٩٣٩) کەهاتمەوە هەولێر جولانەوەی کوردایەتی شێوەیەکی تازەی گرتبو بە دامەزراندنی (هیوا) ٠ ئەوەی شیاوی باسە (حزبی هیوا) دەورێکی زۆر باشی ئەدی ٠ زۆربەی لاوەکانی هەولێر ئەندام بون لە حزبی هیوا ئەوکاتە ماموستا مجید أمین لێرپرسراوی حزبی هیوا بو، بەڵام پاش ماوەیەک بەمن ڕاسپاردرا ٠ تاکو من بۆ ناوچەی (گۆیژ) گۆیزرامەوە٠٠



پرسیار :

باشە ! ئەدی کەچری بۆ گوێژ ؟

من دو ساڵ لێرپرسراوی هیوابوم لەشاری هەولێر بەڵام کە گوێزرامەوە بۆ (گوێژ) باری (هیوا) ش وەک جاران نەما ،چونکە توشی گیروگرفتو دوبەرەکی بو٠پەیوەندی منیش لەگەڵ هەمو لایەک پچڕا ٠ئەوە بو بەکورتی ڕێڕەوی دەست پێکردنی جولانەوەی کوردایەتی تاساڵی ١٩٤١ ٠

هاوکاری :

باشە ماموستا دەربارەی گێڕانی ئاهەنگی نەوڕۆز چیت دێتەوە یاد ؟

وەڵام :

ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی نەوڕۆز بەشێکە لە مێژوی جوولانەوەی نیشتمان پەروەری لە کوردستانی عێراقدا ٠ باسەکە ڕۆژی دەوێ بەڵام زۆر بەکورتی ئەڵێم ،یادی نەوڕۆزو بڵاوبونەوەی چ بە نهێنیو چ بە ئاشکرای ناوی چەندە کەسێک تۆمار دەکەم بۆ مێژو ونەوەی نوێ ، ئەوەی من ئاگاداریم لە ساڵانی (٩٣١ - ٩٤٧) ئەم ماموستایانە پێی هەڵساون : وهاب حمد علی ئاغا ماموستای نەمر حوزنی موکریانی ٠ سلیم سەیدۆک ٠ طاهر عبدالله ٠ عزەددین فیضی ٠ عونی یوسف ٠ عاصم حیدری ٠ فایق نادر ٠ احمد محمد امین دزەیی ٠ و گەلێکی‌تریش بێگومان ئەوانە لەم ڕێگایە پیرۆزەدا زۆر ئێش‌و ئازاریان دی ! وەنەبێ مەسەلەی (نەوڕۆز) بە ئاسانی چوبێتە گیانو دەرونو هەمو قوژبنێکی کوردستانی خۆشەویست هەروەک ئەمڕۆ منالی ناو بێشکە وشەی (نەوڕۆز)ی لە گوێچکەدا ئەزرنگێتەوە ٠٠

هاوکاری :

بێگومان تەخت کردنی ڕێگای سەرکەوتن وئاسان نایەتە بەرچاو ٠

پ :

دیسانەوە نەک بەناوی ئەوەی کە خۆت سەرۆکی (ی٠ن٠ک - لقی ههولێر) یت بەڵکو وەک ئەندامێک ، وەزع‌و چالاکی‌و ئاستی جولانەوەو جموجولی یەکێتی نوسەرانت چۆن دێتە بەرچاو بەشێوەیەکی گشتی ؟

وەڵام :

پار ئەگەرچی ئەندامیش بوم بەڵام پەیوەندیم کەم بو،ئەتوانم بڵێم هەر نەبو ٠ ئەمساڵ کە سەرۆکایەتی لقی هەولێرم پێدرا زیاتر هەڵسو کەوتم لەگەڵیان بو و بە تەواوی چرمە ناویانەوە ، لەڕاستی‌دا زۆربەیان حەز بە نوسین وتێکۆشان دەکەن ٠ شتێ هەیە کە جێگای شانازی یەکێتی‌یە ئەویش ئەوەیە هەمو خاوەن بیروباوەڕێکی کۆکردۆتەوە ئەگەر هەر نەختێ هەوڵدان‌و خۆنەویستی هەبێ سو دی زۆر ئەبێ !!

کۆڕە ئەدەبی‌یەکانمان بە هێزترین بەڵام هەوادارین بە هێزتریان کەین !

پرسیار :

ئایا ناوەڕۆکی ئەو نەدەبەی ئەمڕۆ لەکایەدایە لەگەڵ خواستو ئاواتەکانی گەلی کوردمان لە قۆناغی ئێستای‌دا ئەگونجێ ؟

وەڵام :

دەزانی چی‌یە ؟ هەولێر دەرەنگ لێک ئاشکرابون ! یا بڵێین دەرەنگ ڕاپەڕین ٠لەپێشا ژێر چەپۆک بون بەڵام ئێستا ئازادو سەربەستن ، ئەیانەوێ لەپڕ بێگەن ئەم کارەش دەبی وردە وردە بهێنە ئێتە دی! توانای نوسین زۆرە ٠ جا ئەگەر یەکێتی پەخشنا مەیەکی هەبێ دەتوانێ ئەم توانایە پەرەپێبدە٠٠

پرسیار :

بەکورتی دەوری یەکێتی ئوسەرانی کورد - بەغدا -؟

وەڵام :

هەر لە دەرچونی گۆڤاری (نووسەری کورد)موە ئەزانین کە (مرکز) چالاکی هەیە ! لەڕاستی‌دا ئێمە خۆمان بە غەریب دێتە بەرچاو بەرامبەروان چونکە هیچ پەیوەندیمان لەبەین‌دا نیە ، بەلایەنی کەمەوە پێوەستە لە کۆبوونەوەکانی (مرکز) نوێنەری هەرلقێک ئامادەبێ !

شتێکی تریش هەیە من بەباشی تێناگەم : (یەکێتی نوسەران) هەیە (کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی)ش هەیە ٠ زۆربەی ئەوانەی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرن لە (یەکێتی نوسەران) لە هەمان کاتدا ئەندامن لە دەستەی بەڕێوەبەری (کۆمەڵە) ٠ ئەوەش وایان لێ دەکا کە ئەوکەیان بەپوختەو ڕوختەیی نەچیتە سەر وەکو (معروف

بڕوانە ل : ٧

ووشەکانم

- محمد حمە باقی -



شیرینەکەم ٠٠
ڕێزیوەکان ئەیانەوێ
بچن بەگژ ووشەی ئازاوڕاپەڕیوما
چنگی پسیان بکەن بەسنگو ، گەرووما
ئەیانەوێ ٠٠ لە منداڵدانی دەرووتما
دەستبێنە بینەقاقای‌ووشەی کۆرپەم
بروخێنن هەستو ، هیواو ،
دڵێ گەرمی پڕ لەکڵپەم !
ئەیانەوێ ٠٠ ئەو هاوارەی من نەبیستری ،
کەبۆ : « نرخو هاوسەرێ تۆ ،
تۆی ئافرەتو نیوەی کۆمەڵ
هەڵئەبەستری ٠٠!
لایان سەیرە ٠٠ بانگ‌هەڵبدرێ :-
دەستی هاوکاری‌و ، هاوبەشی ،
بۆ ئافرەتان ٠ درێژ بکرێ ٠٠!!
کەچی لایان سەیر نیە ٠٠
کەچی لایان نەنگی‌نیە ٠٠
گەورەو بچووک ٠٠ بێدەنگ سەرچۆک
بۆماچ‌کردنی دەستوپێی ،
شێخی بێرەنگی چاوچنۆک ٠٠ !!
بەڵێ گیانە ٠٠ ئەیانەوێ ٠٠
وەکو ئەوان ،
دەستی ووشەی لاسایی‌مان
درێژ بکرێ ٠٠
بۆ ناو هەوری ئەوچنگانەی
پڕن لە لافاوی تاوان!
بۆ ناو دەستی ئەوبتانەی ،
قاوغی دڵیان پڕاوە ٠٠
نەخشی ووشەی دەڵەسەیان
وەکو کرداریان سواوە٠٠٠ !
منیش گەردەلوولی‌ووشەم ،
ئەگەم بەگۆڕی ژینیانا !
تێزابی قینو نەبەزیم ،
ئەگەم بە داڕزێنانا !!
ئۆش لەنووڕەوە گوێت نێبێت ، گوڵاژەکەم ، کەپێت ئەڵێم :
تا ، پشووبەک لە سنگیابێ ٠٠
تا ، هاوارێک لە دەنگیابێ ٠٠
تا ، ووشەیەک لە فەرهەنگی هەڵبەستیابێ ٠٠
ئەبێ نرکەی داوای مافی‌بۆتۆ ، تیابێ ٠٠!

هاوکاری


ژمارە (١١٧)
٢٠ی مایسی ١٩٧٢

طلیعة ٥ ٤ ٢

شەش وەزیری نوێ

دوانیان لە پارتی کۆمۆنیستی عیراق


وە دوانیان لە پیاوە نەتەوە پەروەرە ناسراوەکانن



مکرم تالەبانی



عامر عبدالله



دکتور هشام الشاوی



دکتور نزار طبقچلی



حکمت العزاوی



دکتور جواد هاشم

رۆژی ١٤ ـ ٥ـی رابوردوسەرۆک کۆمار کاک احمد حسن البکر بە مەرسومی کۆماری شەش وەزیری نوێی دانا :

کاک مکرم تالەبانیو کاک عامر عبدالله کە نوێنەری پارتی کۆمونیستی عیراقن .

وە دکتۆر هشام الشاوی ودکتۆر نزار الطبقچلی کە لەپیاوە ناسراوەکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی ئەژمیرین .

وە هەروەها کاک حکمت العزاوی جێگری وەزارەتی ئابوری کرابە وەزیری ئابوریو دکتور جواد هاشم ئەندامی مەکتەبی کاروباری ئابوری لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کرا بە وەزیری نەخشەکیشان .

ئەمە جگە لەوەی بەپێی مەرسومەکە ٣ وەزیر ئەگوڕێو ٣ وەزیری تر لێان ئەبوردریت وە ئەمەی خوارەوە وینەی مەرسومەکەیە :

بەپێی فەرمانەکانی برگەی (ج) لە بەندی پەنجاو حەوتی دەستوری وەختی بەم جۆرە بریارماندا :

یەکەم : دانانی :

١ ـ دکتۆر رشید الرفاعی بەوەزیری هاتوچۆ .

٢ ـ عدنان أیوب صبری العزی بەوەزیری لاوان .

٣ ـ حامد علوان الجبوری بە وەزیری راگەیاندن .

٤ ـ دکتۆر جواد هاشم بە وەزیری نەخشەکیشان .

٥ ـ حکمت العزاوی بە وەزیری ئابوری .

٦ ـ مکرم تالەبانی بە وەزیری رەی .

٧ ـ دکتۆر هشام الشاوی بە وەزیری فیرکردنی بەرزو لێکولینەوەی زانستی .

٨ ـ دکتۆر نزار الطبقچلی بە وەزیری دەوڵەت .

٩ ـ عامر عبدالله بە وەزیری دەوڵەت .

دووەم : لێبوردن لە :

١ ـ شفیق عبدالجبار الکمالی لە فرمانی وەزیری راگەیاندن .

٢ ـ دکتورە سعاد خلیل اسماعیل لە فرمانی وەزیری فیرکردنی بەرز و لێکولینەوەی زانستی .

٣ ـ دکتۆر طە ابراهیم العبدالله لە فرمانی وەزیری رەی .

لە رۆژی ٣٠ی مانگی رەبیعی یەکەمی ساڵی ١٣٩٢ی کۆچی بەرامبەر بە رۆژی ١٤ی مایسی ساڵی ١٩٧٢ ی زاینی لە بەغدا نوسرا .

احمد حسن البکر
سەرۆک کۆمار

●

ئەم مەرسومەش دەرچووە بودانانی جێگری ئەوەو وەزیرانەی لە دەرەوەی وڵاتن :

بەپێی فەرمانەکانی برگەی (ج) لە بەندی پەنجاو حەوتی لە دەستوری وەختی بەم جۆرە بریارماندا :

شێخ لەتیف لە کاروانی گەورە پیاوانداو

مەلا قادر

لەوەتی ئادەمیزاد ئەم دنیایەی ئاوەدان کردوتەوە ، لەوەتی ئینسان فامی کردوتەوەو فەرقی مردنو ژیانی کردوە ، کێشان نایە ، لە واقیعدا ئەوەندە خەلک هاتوونە سەر دنیاو مردوون کە نەتا ئیستا ژمارەیان زاندراوەو نەلەمەوخۆی پاشمیش دەزاندرێ ، نەناویان زیاتر ماوەو نەنیشان ، کەس نازانێ چەندکەس هاتوونو مردون ، حیسابی ئەم (چەندوچوونی)یە سەریکی لە (ئەزەل)ەو سەریکیشی تا (ئەبەد) دەڕوا . بەڵام ئەگەر بەرێچکەی تاریخا بگەڕێینەوە دواوە لە هەموو قۆناغێکماندا تووشی ئینسانی وادەبین کە لەنیوان (ئەزەل)و (ئەبەد) ١ ناوی کوێرنەبۆتەوەو توانیویە لە تاریکی (ئەزەل) خۆی رزگارکا وبەرەو ناسۆی (ئەبەد) بروا ، ئەو ناسۆیەی کە پێشکەوتنی ئادەمیزاد تادێ روونا کتری ئەکا .

لەکۆنترین دەورەزەمان پا تائیمرو ، میژوو باسی گەلێ پیاومان بو ئەکا لەبیر نەچونەوە دەبێ هۆی ئەمەچی بێ ؟ بۆچی بێئەژمار خەلک هاتوونە سەر دنیاو دێن ودەڕۆن ، هەر ناوی هەندێکەس دەمێنێو ئەوانی تر وەک نەبوبون وان ؟ ئەمانە ئەو کەسانەن کە بەنیسبەتی پیش کەوتنی کۆمەڵی خوبان ، کەمو زور ، لەرووداوەکانی وەختی خویاندا (مؤثر) بوون ، جڵەوداری هەندێ رووداوی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی خۆیان بوون وەدەستیان بە جڵەوی تاریخەوە گرتوە .

ئەم جۆرە پیاوانە لە هەموو گوشەیەکی دنیا ، لە هەموو کۆمەڵێکو لەناو هەموو میللەتێکدا هەبوونو دەبن ، پیاوی گەورەنو گەورەپیاون ، پیاویکن کە دەچنە ناو میژووی میللەتانەوە ، بەڵام هەمووبان پیاوی دەوروزەمانو جێگەوڕێگەی خویانن ، گەورەیی و عەزەمەت (کمی)نیەو (کیفی)یەو ئەوەی لەهەسەلەی گەورەپیاوانداو (کمی)بێ ئیش وکارەکانیانە ، ئەگینا پیاوی گەورە هەر گەورەیە . گەورەیی بە (پارە) و (زەوی وزار)و (دەستەلات) یش نیە ، هەر وەکوو ناش بەستڕێتەوە بە (چین)یکی تایبەتی کۆمەڵەوە ، ئەمانەکێش و تەرازووی (دەوروزەمان)ن بۆکێشانی گەورەیی کە لە هەموو نەتەوەکانی تری ئەم دنیایە ، لەهەموو دەوروزەمانیکی میژووی پڕ لەبەرزونزمی خۆیدا پیاوی گەورەی زۆربوون ، بەجۆرێک کە بەشی دەرو دراوسێیشمان لێداوە ، میژووی نەتەوەکەمان پڕە لەو پیاوە گەورانەی مایەی شانازی کوردن .

روژی جمعەو شەوی شەممو ١٢ـ١٣ـمایسی ١٩٧٢ سەعات ٦و٤٥ دەقیقەی پاش نیوەڕو ، پیاوێکی گەورەی کوردەواری کۆچی دوایی کرد ، ئەم گەورە پیاوە شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی نەمربوو . بۆیە نالێین شێخ لەتیف گەورەیە چونکوو کوردی پیاوێگی گەورەیەو ڕۆژگارێک باوکی (حکمدار)و (ملک)ی کوردستانی جنوبی بوە ، بۆیەشە بەگەورەی دانانێین کە لە خانەدانێکی دینی بەناوبانگی کوردستانەو نفوذی (طریقت)یان لە ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاوای کوردستاندا بلاوبۆتەوە ، لەبەر ئەوەش نیە کە لە دو لیوای گەورەی وەک (سلەیمانی)و (کەرکوک)دا موڵکو زەویو زاریانەبوە ، گەورەیی بەمیرات وەرناگیری ، سەعیدی شاعیری فارس دەڵی :

جاریکیان لەشام قیمتنەیەک بەڕیابوو
خەڵک پەرشو بلاوبوون ، هەرکەسە ڕووی کردە لایەک
پادشازادە کەم عەقڵەکان بە

کوردن .

دەڕۆزەکردن چوونە لادێ
کورە جوتیارە زاناکان بوونە
وەزیری پادشا

ئەگەر شێخ لەتیف خۆی جەوهەری گەورەیی تێدانەبا ، گەورەیی باوک ، ناوبانگو نفوذی خانەدانو ئەوشتانەی تر دادیان نەدەدا . ئەوانە شێخ لەتیفیان لەنیزیکەوە ناسیوەو لەگەڵی هەلساونو دانیشتوون ، دەزانن جگە لەهەندێ عەواملی خارجی هەر خۆی گەورەبوو ، ئیشیوای دەکرد هەرگەورەپیاوان دەتوانن بیکەن . شێخ لەتیف

بڕوانە ل : ٧

کۆچی دوایی « شێخ لەتیفی حەفید »

ئێوارەی ڕۆژی هەینی ڕابوردو شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی حەفید دوای نەخۆشیەکی سەختو درێژ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد . شێخ لەتیف جێگەو پایەیەکی تایبەتی لەلای خەڵکی کوردستان هەبو ، بەوەی پیاوێکی دیارو ناسراوبو لە خەباتی گەلەکەماندا وەک هەمو تێکۆشەرێکی کوردستان نوشی گرتنو ئازارو دەربەدەری بوبو .

هەروەها شێخ لەتیف ئاشتی خوازێکی ناسراوبو نەک هەر لە مەودای بزوتنەوەی ئاشتی ـ خوازانەی وڵاتدا بەڵکو لە ناو ئاشتیخوازانی جیهانیشداو بە نوێنەری ئەنجومەنی ئاشتی خوازانی عیراق چوبۆ یەکێتی سوفیەتو چین .

چاپکردنی ژمارەی پێشوو ـ هاوکاری ـ لە تەواوبوندا بو کاتی خۆیدا لەسەری بنوسینو هەواڵەکەی بڵاوبکەینەوە . داوای لێبوردن لە کورو براو هەمو بنەماڵەی شێخان ئەکەینو هاوبەشی خەمیانینو لە یەزدانی گەورە داواکارین سەبوری خەمیان بدات .

ـ دەستەی نوسەرانی هاوکاری ـ

٩ ملیۆن دینار بۆ فراوان کردنی پرۆژەی شکری سلێمانی

دوای ئەوەی ئەنجومەنی نەخشەکێشان لە سەر تەرخان کردنی ٧٥٠ هەزار دیناری تر بو جێبەجێ کردنی پێویستی پرۆژەی دروست کردنی کارگەی شەکر لە سلێمانی رازی بو ئرخی دروست کردنی هەمو پرۆژەکە زیادی کردو گەیشتە ٨ ملیونو ٩٥٠ هەزار دینار . وە بۆ ئەوەی لە وەرزی (موسم) چەوەندەر دەرهێنانی ئەمسال کارگەکە بکەوێتە ئیشکردن ئیستاکە داوودەزگای گشتی نەخشە دانانو دروست کردنی پیشەسازی خەریکی دانانی ئەو مەکینەو کەلو پەلە تایبەتیانەن کە پێویستیان بە پرۆژەکەوە هەیە . جگە لەمەکاک عدنان الکندی سەرۆکی دایرەی گشتی نەخشە دانانو دروستکردنی پیشەسازی رای گەیاندوە کە ئەو ریکەوتنەی لەگەڵ کۆمپانیای بەلێندان بەهۆی باران بارینی ئەمسال دواخرابو لەم بەینە تەواوبوە .

وەهەروەها کاک عدنان رونی کردوتەوە کەوەزارەتی چاکردنی کشتوکاڵ ٤ هەزار دونم زەوێ زیاتر تەرخان کردوە بۆ چاندنی چەوەندەری شەکر ، ئەمە جگە لە دابەشکردنی تۆو و پەین بەسەر هەرەوەزە کشتوکاڵیەکانو جوتیاران لە ناوچەکەدا .

وە ئەوەی شایانی باسە دەستکراوە بە تۆو چاندن لەو زەویانەی کە بۆ چەوەندەر تەرخان کراوون .

ڕێکخستنی توتنو چەوەندەر چاندن هەیە

دایرەی ئینحسارەی توتن بەپێی پێویست هەنگاوی ناوە ، بۆ ئەوەی لەمەولا توتن لەو ناوچانە نەکریت کە توتنی باشی تیا نایەتە بەرهەم تاکو لەجیاتی توتن چەوەندەری شەکری لێ بچێنن بەتایبەتی لە پاریزگای سلێمانیدا .

ئیستا دایرەی ناوبراو هاوکاری لەگەڵ ئەو لایانە کە کات کە بەیوەندیان بە ڕێکخستنی کاروباری چاندنی توتنو چەوەندەری شەکرەوە هەیە .

ئەمە جگە لەوەی خەریکی وەرگرتنەوەی ئیجازەی توتن کردنە لەو دیهاتانەی کە زەوی و زارەکانیان لە ٧٥٠ مەتر لە ئاستی دەریا نزمترن وە لەم ڕووەوە جۆتیارەکان کە لەموسمی توتن چاندنی ساڵی ١٩٧٢دا ئەم جورە توتنانە وەر ناگیرین کە لە کیلگە بێ کەلکەکاندا ئەکرین .

« ٣ » بنکەی نوێ بۆ کۆکردنەوەی شیر لە کوردستانا

داوو دەزگای گشتی پیشەسازی کیمیاو خواردەمەنی بەتەمای دروستکردنی ٣ بنکەی نوێیە بۆ کۆ کردنەوەی شیری خاو لە ناوچەکانی ژوروی وڵاتا .

ئەم بنکانە شیر ئەنێرن بۆ کارگەی شیری ژورو لە نەینەوا بۆ ئەوەی پێویستە بازارەکانی ناوچەی ژورو جێبەجێ بکەن . وە سەرچاوەیەکی لێ پرسراو رای گەیاندوە کە بنکەی یەکەم لە بادوش ئەبیت وە دووەم لە ناوچەی بەرتەل لە پاریزگای نەینەوا وە سێهەمیان لە سمیڵ لە پاریزگای دهوک ئەبیت .

ئەم شوێنانە بۆیە هەلبژێراوون چونکە مەڕو مالآتیان زور تیایە .

« ٣ » هەزار « ٥٠٤ » خانوبەرە بۆ « ١٥ » هەزار کەس لە کوردستان تەواو بوە

وەزارەتی کاروباری ژوروتائیستا توانیویەتی ٣ هەزارو ٥٠٤ خانو دروست بکات لە دیهاتەکانی پاریزگاکانی کەرکوکو هەولێرو سلێمانیو دهوکو دیالە .

ئەو خانوانەی کەبەشی ١٥ هەزار هاو ولآتی ئەکات نزیکەی ٢ ملیونو ٩٥٠ هەزار دیناری تێ چوە .

لە دیهاتو ناحیەو قەزاکانی پاریزگای کەرکوک ٤٩٥ خانو دروست کراوە کە نزیکەی ١٤٨ هەزارو ٥٠٠ دیناری تێ چوە . وە ٤٩ خانو لە هەولێر دابەش کراوە کە ٣١٤ هەزارو ٧٠٠ دیناری تێ چوە . هەروەها لە دهوک نزیکەی یەک هەزارو ١٠٨ خانوی دیهاتی تەواو بوە کە ئیستا جوتیارەکان تیایانا دانیشتون نزیکەی ٣٣٢ هەزارو ٤٠٠ دیناری تێچوە .

لە سلێمانی ١٧١ خانوی دیهاتی دابەش کراوە کە ٥١ هەزارو ٣٠٠ دیناری تێ چوە .

وە هەروەها لە دیالە ١٧٧ خانو تەواو بوە و نزیکەی ٥٣ هەزارو ١٠٠ دیناری تێ چوە .

●

کردنەوەی دو کۆڵێجی تر سەر بە زانکۆی سلێمانی

چەند ڕۆژێکی تر دروستکردنی کولیجی کشتوکال لە بکرەجۆ لە پاریزگای سلێمانی ئەخرێتە موناقەسەوە ، ئەم کولیجە نزیکەی ٢٥٠ هەزار دیناری تێ ئەچێتو وا چاوەڕوان ئەکرێت کە لە ماوەی دوساڵدا تەواو ببیت . ئەوەی شایانی باسە زانکۆی سلێمانی زەوی وزاری دەوروپشتی شوینی کولیجەکەی ئیستملاک کردوەو دەستی کردوە بەشەتل لیدانی تاقی کردنەوە بۆ مەشق پێکردنی قوتابیەکانی کولیجەکە .

ئەمیندارێتی گشتی ئەنجومەنی فیرکردنی بالآو لێکولینەوەی زانستی داوای لە وەزارەتی تەندروستی کردوە کە هەولێکی تەواو بدات بۆ بەشدار بونی لە پرۆژەی دروستکردنی کولیجی پزیشکی لە زانکۆی سلێمانی .

ئەوەی شایانی باسە ئەنجومەنی فیرکردنی بالآو لێکولینەوەی زانستی پێشتر بریاری لەسەر دروستکردنی ئەو کولیجە داوە ..



ژیانی شۆڕشگێڕ

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە

(ئەڤ گوتارە برادەرێ هێژا دلشاد عەبدلرحمانی ژمەرا وا هنارتی ، پێشنیارەکا گەلەک سپەهی و دجهێ خودا یاکری لسەر نڤیسینا کوردی نەخاسمە زارافێ کرمانجی ۰

بالمنڤە ، بو ڤێ چەندێ بێدڤی یە ، هەمی برادەرین دلسوژ بو پێشکەفتنا زمانێ کوردی و ئەڤێن دخورا دبینن خزمەتا زمانێ خو بکەن و بەردەوام لگوڤارو روژنامین کوردیدا دنڤیسن ، لجەهەکی کوم بین و لسەر ڤی بابەتی باخڤن ، دا بگەهنە هندە بنگەهێنێن سەرەکی ، یێن ئێکگرتی بو (ئیملا) کوردی ۰

ئەم ڤێ پێشنیارێ پێشکێشی خوێندەڤانێن هێژا دکەین ، هیڤیدارین بزوێترین گاف بەرسڤا مە بدەن ، ئەگەر بدلێ وان بیت دا جهەکی و دەهەکی دانین و ئەم هەمی لێ جڤات ببین ۰

مە باوەریەکا موکما هەی کو بڤێ رێکێ دێ خزمەتەکا مەزن پێشکێشی زمانێ کوردی کەین و هەر بژین ۰)

سەربەست بامەرنی

وەڵامدانەوەیەک بنڤیسین

بو بەرپسیارێ ـ بەرپەرەک ژ زارافێ من ـ یێ هێژا

جاترین و گەرمترین سلاڤا بو هەوە دشینم ۰

براستی ئەز گەلەکێ دلخوشم کرمانجی بتایبەتی ۰ ئەز گەلەکێ ڕشتم کو ئەو ڕۆژنامە دێ هەرا بەردەوام بیت دخزمەتا زمانێ کوردیدا ۰

وەلێ من (وەک خوێندەوانێ) بەرۆژنامە ـ هاوکاری ـ یا خوشتڤی ، نەمازە الاپەرێ ـ بەرپەرەک ژ زارافێ من ـ چکو ئەو بەرپەر یێ بوویە هاندەرەکێ مەزن بو پێشکەفتنا تورێ کوردی بگشتی و زارافی (ئانە کی) تێبینیەکا هەی پێدڤی یە لێرەدا ڕوون و ئاشکرا بکەم ئەو ژی ئەڤەیە :

ـ بوچی ئەم هەمی بیەک چەشنە نڤیسین ، نا نڤیسین ؟

هندەک دنڤیسن (مروڤێت باش) و هندەک ژی دنڤیسن (مروڤێن باش) و هندەکێت دی دنڤیسن (مروڤێد باش)

ئەڤ جودایی یە ناکەڤیتە سەرسەرێ نڤیسارا ، چکو هەتا ڕامانا من ئەوە دەمێ ئەز ڕۆژنامە هاوکاریێ ـ بەرپەرەک ژ زارافێ من ـ دخوینم ، دبینم هەر نڤیسەڤانەک بدیالێکتا گوندێ خو دنڤیسیت بو نمونە نهوژی ئەم نزانین کی ژوان راستە ئان راستترە ۰

لمنوەرە ، هوین کو بەرپسیارێت ڕۆژنامێ نە دکارن ڤێ چەندێ چارەسەرکەن ، بڕیکا هەلبژاردنا چەشنە نڤیسینەکێ بو وێ ڕۆژنامێ ئانکو هەر نڤیسینەک بگەهتە دەستێتەوە برامانا بلاف کرنێ پێدڤی یە هوین دەستکارینێ تێدا بکەنو بئاوایەکی ژ ناوبێت سەرێ من باس کری بنڤیسنو بلاف بکەن ۰

دلشاد عبدالرحمن

خودی کەسێ ناهێلتە بێ هیڤی

هندی تێنەک دلەشێ من دا هەی من دکرو بچویکێت خو بخودان دکرن ، ڕۆژەکێ ژی من دەڤێ خو لبەرئێکی خارنەکر ژبو پارەکی ئان پاریەکی ـ بەلێ پارەکێ گافێ یا وەلمن هاتی ئەز نەشێم نڤیژێت خو ژبیرڤە بکەم و ئەژی دترسم ژ بچویکێت خو نەکە ، ڤێ ئاخلیڤەی بەلنکاز بین ۰۰

من گوت : ئەز دەمەکێ دویرو دریژ ڕەزفانێ وی بووم و من جهێ خو لدەف هەبو ، ئەگەر ئەز بچمو ژاریا خو بدیارکەم ، وەهەیە دلێ وی بمن بسوژیت و دینارەکی بدەتە من ، دینار ڤێ گافێ گەلەکە ۰

ئەز رابووم و من کوپالێ خو ڤبەری خو ئێخستو و من کوتاندە ڕێ ۰۰ بهێدی ـ هێدیا من ئەز گەهشتمە وێرێ نیڤرو ، هێژ ئەز نەگەهشتیمە دەرێ خانی زارووێت وی بهاتنا من ئاگەهدار کر ، ئەز ڕوینشتم ، زانی من خلمەتەکا هەی ۰۰ خر بەرێ خو ژی نەدامن ، جونکو ئەڤرو من پاکی یا پێهەی ۰۰ دێ ڤێجا وەرە !! نە پرسیارەکە ۰۰۰ نە دبێژتە من تو هانی یە چ ۰۰۰ نە خو دمن دگەهینیت !!

دێ چاوا ڕویێ من گریت ئەر بێژمێ ، ئەز مامە دخورکومانا خودا ، مادێ چ پویتە بمن کەت ؟! دێ دا بێژمێ نەکە ژمال دمرکەڤیت ۰۰ نە ئەز شەرمدکەم ۰۰ نە دێ بێژمی ۰۰ نە ۰۰ بەلێ ۰۰ نە ۰۰ بەلێ نە

چارەکێ ژ دەڤێ من ڤەرستو من گوت :

ـ ئەزبەنی هوین دزانن ئەز هاتیمە چ ؟

هەر وەکو ئەز هەلباسکی چیایەکێ بلند بوویم ، نەزا چەوا ئەڤ ئاخڤتنە ژمن دەرکەتن ، من نەزانی دێ هندێ زیرەک یم هەتا ئەز ڤان ئاخڤتنا بێژم ۰۰ لمن هاتە ڤەگێران :

ـ ئێ ۰۰۰!!

دێ باشە من ئەڤە گوتن ، بەلێ دێ چاوا بێت دی بێژم؟ ۰۰

۰۰۰ تەزنکەکێ ئەز گرتمو ئێکێ ئەز بەردام ، بێدهێنە سەر ئەزمانێ من کو دابێژم ۰۰ نەهەرێ جارەکادی ئوقم دبنەڤە ناڤ گەوریا منو دگەل خوزیاخو دخەندڤینم ۰۰ جارەکێ من خو کوک کرو ومن گوت :

ـ ئەز ۰۰ ئەز ۰۰ ئەز ۰۰

پاشی ئەز ۰۰ پێدەنگ بووم ۰۰ دێ هاژ من هاژ گەوریا من ۰۰ دێ بەرپسیارێ ـ بەرپەرەک ژ زارافێ من ـ یێ هێژا

جاترین و گەرمترین سلاڤا بو هەوە دشینم ۰

براستی ئەز گەلەکێ دلخوشم کرمانجی بتایبەتی ۰ ئەز ڕۆژنامە هاوکاریێ ـ بەرپەرەک ژ زارافێ من ـ دخوینم ، دبینم هەر نڤیسەڤانەک بدیالێکتا گوندێ خو دنڤیسیت بو نمونە

وەلێ من (وەک خوێندەوانێ) بەرۆژنامە ـ هاوکاری ـ یا خوشتڤی ، نەمازە الاپەرێ ـ بەرپەرەک ژ زارافێ من ـ چکو ئەو بەرپەر یێ بوویە هاندەرەکێ مەزن بو پێشکەفتنا تورێ کوردی بگشتی و زارافی (ئانە کی) تێبینیەکا هەی پێدڤی یە لێرەدا ڕوون و ئاشکرا بکەم ئەو ژی ئەڤەیە :

ـ بوچی ئەم هەمی بیەک چەشنە نڤیسین ، نا نڤیسین ؟

هندەک دنڤیسن (مروڤێت باش) و هندەک ژی دنڤیسن (مروڤێن باش) و هندەکێت دی دنڤیسن (مروڤێد باش)

ئەڤ جودایی یە ناکەڤیتە سەرسەرێ نڤیسارا ، چکو هەتا

دەریاد سوژیت (۱)

یێ بوویە ئاگردەریا
پێلێت ناهێنا چونێ
ڤێرا چوو نە قەمریا
گەهێت هیڤیا هانوونێ
ئۆزا ژاریێ نهشتی
لسەر پرێد ڤی دەمی
پەنجا مرنێ گەهشتی
دەنگ ڤێک کەفتبوون هەمی
چەنگو تەنایی و ژینێ
تاریا پایزێ و ڕوژێ
گش گشا چونا خوینێ
تو ژمێتنێ لناڤ بشکوژێ
خرینا پەرێد مەلا
بڤێنا کێزێد فری
نکێنید هیڤید دلا
چرکێنا نانێ بشڕی
پالدانێد کویرەهزرا
بیرێد دویرو ئومێدا
ژبیرێ مرنێ بگزرا
هەمیا پال ناڤ گوریدا
هەلا روندکا باران
خوهـا خەباتێ دگەل
بێ قام سۆر بیوو ئەسمان
مروڤینێ موم ماهەل ۰۰

م. کتانی
ڤیەرنا ـ ۲۸/۴/۱۹۷۲

(۱) ئەڤ پارچە برادەرشەوکەت تووڤی ژمەرا شاندیە گەلەسوپاس برایێ شەوکەت ۰

زمانێ کوردی

صادق بهاء الدین

(۲) (زل) برامانەکو پەژەکا دژی تێت هەر وەکی دڤی سەرهاتیێدا هەکە توسلی ، هەرە سەر زلی ، کا تومریشکی ئان تو دیکلی ۰

۲ ـ (زان) زهاکرنا زانینێ

(زان) : ژماکێ بون کو ژهەڤبرکرنا دەنگێ یا فونێما

(ز) دبێژەیێت هەڤبەرکری دا دیاربو کو جودایی ناڤبەرا واندا هەیە ئەگەرچی هەر دو فونێم ژخێزانەکێ یا فامیلیەکێنە ۰

هەر وەکی وان دەنگێ یا فونێما (پ) هەر وەکی دڤان بێژەیێت ژێرێدا :

(پەیا) برامانو پەژنا مێر یازەلام ۰ دو پەیا هاری مە کر ۰

(پەیا) برامانو پەژنا ژتشتەکێ لێ سوییار هاتنە خارێ وەکی هەسپی ، هێستری یا ئوتوموبیلێ ۰

(پانی) : برامانو پەژنا پاشی یا پێی :

دێ بێژی : پێلافا نوی پانی یا من کول کری یە ۰

(پار) : برامانو پەژنا سالا بەری ئەڤ سالە یا چویی پار ئەو کچک بو ، ئەڤ سالە ئەو بویکە ۰

(پەندڤین) : برامانو پەژنا نڤستنا بکرێتکرنە : وەک ئازا پەندڤی ۰

(پەنگ) : برامانو پەژنا چەندکا تشتی یە وەکی پەنگا ریسی ، هەر وەسا مەند بوینا ئاڤی یە (پەنگیان ، ژبەر هندێ مەزنێت کوردا ئەڤ سەرهانیە گۆتی یە هەڤە ڕێکی بلا دور بیت ، کێچێ بینە بلا پیر بیت ، بدە بۆری بلا کویر بیت ۰

ئاڤا مەندا پەنگیایی نەیا ڕەڤەک چو ترس ژێ نینە ۰ دەنگێ یا فونێما (پ) دوان بێژەیان دا بدرستی وەکی ئێک نینە ئەگەرچی هەمی ژمی ژفامیلیەکێ بن هەر وەسا دەنگی یا فونێما (سی) دڤان بێژەیێت

گوتنەکا سەرپێ

بەری چەند ڕۆژەکا میهرەبانێ هاتە کرن ، گەلە هوزانڤانێت پشکدار بوون ، هەلبەت هەمی گەرم و گورا میهرەجانێ کرن ، دەمێ میهرەجان کەفتی یە دەنگوباس ، نە ئیستگەهێ نەوەکی پێدڤی و نەوەکی چو نەکر ، نەکەسێ زانی سەرکەفتی یەو کێ پێدڤی میهرەجانە ، ئەرێ هەتا کەنگی جانا شیعرا کوردی لکەرکوکێ کلاسیکی و نوی تێدا ڕەوشەفانێت کورد بخێرهاتنەکا بەلێ سەرتیر ببەری کەفت گەڤلکێ خو ئو مایە بەرزە بێ کوردی و نە ڕۆژنامێت کوردی نەپێدڤی هەر خو تێنەگەهاندو شیعرا کێیا باشەو کی ڕەخنەیە ۰۰۰ نزا بو گوتن دێ دهو بین !؟

ئەوزی ئەتروپشی

هوشیاری ژنقستنێ چیترە

خلیل هەکاری

هەرچەند زاناو نوژدارێد شەهرەزا دلەشێ مروڤی دا دبێژن ، کو چورێ ناچنێ مروڤ نەنڤیت و هەکە ژ نەهـ روژا ، پتر ما هوشیار ئان دێ دین بیت ئان دێ مریت ، بەلێ ئەز دویر نابینم پێشکەفتنا زانستا نوژداریێ بگەهیتە هندێ کو مروڤ بشێت هەیامەکێ درێژ نەنڤیتو ژێێ وی دێ خوشترو درێژتر بیتو ئەگەر بەرێ خو بدەینە ژیانا گیاندارین لسەر ئاخا جیهانا مە دژین ، دێ بینین گەلە ژوان ، نزانن نڤستن چیە ، دویر نەچین هەر دلەشێ مروڤی دا گەلە هەندا مێد هەین هەر ژروژا بوونێ هەتا روژا مرنێ لگارنو لبزاڤن ، وەکی دلو ئاقلێ نەپەنی (العقل الباطن) و ۰۰ هتد ۰

ڤەگێڕان

وەکی ڕەشەکی لدەرێ خانی دا ڕاوەستیا بوو ۰۰

وەکی ڕەشێ شەڤێ بوو ۰۰ بەلێ ڕاست بوو ، ئەو بوو ۰

ئەو بوو ، ئەو بخو بوو ، بشەلو شەهێد خو پێد دڕیای ۰۰ دافەکێ ژێ بکێشی دێ مینتە رویس !

دارو دریا ، چلو چیا ، تەراشو چەلختا ۰۰ چو بو ئەهێلابوو بەرازی چو کالکو کورە دپێد وی دا نەهیلا بوون ۰۰

بەلێ ئەو بوو ، ئەو بخو بوو ، بشەلو شەهێد خو پێد دڕیای ۰۰ دافەکێ ژێ بکێشی دێ مینتە رویس !

دارو دریا ، چلو چیا ، تەراشو چەلختا ۰۰ چو بو ئەهێلابوو بەرازی چو کالکو

دیماهی یاهەی

ئەڤین بو هوبیت

شرینێ ، بەژن زرافێ چاڤ زەلالێ ، بوهارا دلا ، بنەفشا جیمەنا ، نێرگزا چەما ۰۰

بو دڤێ هەرا ژمن دویربی ، بو دڤێ لنافبەرا مەدا دیوارێت ڕەش هەر هەبن ، ئەڤ شوخوشەنگی یا تە ۰۰ بو دڤێ بومن نەبیت ، بو دڤێ لبن پێد تاریێ هویربیت ، بو دڤێ لنافئاخێدا بەرزە بیت ، بو دڤێ ۰۰ بوکرینو فروتنێ بیت ۰

ڕوژا ئەم بووین ۰۰ ئەم بو ئێک بووین ، بەلێ گوتن نابیت بگەهن هەڤ ۰۰ دای و باب و براو هەڤالێد وەکی بەکروکی ۰۰ ئەهێلاو ناهێلن بگەهین مرازا خو ۰۰

دڤێ ئەو نەمینن ، دڤێ ئەو بیروباوەر نەمینن ۰۰ وەرە شرینا من ژینێ بتەڤینین ۰۰ دریکا خەباتا پیرۆزدا بو نەهێلانا ئاستەنگا بو ۰۰ ندێ ئەم ۰۰ ئەوێد پشتی مە دهێن ۰۰ بگەهن هەڤ ۰

حەیدەر ئیسماعیل

ئەڤینێ خوێندەڤانا

ژیان بو هوبیت

شرینێ ، بەژن زرافێ چاڤ زەلالێ ، بوهارا دلا ، بنەفشا جیمەنا ، نێرگزا چەما ۰۰

بو دڤێ هەرا ژمن دویربی ، بو دڤێ لنافبەرا مەدا دیوارێت ڕەش هەر هەبن ، ئەڤ شوخوشەنگی یا تە ۰۰ بو دڤێ بومن نەبیت ، بو دڤێ لبن پێد تاریێ هویربیت ، بو دڤێ لنافئاخێدا بەرزە بیت ، بو دڤێ ۰۰ بوکرینو فروتنێ بیت ۰

ڕوژا ئەم بووین ۰۰ ئەم بو ئێک بووین ، بەلێ گوتن نابیت بگەهن بگەهن دای و باب و براو هەڤالێد وەکی بەکروکی ۰۰ ئەهێلاو ناهێلن بگەهین مرازا خو ۰۰

دڤێ ئەو نەمینن ، دڤێ ئەو بیروباوەر نەمینن ۰۰ وەرە شرینا من ژینێ بتەڤینین ۰۰ دریکا خەباتا پیرۆزدا بو نەهێلانا ئاستەنگا بو ۰۰ ندێ ئەم ۰۰ ئەوێد پشتی مە دهێن ۰۰ بگەهن هەڤ ۰

حەیدەر ئیسماعیل

ئاڵۆکە

تەڤن پیرکێ دافا دانای	نەبو پەستی
ژکوڤانا ڕەنگێ دامای	نەبو تەنیێ
تۆکا تۆزگرتی یا دادای	هەر بو کەنیێ
تاو تالانی بومە یا دای	بشکورینێ ۰۰۰
کولکا ، کولکا	گرمژینێ ۰۰۰
ئاخەپولکا ۰۰ !!	بو ئەڤینێ ۰۰۰
بوچی تو هویێ بێدەنگی ؟	لەوانیکێ ۰۰
کا کوترکا هزار ڕەنگی ؟	سویند بدانی ۰۰۰
چاوا خڕاند چەکێ جەنگی ؟	ئەوێ ئاڤێ
کانێ گولدان ؟	ڕوژو تاڤێ
ئاشتی یا جوان ،	بیەزدانی
پشیک ـ پشیک ،	ـ بلا دوژمن باش بزانن
بەرخا بچویک ،	گورزێت مە نەوەک هەمانن
هەمی نەمان !؟	زۆر بژانن
کیڤە تەڤیان ؟	بێ یەمانن ـ
چاوا بریان ؟	دێ تە ئاڤاکەم ڤێ جارێ
کێ تخانکێ نانی کرن نیک؟	کەلوتکەکا گەلەک ئاسێ
کێ پەڕتاندینە خودیک ؟	ئازری لناڤ ڕوینمە خارێ
وی ئاگری ۰۰۰	دەست بداسێ
مێوا تری ۰۰۰	بخەنجەرێ
یالناڤ بری ۰۰۰	بباوەرێ
●	بزەڤەرێ
ئەڤە ژ کەنگی ،	بەر دەڕاژینکێ کەمە گور
وێرانی هاتە ڤێ جەنگی ؟	پێجانی کەمە ڕاڤە تۆڕ
مەڕو کێسن بوونە ژەنگی !	چیچک لسەر تەڕا بفڕن
ترس و سەهم لێرە پەنگی !	کو دەزڕن
●	دێ هەمی پەڕا لخو برن
تا لاندکژی بوویە ڕەژوی	چ چاڤێ بتە نەرابیتن
چتوڤ کەس بوون هو دبێ	سەتری دێ دنێڤێ چوکلیتن
مەژی ؟	هەرچی ژک ڕەشێ تو نەڤێی
خودان تووڵ بوون ؟	دێ بهزرەتا دلا لێ کێی
ئان بێ ئوول بوون ؟	کێ بوتە چێکەتن زاما
مانێ تووڵ کەسێ لەنینە	دێ بسەرێ وی ئینم چاما
ئەم ژ جیهانێ دکەهینە	دێ پاشڤە بەم
وان بێ بەختا	دێ بێڤەدەم
وان هوی سەختا	●
ئەز برمە ڕێزا مشەختا !	دێ هەوارکەم وێ گازیێ
●	سروودا (تەنا) بازێ
یێ بژکی دەنێ ئاڤێ	نیشانا (خەبات) خازێ
یێ سووتی خورێ دانێ کارێ	بلند کەمە بەر ئەسمانی
شوینوارێ پۆشی کیڤارێ	بەر ئەسمانی
فەرشو شەملکا نڤێژا	ئالایا سەرڤەرازیێ
بازبەندو نڤشتێت پیرۆز	خەتیرا سەرسەر گرتنێ
بوونە خولی !!	دروشمێ ماف وەرگرتنێ
دوبکێلە تۆز !!	ئەرنیا شەپالو شێرا
●	گێرینم لهەمی ستێرا
نەخێ ، نەخێ	دا زوی بین
نە ، من تو نە ئاڤاکری	ئەو هوی بین
کو بهەرفی ۰۰۰	بێر نوی بین
چاڤێ تەزەلال بکەن گری	گو : کولکا تو بوویە (خانی)
وەکو بێ دایباب لێ مری	ئێدی هەر بو تەیە (مانی)
جەرگو هناڤ لێ کوژری	کو تو مانی ۰۰
بەڤی دەستی	
خوها ئەنیێ	
نەبو مەستی	

فاضل مصطفی

ژن د فولکلورێ کوردی دا

پەندەک ژ جانترین پەندو گوتنێن کەڤن لسەر ژنا دبێژیت:

(هندەک ژنن ، هندەک ژانن، هندەک خەنیمێت کروڕانن هندەک بەردایێت مێدانن) ۰

ئەڤ چیروکا ئەز پێشکێشی خوێندەڤانێد بکەم ژ فولکلورێ کوردی یەو ئەز باوەردکەم لبچویکاتیێ ، گەلەکا ژمە یا گولێ بووی ، دیاردکەت ژنا باش کێژکەو دڤێ ڕەفتارێ وێ دگەل مێری چاوا بت ۰

دبێژن :

ڕوژەکێ نێجیرڤانەک ل مەهینا خو سویار بوو ، تاژی و تولید خو دانە دویف خوو کەفتە تیرا بنی بەرێ ، دبێژن ئاسکەک دیتو کەتە دویف هەتا دونیا تاریبووی و ڕێکا ڤەگەریانێ لبەر نێجیرڤانی ووندا بووی ، ژ دویرڤە روناهیەک دیت ، بەرێ خوکر روناهیێو پشتی هەیامەکێ خوش چووی گەهشتێ ، دیت تەلارەکا مەزنەو پیرەمێرەکێ بێزەڤەر دگەل ژنا خو تێدانن ، نێجیرڤانی ژی پرسی کا ڕێکا باژێری کیژکە ، پیرەمێری گوتێ : ئەز نزانم ، شەڤ درەنگە ، ئیشەڤ لنک مەبەو سوبە هەرە نک برایێ منێ مەزنتر وەهەیە ئەو بزانیت ۰ نێجیرڤان وێ شەڤێ ما لوێرێو ڕوژا پاشتر جو نک برایێ مەزنتر ، دیت قەرتە زەلامەکە، ژنوی موبێد سپی وێد کەتینە سەری ، ژوێژی پرسی ، وی ژی نەزانیو گوتێ سوبە هەرە نک برایێ مەیێ مەزنتر ئەو دێ نیشا تە دەت ۰

نێجیرڤان وێ شەڤێ ژی ما لنک برایێ ناڤیو ڕوژا پاشتر چو نک برایێ ژەمەیا مەزنتر ، دیت تولازەکی خورتێ خوین گەرمە ، چریسەتێ سەرێ نیجیرڤانی گرتو گوتە برایێ مەزن :

ـ ئەز ناهێمە ژور هاتاکو تو نەبێژیە من کا چاوا برایێ بچویک ژوە هەردووا پیرترەو یێ ناڤی ژتە پیرترە ۰

کابرای سوزدایێ کو بو بێژیت ، چونە ژورو کابرای گازی ژنا خوکرو گوتێ : کا بوومە ژێەشەکی (زەبەشەکی ـ شتیەکی ـ شمتی یەکی) بینە ، ژنکژی چو خارێشتیەک ئینا ، کابرای هو دەستکرێ گوتی : ئەڤەی کالە (سپی یە) هەرە ئێکێ دی بینە ، ژن چو خارێو ئێکێ دی ئینا ، جارەکادی گوتێ ئەڤێ کالە هەرە ئێکێ دی بینە ، ژن چوڤە خارێ و ئێکێ دی ئینا ۰۰۰ دریژناکەم حەفت جارا ژن چو خارێو هاتە سلال ، بێهنا نێجیرڤانی چو سەرێ دفنێو گوتێ :

ـ کابرا ما تو ژخودێ ناترسی ، هندە ڤێ ژنێ دنینێو دبەی ، نێ گونەهەیە ۰

کابرای گوتێ :

ئەڤەیە بناسا پریا برایێت من و تولازیا من ، تویێ دبینی ئەڤە چەند جارە دجیتە خارێو تێتەڤە سەرێ ، ئەز دزانم ژی مە ژڤی شتی پێڤە چودی نینە، بەلێ نەڤێت من شەرمەزارکەتو دڤێت دلێ منێ خوش بیت ۰ مانێ تە سەروبەرێ هەردوو برایێد من ژی وێ دیتی مانەوەیە ۰

نێجیرڤانی گوتێ :

ـ بەلێ وەیە ، برایی بچویک گوتە ژنا خو شیڤەکێ بومە بینە ، ژنێ کرە شەرو گوتێ چو دمالا مەدا نینە ، برایێ ناڤی ژی دەھ جارا پتر گوتە ژنا خو نانەکی بدەمە ، هەتا شیڤ دایە مە ۰

برایێ مەزن گوتێ :

ـ پا لنکتە دیارژی بیت ، هەردوو ژمن دەستدریژ ترن ۰۰۰ دێ هلو سەربارێ مامێ ۰۰۰ وا هەژی ڕێکا باژێرێ تە ۰

خوێندەڤانێ هێژا ۰۰ راستە هندەک ژنن ، هندەک ژانن ، هندەک خەنیمێت کروڕانن ، هندەک بەردلێت مێرانن ۰

خدر سلیمان

Institut kurde de paris

هونەرمەندانی سلێمانی لە پێشانگای

سێ پەیکەری هونەرمەندانی سلێمانی



هونەری (تەشکیلی)مایەو دەربڕینی تاقی کردنەوەیەکی بە جۆشە کە بەندیوارییەکی پوختی بەژیانەوە هەیەو لە رەحمی ئەوداسەرهەڵدا بە تاقیمانەیەکی خۆیی و بەواقیعی مەوزوعی یەوە، بۆ رو هەڵمالینی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەباری سەرنجی هونەرمەندی هەڵکەوتوەوە ٠ لەم باسەدا مەبەستم لە هاندانی هونەرو هونەرمەندە بۆ پێشکەوتنو خۆ بە لێپرسراوانین بەرامبەر بە چارەنووسو نیشتمانو میللەتو خستنەروی بەهرەو تاقی کردنەوەو بینین وریگادانی زیادکردن ومانەوەی ٠ بۆ ئەمەش ئەبێ چاوێک بە پێشانگاو (مرسم)ەکانی هونەرمەندەکانمان بخشینین ٠ کە لام وایە ئاوینەی بالانمای ئەم مەسەلەیەیە ٠ هەر بەچاوخشاندنێک بەناو سالۆنی پێشانگاکەدا زۆر شتمان بۆ رون ئەبێتەوە ، وەک :

هەستی ناسکو خەیاڵی فراوانو (معاناة)یکی بە جۆشو تاقی کردنەوەی جۆیی و (اصالة)و بەهرەو توانایەکی زۆر کەڕێنمای پێشکەوتنماەو سودێکی پوختی لێوەرئەگیرێت بۆ هێنانەدی ئامانجو گەلالە کردنی هونەری کوردی ، کە سەرەتای هەوڵوتەقەلایەکی بە نرخە ، چ لەلایەن شێوەو روخسارەوە ، چ لەلایەنی ناوەرۆکەوە لەپێناو دۆزینەوەی گیانی خاوێنی خۆیی و سیمای نەتەوەیی و رەگ وریشەی مێژوویی و کەلەپورو سامانی تێروتەسەلمان ، بۆ داهێنانو بنیاتنانی شێوەیەکی کوردانە لە هونەردا ٠ دیارە ئەمەش لە پێشانگای سێهەمی هونەرمەندانی سلیمانیدا تا رادەیەکی باش خۆی ئەنواند ٠ کە بەگیانێکی هونەرمەندانەوە ویستبویان بگەنە ئەوپەڕی بەهای جوانی لە سوچی سێبەرو رونا کی و هێڵو رەنگو قورسایی یەوە ٠٠٠ هەتاد ٠ بەڵام ئەوەی کە مایەی سەرنج بوو ، ئەوەبوو کە دەرهێنانی تابلۆکان بە شێوەیەکی واقیعی خۆی پێشان ئەدا ، تەنیا تابلویەک نەبێ ٠٠ !؟ بۆ ئەوەش زیاتر بچینە ناخی باسەکەوە - بەپێی توانا - وێنەکان شی ئەکەینەوە تا بزانین هونەرمەندەکانمان لە چ بارێکدان و چەندیش سەرکەوتنیان وەدەس خستوە :

١ - مامۆستا (انور توفی) : لە شاکارەکەیا (دیمەن)بڕێتی بوو لە پارچەیەک سیمفونیای بینراو وخۆی بەتوندی رائەوەشاند لە پێشانگاکەدا ، لەبارەی جوانی و هونەریەوە ئاسایی و ئاسانی و قوڵی رەنگەکانەوە دوقی ئیسپانیایمان بیر ئەخاتەوە ٠

٢- (کاك اسماعیل خەیات): تابلۆکانی کە بە ناوی کوردستانەوە بوو ٠ ئاسانی و هێزی تەواو لەرەنگەکانیا ئەبینرا وهەروا یەکگرتنێکی پوخت هەبو لە نیوان عاتیفەی هونەرمەندو تابلۆکاندا وگیانێکی مۆسیقاوی تیاندا چڕ ڕابوو ٠

هەروا رەنگە گەرمەکانیو جۆری وەشاندنی فلچە - راستەو بەهێز - و (پرسپێکتیف - المنظر) ی رەنگەکان وقوڵی و ئاسایی بەوردی سەرنجی ئەبەخشی وگڵەکانیشی خۆی لەخۆیدا شیعرێکی سەربەست بوون !!

٣ - مامۆستا عەلی جوڵا : تابلۆی (دایك) دایکێکی کوردمان پیشان ئەداتا خەریکی لاوانەوەو پەروەردەکردنی کورپەکەیەتی ٠٠ نەوەی نوێ لەناو ژوورێکی پڕ لەرونا کیدا هاتۆتە دنیاوە ٠٠ چی پێ ئەڵێ ؟ چی فێر ئەکا ؟ ئەگەر قول تێی روانێ (ترس)یش ئەوا وکەری ئەبیسیت ئەڵێ (٠٠٠٠٠ !؟) سەرەرای ئەمانەش دژایەتی لەرەنگو قورسایی بەکارهێنا بو ، ئەوەی شایانی باسە بۆ یەکەم جار لە سالۆنی سلێمانیدا ، وێنەیەکی داروتاو (تجریدی) پێشکەش کرا لە ژێرناوی - وەچەی یاسای خۆڵو دۆ - کە بەلامەوە لە **روی هونەریەوە سەرکەوتنێکی** وای دەس نەخستبوو !!

٤ - کاك محمد کاکە لەوێنەی خێزانیەکدا خێزانێك ئەبێنین کە گەورەی ماڵ دیار نیە !٠٠ پێشمەرگەیە کۆڕاوە ؟! مردوە ؟٠٠!٠٠ کی ئەزانی ٠٠؟ ئەوەی لەم وێنەیەدا ئەبینرێ کارەساتە دەربڕەدەری یە ، کۆڕەوەرییە ٠٠ سەرەرای هارمونیەتی رەنگەکان کە هاوجووتی باسەکەیە ٠٠! دیارە تابلۆی (ترس)یش ئەواوکەری ئەبیسیت ئەڵێ (٠٠٠٠٠ !؟)



- علی کریم شاربازێری -

تابلۆکەی تری بوو ، چ لەپرسیاردا چ لەوەڵامدا ٠

٥ - مامۆستا کامل احمد : ئەگەر بەوردی سەیری وێنەکانی بکەین ڕێبازی (سۆفیزم) ی تیدا بەدی ئەکەینو رەنگو جۆری ئیش کردنی قوتابخانەی سەدەی هەژدەهەمی ئینگلیزمان ئەخاتە بەرچاو ٠٠ ئاسمانە بێ پایانەکەی ٠٠ رەنگە شینو سەوزەکانی دەریای خەیاڵن ٠٠ مرۆڤ ئەخەنە مەلەیەکی خۆش لە زەریایەکی فراواندا ٠

٦ - مامۆستا محمود عەلی کاکی : وینەکیشی (سەرەتایی کورد) راستەوخۆ (هنری) رۆسۆی فەرەنسایی - مان - ئەخاتەوە یاد ٠٠ تابلۆکانی لەناو جەرگەی کوردستانەوە هەڵقوڵابوون ٠ رەنگە تۆخ وتێژەکانی ، ئاسمانە شینەکەی ، شاخە سەرکەشەکانی ، ئاژەڵو باڵندەو ئەو کچە کوردە نازدارو شوانەی ، کە چەپکێ گوڵی بەهاری پێ بوو ٠٠ هەر بەتەنیا یەك گوێ شل کردن هەزاران ئاواز ئەبیسین ، کوردستانی ساکارمان دیتە بەرچاو ٠

٧ - کاك ئاسۆ صدیق : زۆر سەرکەوتو بوو ، لە وێنەی (قڵیاسان) کە نمونەی پاشماوەکانی کوردستانەو گەڵێ لەزێرو گەوهەر بەرختەن وێنەکەی بە خامۆشیو کەوان و رەنگەکانی لەوێنەکانی (شریکۆی - ئیسپانیە)وە نزیکن ٠ ئەزمر وقڵیاسان لەچاوبرکیدان لەگەڵ یەکترا ٠ رەنگەکانی بە هارمۆنیەکی زۆر جوان و پوخت تەواو کردبوو ٠٠

٨ - مامۆستا بێستون عبدالقادر : شەقامی کاوەی شاری هەڵەبجەو قوربانی پێ نیشان داین ، لە روژیکا کە سروشت بەتەمو مژو شێواوە ، بەڵام خەڵکی بە جەرگی ئەم شارە لە هەوڵوتەقەلای خۆیان ناکەون !!

٩ - مامۆستا عوسمان خاڵ: لەوێنەکانیا قولی رەنگەکانی پیشان داوەو هەوڵو رەنجی کێشاوە بۆ ئاسایی کردنو مۆرکێکی خەیاڵی بە هۆی رەنگەوە بەخشی بووە تابلۆکانی ٠

١٠ - مامۆستا علی لەتیف : وێنەکانی زۆر سەرنجراکێش بوو ٠ چ لەبارەی ڕێباز وچ لەباسەکانی ٠٠ دانانی پەلەی رەنگو شێتاڵکردنەوەی شێوەی جۆلانی فلچەو گرینگی دان بەدژایەتی و بلاوکردنەوەی قورسایی و هەڵبژاردنی وەزع و بار ، کەچی لەبارەی (ئەنەتۆمی تشریح)وە لاواز بوو نەخشەکێشانیشی لاوازتر ٠٠ !

١١ - کاك شیرزاد شەوقی: گرنگی بە رەنگەکان دابوو ٠

١٢ - مامۆستا کامل مستەفا : لەوێنەی (زۆرانبازێ) دا لەگەڵ سروشت - لەبارەی بلاوکردنەوەو هارمۆنی رەنگەکان سەرکەوتوبو ٠

١٣ - مامۆستا قادر میرخان: وکاك دڵشاد جەلال و کاك لوکمان سعید بەپێی توانا کاری خۆیان سازاندبوو ٠

ئەوەی کە مایەی سەرنجێکی بەتام بوو ٠٠ بێجگە لە تابلۆی (زەیتی)و (ئاوی) ٠٠ بۆ یەکەم جار چەند پارچەیەك (سیرامیك) پێشکەش کرا ، لەپاڵ چەند پەیکەرێکەوە هونەرمەند محمد سعید لە سیرامیکەکانیا زۆر سەرکەوتو بوو ٠ و (انسیابیەت) و (زەخرەفە) کانیشی ، بەتایبەتی (مراوی)یەکەی لە روخسارو کارو لەبیری قولو لەدانانی دو مەمکی قنج - وەك پیەوێ بڵێ : تەنیا وهەر ئافرەت جوانی نیەو بەس !! - زۆر سەرکەوتو بوو ٠٠ بێگومان پەیکەرەکانیش تا رادەیەکی باش سەرکەوتو بوون نەخوازەڵا (پشودان)ی ماموستا فتح الله کریم ، هەروا (کۆنترین چیرۆك)ی ماموستا کامل احمد دواجار (ژنێك)ی کاك ئاسۆ صدیق ، کە هەریەکەیان ڕێبازێکی هونەری تایبەتیان پێوە دیار بوو ٠٠!!



فاضل عبدالله صاب

دەربارەی شانۆو مێژوی شانۆی کوردی

مامۆستای هونەرمەند احمد دەنگ گەورە لە ژمارە (١١٦)ی هاوکاریدا لە ژێر ناوی « مێژوی شانۆگەری کوردی»دا ووتارێکی نووسیبو لەسەرەتاوە باسی جۆری بینەرانی بەرهەمە تەلەفزیونی یەکان و شانۆگەری یەکانی تیا کردووە ٠ بە جۆرێکی پاست هەڵی سەنگاندووەو دەروونی زوربەیانی شیتەڵ کردووە ٠ پاشان هاتۆتە سەر کورتە باسێکی « مێژوی شانۆگەری - کوردی » ٠

من لە خوێندنەوەی ئەو ناوچەیەکی شارەکانی کوردستانەدا ، لەسەر لوتکەی شاخەکان ، داگیرساندنی شاپلێتەو گەڕان بە کۆڵانو شەقامەکاندا ، هەر کەسە تەمسیلی یەکیکی کردووە لە شورش گێڕەکانی ئەوکاتە ٠ ئینجا دەست پێ کردنی ئاهەنگی نەورۆز و پیشاندانی زوڵم و زۆری زوحاك و حەوت پارچە جگەر لە ئازارەکانی کاوە یەك گرتنەوەی هەموویان لە زەبری چەکوشەدا ٠ هەر چەندە مێژووی ئەم ڕووداوەش بە ڕوونی ئاشکرا نییەو هەرچەندە هەندێ مێژونووس ئەڵێن کاوە کوردەو هەندێکی تریان ئەڵێن فارسە ، مەرج ئەوەیە خەڵکی کوردستان بەم کارە هەڵساون بێ ئەوەی ئاگایان لە دەنگو باسی تەمسیل هونەر بوو بێت ٠

هەروەها بوو کە بە بارانێ کاتی باران بڕانو دەستووری ژن گواستنەوە لە کوردستانی کۆن دا ٠

ئەوەی کە مامۆستا دەنگ گەورە پیشانی داوین تەنیا لەو کاتەوەیە کە (تیبی هونەری شانۆگەری میسر) سالی ١٩٢٢ هاتوون بۆ سلێمانیو شانۆگەری (عطیل)یان پیشکەش کردووە ٠

ئەگەر - أهمال - کردنی مێژوو نووسەکانمان بەبوایە کە بە هیچ جۆرێ لە هونەر نەدەواون ، چەندەها ڕووداوی ترمان ئەبینی لە کوردستانا ، هەڵبەتە کوردیش لە سەدەکانی پێشزایینەدا بە هۆی ئایینەوە جموجۆلێکی هەبووەو پاشان کپ کراوە ٠ (لە بەر نەبوونی هیچ زانیاریەك لەم بارەیەوە، هەر چیەك بڵێین راستنییە)

(مێژووی شانۆگەری کوردی لە عەرەبی ٠ بەرامبەرەکەی ئەمەیە : (تأریخ المسرحیە الکردیە) لە بەر ئەوە وای بە باش ئەزانم ناونیشانی نووسینەکەی مامۆستا احمد (مێژووی شانۆی کوردی) بوایە ٠

مامۆستا احمد باسی چەند شانۆگەریەکی عەرەبی ئەکات کە وەختی خۆی لە بەغدا بینیونی وەکو (الغریب)و باسی شەبۆلی ئەو دەریایە ئەکات کە بە هۆی ڕوونا کیەوە پیشان دراوە ، هەروەها بە شێوەیەکی سەرسام لە شانۆگەری (طیر السعد)و (الحصار) ئەدوێو پاشان ئەڵێ : (ئێمەش لەم سەدەیەدا بەرهەمی هیچ و پوچ ئەخەینە سەر شاشەی تەلەڤزیۆنو ئەڵێین ئەمەیە هونەری شانۆی کوردی) ٠

ئێمە ئەگەر بەراوردێکی (الغریب)و (طیر السعد)و (الحصار) بکەین لەگەڵ زوربەی ئەو شانۆگەریانەی لە ئەوروپا پێشکەش ئەکرێن ، بۆمان دەرئەکەوێ کە نرخی (الغریب)و (طیر السعد)و (الحصار) لە چاو شانۆگەریەکانی ئەواندا هەروەکو شانۆگەریەکانی لای خۆمانە ٠ (بۆ گومان ئەوانەی کە فریان بە سەر شانۆگەریەوە نییە) ٠ ئەتوانم بڵێم لەگەڵ ئەو دەست کورتیەی تیپەکانمانا شانۆگەری (نرخی ئازادی)و (جەنابی موفەتیش) نرخێکی تەواویان هەبوو لە چاو زوربەی ئەو شانۆگەریانەی تیپەکانی بەغدا پێشکەشیان کردووە

ئەگەر لۆمەی خۆشمان نەکەین تا ڕادەیەك ناحەقمان نییە ، چونکە ئێمەی گەلی کورد هەمیشە لە چەوساندنەوەدا بووینو مەجالی باڵەفڕێی پێ نەدراوەتەوە ٠٠ ئاگر کردنەوە لەپاڵ چەندپەیکەرێکەوە هونەرمەند سعید لە سیرامیکەکانیا زۆر سەرکەوتو بوو ٠ و (انسیابیەت) ی (زەخرەفە) کانیشی ، بەتایبەتی (مراوی)یەکەی لە روخسارو کارو لەبیری قولو لەدانانی دو مەمکی قنج - وەك پیەوێ بڵێ : تەنیا وهەر ئافرەت جوانی نیەو بەس !! - زۆر

یادگار

هەڵگەنراوەکان .. سەردێڕی دەروونی !!

أنور قادر محمد جاف

نەخشەی شێواوی ناوژێرپیالەی قاوەکەی « شیرین » ٠٠٠ چپە نەرمەکانی ٠٠ زەردەی لێوەکانی ، سەرەڕای ئەوەی وەڵامی پرسیارێکی ماندوو - وشەکەتی دامێ ، هەموو ئەو یادگارە کۆنانەی خستەوە یادم، ئەو وێنە ئاڵۆزانەی کە لە تارمایی و سێبەرەی شێواوی ناوقاوەکە ئاڵۆزتربوو ٠٠٠٠ :

ڕێبوارێك بووم لەکاروانی ژیان ماندوو ، بەکۆڵێ زامو دەردەوە ، بەو فریشتەیی هیوایانەوە کە لەناو دەروونما هەموو ڕۆژێ لەخاچ ئەدرا ، گەیشتمە ئەم جێگا سەیرە ٠٠٠ « پیرۆز »ە !! ئەگەر بەهۆڵو باغچە بێ رازاوەیە ، کەچی زۆر چڵکنە ، لەچڵکنی دەروون و دڵی سەرمایەدارێك زیاتر ٠٠ دیوارەکان زۆر بەرزن ، رەشو سپیەتی لێرەدا هەر ئیجگار ئاشکرایە ، بۆچی ٠٠؟! لەرەشو ڕووتە بێرابەرەکان بپرسە ؟!

« شیرین » ٠٠٠ پێنج سێ سال وانەبوو ، لە مەڵێکی لانەگوم کردووی شەوێکی گڕیوەو باران دەچوو ، یان من بەهەڵە چووبووم ٠٠ نازانم ٠٠!زۆرجار خۆم بەنزمیدا هەڵواسی بۆبەرزی ، تەنانەت پڕۆزترین هیوا ٠٠٠ مم فڕێ دەدایە ژێرپێی بۆ ئەوەی پێی بڵێم وەك تۆوام ، دواییش بێزم لەقسەکانی خۆم ئەکردەوە ئەبووە زۆرانبازی لە نێوان (٠٠٠٠) و هێواو بیرما ، لووتم لێهەڵئەکرد ، وەك کێوێکی سەرکەش وابووم لەرووما ، بەڵام لەناخدا بۆشو گەندەڵ ، تیشکی چاوەکانی وەك پارچە ڕۆژێکی ئاگرین بێ بکەوێ بەسەرما ئاوابوو لام (بەسەر ئەو چنگە ئێسقانەو کۆشتەی لەشی منا)ئاوائەیتوانمەوە « بوون »ی ٠٠ ئەکردم بە « هیچ »و لەناو گەردوونی بێسەرو شوێنا ئەیخوالاندمەوە ، ئەوەندە بێ فەڕبووم ٠٠ ئاوام دەخواست کە « توفانەکەی نوح » هەڵگا ٠٠ بەڵام تەنیا (منوئەو) لەکەشتیەکەدا بمێنینەوە !! هەموو ڕێگای ئەم فڕوفێلانە ٠٠٠ ئەم تەڵەکە (خوێی و خۆپەرستیانە) بۆ« بانە »ی ناو چاوەکانی ئەو دەچوون !!

زۆر جار ئەم رستەیەم دەنووسی « هەژارو دەوڵەمەند، گەورەو بچووك هەرئەبێ ببێ »دوایی ونجڕونجڕم ئەکرد بەدانو ئەمسووتان ، سووتوەکەشیم ئەخستە ناو ئاوەدەسخانەکەوە، ٠٠٠کە ئەمەم دەکرد وامدەزانی تەواو ، وامدەزانی «فەلسەفە» یەکی نوێم هێناوەتە کایەوە بۆ کامەرانی ئادەمیزاد ، یان « هۆشی مینە »مو وشەکانی گەروم گڕ لە ئۆردوگای دوژمن بەردەدا وەك بێدەستەلاتێك زۆرجار دەگریام، یان هۆنراوەی بی سەروبەرم دەنووسی ، مەشخەڵەکانی ناو دەروونم دائەگیرسان ، لرفەیان لێ بلێسکەی زمانی ڕەشماریك دەچوو کە بۆ گەستنی نێچیر بگەڕێ ٠٠؟! ، لەو شەپۆلە شینو بێ گەردو شینتانەی « سیروان » ئەچووم ، کە خۆشیان نازانن بۆ دروستبوون ؟!٠٠ یان بۆکوێ دەڕۆن؟! ئاوا ٠٠ ئاوابووم ، کەچی ئەمڕۆ « فەتاحفاڵی » لێوەکانی ٠٠ کلیلی دامە دەس بۆ کردنەوەی ئەم تەلیسمەی سێ ساڵە بەشوێنیا ئەگەڕێم ٠٠ سێ ساڵی ڕەبەقە !!٠٠ ووتم :

- ئەو چەند وشەیەی خستبووتە سەر پەڕەی نەو پارچە کاغەزە دڵگیربوون بەڵام ئاشکرابوون ٠٠

● چۆن ٠٠؟!

- ووتیان بۆ دڵدارەکەتت نووسیوە ٠٠٠

● کام ٠٠٠؟!٠٠٠ وانییە بە هەڵەچوون ٠٠٠

ووتم : وایە ٠٠٠ وایە ٠٠٠

● وایە

● « وایە » ٠٠ وەك خشەی دووای خوێندنەوەی یانسیب وابوو،٠٠ لەدەروونو ناخما ٠٠ پێکەنینێکی شێتانە گاڵتەی بەخۆیو بە من دەکردو ئەیووت، « بیتاقە »کەی تۆ بەدووسێ ڕەقەم سمووتا ٠٠!

ووتی : وایە ٠٠٠ کاك (٠٠٠٠) وایە ٠٠ بەڵام هەزاران کێویان خستۆنە نێوان دوو ڕوباری خۆشەویستی مان ڕەنگە دەس لەمل یەك نەکەن ، دڵدارانی پاك وخاوێن بەیەك ناگەن ٠٠٠ مەمۆزین ، ٠٠ شیرین و فەرهاد ،

- جا ئەو نەریتانە بخەرەژێر پێی پاك داوێنی و یاخی بوونەوە ، لە چاوەکانتا ئاگرێك بکەرەوە بیان سووتینە ، وازبێنە لەدایك ٠٠ باوك ، برای گێل و نەفام (ئەوانەی لەگوێی گادا نووستون) با نووکی ڕمە تیژەکانمان لەم مردوویەتی یە ڕاستیان کاتەوە ٠٠ پێیان بڵێ: جان دارك ، قەدەم خێر ،٠٠ ئەنجیلا دیفز ٠٠، ووتی :

ناتوانم بڵێم ٠٠ ئەنجیلا دیفز ،٠٠ قەدەم خێر ٠٠ «کلاوی حەوت برا بەمن ناکرێ لار » ٠٠ شانۆیەکی سەیربوو ، کۆنایی یەکەی کارەساتێك بوو ، پڕبوو لەمەترسی وگرمان ٠٠ من تازە دەربەستی « بیتاقە »کەی خۆم نەمام ، کۆربە سێ ساڵانەکەی من لەم قسانەدا مرد ،٠٠ بەڵام بۆ « ئەو » ٠٠٠ بۆ ئەو کۆتو بەندانەی ئەیخەنە نێوانیان گریانم دەهات ،٠٠ «خۆشەویستی »یەك دەریایە لەهەزاران جۆگەڵە پێکدێت ٠

institutkurde de paris

پاشماوەی : پایەداربێت یەکێتی کوردو

سەبارەت بە عیراق ، کومپانیاکان لە شکات کردنەوە دەستیان پێکرد بۆ کەمکردنەوەی دەرهێنانی نەوت ۰

بێگومان هەر بەم کردەوە نارەوایە ناوەستن بەلکو دریژە ئەدەن بە سیاسەتی دزینو تالان کردنی جارانی خویانو پیلانی تازەش دائەنین بۆ لەناوبردنی دەستکەوتە بەنرخەکانی گەلی عیراق بەتایبەتی لەمەیانی نەوتدا ۰ وە ئەم سیاسەتە بەردەوام ئەبێت تا جێگاپێی ئەم کومپانیە بێگانانە لەولاتەکەمان مابێت ۰

بۆیە ئەو دوو بەیاننامەیەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڵاوی کردەوە بۆ دانانی سنوریك بۆ ئەم کومپانیە تالانکەرانەو دەستخستنەوەی هەقەخوراوەکانی گەلی عێراق ئەبی گەلی عێراق بەکوردو عەرەبو کەمایەتیەکانیەوە پشتگیری بکات وخوی ئامادە بکات بۆ پوچەڵکردنی هەموپیلانێکی دوژمنانەی بێگانە ۰

فرمانی مێژیو نیشتمانی ئێستای حکومەتو گەلی عیراقو هێزە نیشتمانیو پێشکەوتن خوازەکانی عیراق ئەوەیە کە بەوپەڕی تواناوە بەربەرەکانی پیلانەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان بکەن بە پشتگیری کومپانیای نەوتی نیشتمانی عیراقوسەرخستنیو گەشەپێکردنی ئیشەکانی ئینجا هەنگاونان بۆ کزکردنی دەسەڵاتی ئەم کومپانیا بێگانانەی لەعیراقدا کار ئەکەن بەدەستخستنەوەی هەمومافە خوراوەکانی گەلی عیراقو ڕێگا خۆشکردنو دانان بۆ ئەوەی لە دواڕۆژێکی نزیکدا کومپانیای نەوتی نیشتمانی دەست بگرێت بەسەر هەمو ئاوبیرە نەوتەکانی عیراقدا کە ئەمە بەتەواوی سەربەخۆیی سیاسیو ئابوری گەلی عیراق دەستەبەر ئەکاتو دوا دەسەڵاتی ئیمپریالیزم لە ڕەگوڕیشە هەڵئەکەنێ ۰

ئەمەش هەر بە یەکێتی گەلی عیراق بە کوردو عەرەبو کەمایەتیەکانیو پارتیە نیشتمانیو پێشکەوتنخوازو دەستەوکۆمەڵە نیشتمانپەروەرەکانی پێشکەوتنی عیراق لەروی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو چێبەچێکردنی هەمو ئاواتە سیاسیو دیموکراتیو نەتەوایەتیەکی گەلی کوردو عەرەب دێتە دی ۰

پاشماوەی : گۆستەیەك لەوەزعی لە پایزگای سلێمانی

نەخۆشخانە کەوتبوم نیازەکەم گۆڕاوە و دەمەوێ ئەگەر پارەیەك پەیدا بکەم نەخۆشخانەیەك دامەزرێنم ، ئاخر لە گازینۆیەکی تریا بیرەیەکی ٢٠ قرانی بە ٥٠ قران دەفرۆشن ، بەڵام لە نەخۆشخانە تەنیا بۆ تاقیکردنەوەی خوێن ٥٠تەن دەستێن٠لە تریا بۆ ژمەنانیکی شەو ٣٠تەن حیساب دەکەن کەچی لە نەخۆشخانە هەقی نوستن لەسەر قەرەوێلە یەکی پچوکی سەفەری بۆ هەرشەوێك ٥٠ تەن حیساب دەکەن ٠ لە تریا بۆ ئەوەی لەکەسێك بپرسن چی ئەمر دەکەی؟ چەندتمەنیك بەخشش وەردەگرن و لە نەخۆشخانە بۆ ئەوەی دوکتۆر سەری نەخۆش بداو لێی بپرسی چۆنی لانیکەم حەفتا تەمەن دەستێنێ) ٠

هەوالنوسی کەیهان دەنوسی: (لە نەخۆشخانەیەکی دەوڵەتی توشی نەخۆشێکی بەستەزمان و چارەڕەش بوم کاتێك لێم پرسی ناوت چیە تێکەڕا بو و گوتی ناوی منت بۆچیە نە ناوم بنوسە و نە ڕەسمم بگرە٠ هەرئەوەندە بزانە کە دوکتورەکان نەخۆشەکانیان لەیادەوە دڵنینە نەخۆشخانە ا بە داودەرمانی نەخۆشخانە تیماری بکەن و نەخۆشەکانی نەخۆشخانەش دەنێرنەوە عیادە بە بیانوی ئەوە گوایا پێڕاناگەن باشی فحص بکەن و لەحەقیقەتدا بۆ پارەی فحصەکە) ٠ ر

دوکتور عبدالحمید حسابی دوکتوری عەمەلیاتی نەخۆشخانەی سینا دەردی دڵی هاتوچۆ کەرانی لەبارەی وەزعی شپرێوی نەخۆشخانەکانەوە قبوڵە و دەڵی : (لەبەر نەبونی جێگا ناچارین ئەونەخۆشانەی نیازیان بە مانگێك دەرمانکردن هەیە ، پاش یەکدوڕۆژ بیان نێرینەوە مال ، بۆ وێنە نەخۆشخانەیەکی دەوڵەتی کە بەرپرسی وەرگرتنی بەخۆشە فەوریەکانە (اورژانس) نیزیکەی ٢٥٠ قەرەوێڵەی هەیە و ڕۆژیش ١٠٠ نەخۆش ڕووی تێدەکا ٠ ئەگەر وای دابنێین هەمو قەرەوێڵەکان بۆ نەخۆشەکانی بەپەلە تەرخان بکرێن (کە ناتوانێ وابێ) و ڕۆژی چواریەکێکی ئەونەخۆشانە وەربگرین ، پاش دە ڕۆژ هەمو قەرەوێڵەکان پڕ دەبنو ڕۆژی یازدەهەم ناچار دەبین دەرگای نەخۆشخانە لە نەخۆشە تازەکان دابخەین ٠ چونکە نەخۆشەکان زوربەیان ئازاری زۆریان دیوە و لەوانەیە پێویستیان بە مانگیک کەوتن هەبێت ، ئەوەیە کە ئیمە ناچار دەبین کەسێکی قاچی شکاوە دەسبەجێ بۆی لەگێچ بگرین و پاش ڕۆژێک یان چەندسەعاتیك وەدەری بینێین ٠

بڵاوکراوەی (پرچم خاورمیانە) لەژمارەی ٨٧٤دا دەنوسی : (دەڵێن ئەم دواییانە لەشاری (خۆی) نەخۆشی سوڕیژە بەچەشنێکی بێوێنە بڵاوبۆتەوە و لەبەر ئەوە شیری کەر کیلۆی گەیشتۆتە ٢٠تەن (دینارێك) سەدان‌سال لەمەوبەر کاتێك چارەسەری ئەوجۆرە نەخۆشیانە نەدۆزرابۆوە هێندێك کەس شیری کەریان بۆ عیلاجی سوڕیژە بەکار دێنا ٠ کەچی لە ئێرانی حەمەڕەزاشادا ، لە ئێرانی ئینقیلابی سپی و سوپاییانی ئینقلابی شاهانەدا ئیستا و لەسەدەی بیستەمدا خەڵك ناچارە بۆ چارەی نەخۆشی سوڕیژە شیری کەر بدا بە منداڵ و جگەرگۆشەکانی و کاربگاتە جێگایەك کە کیلۆی شیری کەر بە دینارێك دەستدار بێبا و بێدەسەت تێوە ڕامێنێ ٠

بۆژانین

کۆماری عێراق

وەزارەتی کاروباری سەروئیدارەی ئینجیساری توتن مەڵبەندی گشتی

بەیاننامەی ژمارە (٥)ی سالی ١٩٧٢ لەئیدارەی ئینجیساری توتنەوە بۆ هەمو وەزیرانی توتنو تنباك

بە پێی فەقەرەی (٢ز)و(٢هـ) لە ماددەی ١٧ی یاسای ئینجیساری توتن ، ژمارە ٥٤ی سالی ١٩٥٢ی ڕاستەوەکراو ، وە بۆ ڕێکخستنی بەڕاهەمهێنەرانو ڕێکوپێك کردنی بالەکانی وەرزێرانی توتنو تنباکو بۆ ئاسانکردنی کاروباری وەرگرتنو خەزن کردنو بژارکردن بریارمانداوە بەرهەمی یەك دۆنم لە توتنو تنباکو کێشی بالەکانی وەرزێرەکان لە ساڵی ١٩٧٢ دا بەم جۆرەی خوارەوە بێت :-

یەکەم : بەراهەمی یەك دۆنم لە توتنو تنباکی ئەم ساڵ ١٩٧٢ ٠

ئەبێت «٢٥٠» دوسەدو پەنجا کیلۆ گرام بێت ٠

دووەم : نرخی فەردەیەك لە بالەی توتنی گەلا ، بەرهەمی ١٩٧٢ «٥٠٠» پێنج سەدفلس ئەبێتو هی بالەیی کی تنباکی ئاسایی کە بۆ ناردنە دەرەوە ئامادە بێت لە بەرهەمی ساڵی ١٩٧٢ «٣٠٠» سێ سەدفلس ئەبێت ٠

سێیەم : کێشی بالەیەکی توتنی گەلا ئەبێت لە (٥٠) پەنجا کیلۆ گرام زیاتر نەبێتو لە (٣٥) سێو پێنج کیلۆ گرام کەمتر نەبێت ٠

چوارەم : کێشی بالەیەکی تنباکی ئاسایی و خر ئەبێت لە (٥٠) پەنجا کیلۆ گرام زیاتر نەبێتو لە (٣٠) سی کیلۆگرام کەمتر نەبێت ، وە بۆ بالەیەکی تنباکی ئامادە کراو بۆ ناردنە دەرەوە (تۆنك بێت‌یان شاهات) ئەبێت لە (٣٠) سی کیلۆگرام زیاتر نەبێتو لە (٢٠) بیست کیلۆگرام کەمتر نەبێت ٠

پێنجەم : ئەو بارانەی کە بریاری لەسەر دراوە بۆ بالەیەکی توتن ئەگەر لە(٥٥) پەنجاو پێنج کیلۆگرام زیاتر بێت یان لە(٣٥) سیو پێنج کیلۆگرام کەمتر بێت پارەکەی نادرێت ٠

شەشەم : ئەو بارانەی سەرەوە کە بریاری لەسەر دراوە بۆ بالەیەك تنباك« ئامادەکراو بۆ ناردنە دەرەوە » ئەگەر کێشەکەی لەوەی کە لە فەقەرە چواردا بڕیاری لەسەردراوە کەمتر بێت یان زیاتر پارەکەی نادرێت ٠

حەوتەم : ئەو بالە توتنو تنباکانەی کە کێشەکەیان لە «٦٦» شەستو شەش کیلۆگرام زیاتر بێت وەرناگیردرێت، جگە لە نەدانی پارەی مەوادی ئەو بارانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن ٠

هەشتەم : پێویستە لەسەرهەموو خاوەن ئیجازەکانی وەرزێرانی توتنو تنباك بەپێی ئەم تەعلیماتە کاربکەنو خۆیانی پێوە ببەستنەوە ، هەرکەسێکیش سەرپێچی لێبکات بەو سزایانە سزا ئەدرێت کەلە یاسای ئینجیساری توتن ژمارە ٥٤ی ساڵی ١٩٧٢دا هەیە ٠

بەڕێوەبەری گشتیو سەرۆکی ئەنجومەنی ئیدارەی ئینجیساری توتن – دکتۆر خالد الدباغ

بۆژانین

بەیانی ژمارە ـ٩ـی ساڵی ١٩٧١

لە بەڕێوە بەرایەتی ئینجیساری توتنەوە

بەپێی ئەحکامی بڕگەی چوارەم لەبەندی نۆزدەهەم لە یاسایی ئینجساری توتنی ژمارە (٥٤)ی سالی ١٩٥٢ی‌دەستکاری کراو ٠ لەسەر ئەوکیتابەی کە لە سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری دائیرەی دارایی ژمارە (٢٩٢٣) لە ٢٠ـ٤ـ١٩٧٢ هاتوە ٠

یەکەم : رایئەگەیەنین کە نرخی توتنو چێندراوە لە وەرزی کشتوکاڵی سالی تنباکو توتنی قرجینی کە لە ناو خۆدا ١٩٧٢ بەم جۆرەی خوارەوە ئەکرێت ٠

أ ـ توتنی چاك کراو (توتنی خاو)	نرخی یەك کیلو بە فلس
دەرەجەی ممتاز ـ ١	٤٠٠ چوار سەد فلس
دەرەجەی ممتاز ـ ٢	٣٦٠ سێ سەدو شەست فلس
دەرەجەی یەکەم ـ ١	٣٣٠ سێ سەدو سی فلس
دەرەجەی یەکەم ـ ٢	٣١٠ سێ سەدو دە فلس
دەرەجەی دووم ـ ١	٢٦٠ دو سەدو شەست فلس
دەرەجەی دووم ـ ٢	٢٤٠ دو سەدو چل فلس
دەرەجەی سێیەم ـ ١	٢٢٠ دو سەدو بیست فلس
دەرەجەی سێیەم ـ ٢	٢٠٠ دو سەد فلس
دەرەجەی چوارەم	١٠٠ سەد فلس

ب ـ تنباك

تنباکی دەرەجە ممتاز (کەشمەو خۆیی پێوە نەبێ) هەر کیلۆیەك بە (٢٧٥) دو سەدوحەفتاو پێنج فلس ٠

تونکا یان شاهات	نرخی یەك کیلو بە فلس
دەرەجەی یەکەم	٢٢٠ دو سەدو بیست فلس
دەرەجەی دووم	١٨٠ سەدو هەشتا فلس
دەرەجەی سێیەم	١٥٠ سەدو پەنجا فلس

ج ـ توتنی قرجینی

دەرەجە	قرجینی فلوکیورد فلس	بیرلی فلس	قرجینی سان کیورد فلس
ممتاز	٤٣٠ چوار سەدو سی فلس	٤١٠ چوار سەدو دە فلس	٤٠٠ چوار سەد فلس
یەك	٣٦٠ سێسەدو شەست فلس	٣٤٠ سێ سەدو چل فلس	٣٣٠ سێ سەدو سی فلس
دوو	٢٩٠ دو سەدو نەوت فلس	٢٧٠ دو سەدو حەفتا فلس	٢٦٠ دو سەدو شەست فلس
سی	٢٤٠ دو سەدو چل فلس	٢٣٠ دو سەدو سی فلس	٢٢٠ دو سەدو بیست فلس

دووەم : کڕێ گواستنەوە لەنیوان گێڵگەو شوێنی‌وەرگرتنی‌دا کە لە(٥) کیلۆمەترزیاتر بێت بەم جۆرە ئەبێت ٠

١ ـ (١٠) دە فلس بۆ هەر(١٠٠) سەد کیلۆگرام لە توتنی‌خۆمالیو قرجینی بۆ یەك کیلومەتر کە بە ولاخ بگوێزرێتەوە ٠

٢ ـ (٥) پێنج فلس بۆ هەر(١٠٠) سەد کیلوگرام لە توتنی‌خۆمالیو قرجینی بۆ یەك کیلومەتر کە توتنەکەی بە هۆی گواستنەوەی میکانیکیەوە بێت٠

٣ ـ (٥) پێنج فلس بۆ هەر(١٠٠) سەد کیلوگرام لە توتنی‌تنباك بۆ یەك کیلومەتر کە توتنەکەی بە هۆی ولاخ یان گواستنەوەی میکانیکیەوە بێت٠

بەڕێوەبەری گشتیو سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن دکتۆر خالد الدباغ

پاشماوەی : پایەداربێت یەکێتی کوردو

سەبارەت بە عیراق ، کومپانیاکان لە شکات کردنەوە دەستیان پێکرد بۆ کەمکردنەوەی دەرهێنانی نەوت ۰

بێگومان هەر بەم کردەوە نارەوایە ناوەستن بەلکو دریژە ئەدەن بە سیاسەتی دزینو تالانکردنی جارانی خویانو پیلانی تازەش دائەنین بۆ لەناوبردنی دەستکەوتە بەنرخەکانی گەلی عیراق بەتایبەتی لەمەیانی نەوتدا ۰ وە ئەم سیاسەتە بەردەوام ئەبێت تا جێگاپێی ئەم کومپانیە بێگانانە لەولاتەکەمان مابێت ۰

بۆیە ئەو دوو بەیاننامەیەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڵاوی کردەوە بۆ دانانی سنوریك بۆ ئەم کومپانیە تالانکەرانەو دەستخستنەوەی هەقەخوراوەکانی گەلی عێراق ئەبی گەلی عێراق بەکوردو عەرەبو کەمایەتیەکانیەوە پشتگیری بکات وخوی ئامادە بکات بۆ پوچەڵکردنی هەموپیلانێکی دوژمنانەی بێگانە ۰

فرمانی مێژیو نیشتمانی ئێستای حکومەتو گەلی عیراقو هێزە نیشتمانیو پێشکەوتن خوازەکانی عیراق ئەوەیە کە بەوپەڕی تواناوە بەربەرەکانی پیلانەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان بکەن بە پشتگیری کومپانیای نەوتی نیشتمانی عیراقوسەرخستنیو گەشەپێکردنی ئێشەکانی ئینجا هەنگاونان بۆ کزکردنی دەسەڵاتی ئەم کومپانیا بێگانانەی لەعیراقدا کار ئەکەن بەدەستخستنەوەی هەمومافە خوراوەکانی گەلی عیراقو ڕێگا خۆشکردنو دانان بۆ ئەوەی لە دواڕۆژێکی نزیکدا کومپانیای نەوتی نیشتمانی دەست بگرێت بەسەر هەمو ئاوبیرە نەوتەکانی عیراقدا کە ئەمە بەتەواوی سەربەخۆیی سیاسیو ئابوری گەلی عیراق دەستەبەر ئەکاتو دوا دەسەڵاتی ئیمپریالیزم لە ڕەگوڕیشە هەڵئەکەنێ ۰

ئەمەش هەر بە یەکێتی گەلی عیراق بە کوردو عەرەبو کەمایەتیەکانیو پارتیە نیشتمانیو پێشکەوتنخوازو دەستەوکۆمەڵە نیشتمانپەروەرەکانی پێشکەوتنی عیراق لەروی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو چێبەچێکردنی هەمو ئاواتە سیاسیو دیموکراتیو نەتەوایەتیەکی گەلی کوردو عەرەب دێتە دی ۰

پاشماوەی :
شیخ لەتیف لەکاروانی ..

خۆشی دەویستمالی‌پەناگای خەباتکەران‌و نازادیخوازان بوو، تیکۆشەرانی بزوتنەوەی ئازادیخوازانی نەتەوایەتی کورد لە ئێران و عیراق لەلای شیخ‌لەتیف مەیدانی دریژەدان بەخەبات ، پەناگای خۆپاراستن لەگیران‌و کەوتنەزیندانەوە دەستدەکەوت لەدەوری پادشایی‌دا گەلێ جار لەسەر ئەم مەسەلەیە لەگەڵ حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی عیراق تووش هاتوەو چەند جارێك گیراوەو نەفی‌کراوە ۰

× لە سەرەتای عومری دا تیکەڵ بزووتنەوەی سیاسی نەتەوەی‌کورد بوەو بەشێوەیەکی گشتی لە بەرەی ئیجابی خەبات بوە ۰

× لە کۆمەڵی برایەتی‌دا ئەندام بوە ۰

× لەگەڵ کۆمەڵەی ژ۰ك لە مەهاباد پەیوەندی هەبوە ۰

× لەگەڵ پێشەوای شەهید قازی محمدا پێش دامەزرانی حکومەتی میللی کوردستان لە مەهابادو پاش دامەزرانیشی پێوەندی هەبوەو بەپێی توانای یارمەتی حکومەتی میللی داوە ۰

× لەسەرەتای دامەزرانی پارتی دیموکراتی کورد – عیراق تاماوەیەك نایب ڕەئیس بوە ۰

× پیاوێکی قسەخۆش‌و خۆش مەشرەف ، متواضع‌و نوکتەباز بوو ، دەستی شاعیری هەبوو ۰

× پیاوێکی دەست بڵاوو بەخشندە بوو ۰

× بەهەموتوانایەوە هەوڵی دەدا ئەو خەباتکەرە سیاسیانە نەتەوەی خۆی نیشتمانی خۆی دەچوونە لای ، لەباری گوزەران و ژیانەوە نارەحەت نەبن ۰

× جیاوازی بڕوباوەر شیخ لەتیفی لە یارمەتی دانی تیکۆشەرانو نازادیخوازان نەدەگێرایەوە ۰

× لە ١٩١٨دا هاتونەدنیاوە و لەشەوی نێوان ڕۆژی ١٢ و ١٣ی مایسی ١٩٧٢ سەعات ٦ و ٤٥ دەقیقە لەتەمەنی ٥٤ سالیدا چوەتەدەر ۰

× تەرمی شیخ لەتیف سەعات ٩ی بەیانی لەبەغدارا بەرەو سلەیمانی هەڵگیرا و نیزیکەی ١٥٠ ئوتومبێلێك دۆستو ناسیاوانی لەگەلی ڕۆیشتن ۰

× لە هەمووشارەکانی سەر ڕێگا خەڵك بەپیریەوە دەهاتنو کاروانەکە تادەهات قەلەبالغتر دەبوو ۰

× لەسلەیمانیشەوەخەڵکێکی زۆر تادەوزخورماتوو هاتبوون۰

× لە دەروازەی شاری کەرکووکدا تا دەچێتە ڕیگای سلەیمانی خەڵك ئەوبەرەو بەر ڕاوەستابوون گریانو شینو واویلای ژنان هووچورکی بەڵەشی پیاودا دەهێنا ۰

× لە تاسلووجەدا نەوەندە قەلەبالغ بوو، ئەوەندە ئوتومبێل تیك چرابوون بەدوو سەعات ئینجا کاروانەکە گەیشتوتە سلەیمانی ۰

× سلەیمانی هەر لەنیوەڕۆی ڕۆژی جمعە ڕا کە خەبەری مردنی شیخ لەتیف گەیشتبوو دوکان‌وبازار داخرابوون ۰

× جەنازەی شیخ لەتیف سەعات پێنجی ئیوارەی ڕۆژی شەمەو گەیشتە سلەیمانی ٨ سەعات بەڕێوە بووە ۰

بەڵی ! شیخ لەتیف مرد ، دوستو خزمو کەسی بەجێ هێشت ، خەمویەژارەی خستە ولاتەوە ، بەڵام ! ئەوەی مردوە، ئەوەی لەم دنیا چۆتەدەر ، ئەشی شیخ‌لەتیفە ، نازادیخوازی شیخ لەتیف ، کورد پەروەری شیخ لەتیف ، پیاوەتی شیخ لەتیف بەکورتی گەورەیی شیخ لەتیف شیخ لەتیف لەدڵی دۆستانی‌دا، لەشیعری شاعیرانو نووسینی نووسەران‌دا ، لەمێژوودا وەکوو گەورە پیاوان زیندووراوەتەوە ئەوانەی میژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەپێش شەڕی دووهەم‌دا تا ئیستا دەنووسن ناتوانن‌باسی دەوری شیخ‌لەتیف نەکەن ئەگەربیانەوێ نوسینەکەیان لەگەڵ واقع ڕێك‌بکەوێ۰

ئەوەی لە لەشی شیخ لەتیف ماوەتەوەو ئەمینی ڕەسمەکەیەتی شاعیرێکی فارس ووتوویە :

خەڵکی کە وێنەی تۆ ئەبینن نازانن وێنەکە نەیتوانیوە دنیا یەك مانای گەورەیی تۆ لە خۆیا بنوێنێ ، ئەفسووس !

مەلا قادر

وردە بیخوێنەرەوە

شارەزایەکی « نەفسانی » ، ئەم هەفتەیە لە رۆژنامەیەکا وتبوی :

« **لەقین مەترسن ! بەپێچەوانەوە دەرونی پیاو ٠٠ یان منداڵ ، پێویستە بەهەندێ ئین رابێت ! ئەمە چاترە لە راهاتن بە درۆزنی و ساختە بازی !** » ٠

جارێکی کە ، قسەی ئەم شارەزایە بخوینەرەوە چۆنی لێك ئەدەیتەوە ؟! بێگومان لەوانەیە هەر یەکێك بەپێی باری سەرنجی خۆی لێکی باتەوە وە هەر کەسە لەم لێك دانەوەیەدا سەربەستە ٠٠٠

بەڵام من ، ئەمەوێ لەبەر رونا کی ئەم قسەیەدا بڵیم :

ئەو جۆرە قینەی کە پێویستە بێ رابێین ، وە چاکترە لەوەی راهاتنمان بە درۆزنی و ساختە بازی بێت ، مەبەست لەو قینە نیە کە « ئەفرین » لە هەموو شتێ بکرێ ، نەء ٠٠٠ بەڵکو ئەو قینەی کە وات لێ ئەکات ، بێ سێو دوو کردن ، « قین » بەرامبەر « خراپ » دەربڕی ! بەبێ ئەوەی « ترس » دەمت داخات ، چاو لە خراپە بپۆشی ! بەبێ ئەوەی لە دەرونتا « دوو فاقی » وا پەروەردە بوبێ ، ئەوەی خۆشت ناوێ و لەناو دڵا قینت لێیەتی ، بە روکەش بەشانو باهوی دا هەڵدەی !!

بەڵی : پێویستە ٠ بەو « قینە » رابێین ، بەرامبەر بە هەموشتێ شایانی قین لێ بونەوەیە ، هەروەك پێویستە بەو خۆشەویستیەش رابێین ، بەرامبەر بە هەر شتێ شایانی خۆشەویستیە ٠

مرۆڤ

هونەری تێکۆشان

بۆ فەزمەتی جەماوەری گەل





بۆ ئەوەی ، هونەرمەند ، هەمیشە پەیوەندی لەگەڵ جەماوەری گەلدا بهێز بێت ، بەتایبەتی لەگەڵ رەنجبەرانا ، پێویستە ئەو هونەرەی پێشکەشی ئەکات ، پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیانی ئەوجەماوەرەوە بێتو ڕێگای پاشە رۆژی بەختیاریش بۆئەوان رونا ك بکاتەوە ، تا باوەریان بەتوانای خۆیان زیاتر بێت ٠٠

لە (کۆماری کۆریای دیموکرات) ، ئەمە دروشمی هونەرمەندەکانە ، لەسەر شانۆ لەهونەری پەیکەر تاشی و وێنەکێشانو هونەری مۆسیقاو گۆرانی دا لەبەر ئەوە ، هونەرمەند تێکۆشەرە بۆ خزمەتی جەماوەری گەل ، گەلیش بەچاوی ڕێزەوە سەیری هونەرمەندو هونەرەکەیان ئەکات ٠٠) ٠

ئەم وێنانەی ئەیان بینن ، چەند تابلۆیەکن لە ئوپەرێتی (دەریای خۆین) کە تۆمارێکی راستەقینەی خەباتی چەکداری رۆلەکانی گەلی کۆریا ئەگێرێتەوە دژی داگیرکەرە ژاپونیەکان ئەم ئوپەریتە لەم دواییەدا لە شارە دەست پێکردنم ئەگەرێتەوە بۆ ٥٨ ـ ٥٩ ، بەڵام گەیشتومەتە کوێ ؟ هونەر رێگایەکی دورو درێژە ٠٠٠ ئێستا من لە هەنگاونانی سەرەتادام ، بەرهەم هێنانی هونەری بە شێوەیەکی تازەو دوزینەوەی نهینیە قولەکانیو گونجاندنی لەگەڵ نەرێتی میللەتەکەمانا رەچوخو هیلاك کردنی ئەوێ ٠٠٠٠ تا بتوانین هونەرێك بەرهەم بێنین روی رونا کی ژیانی گەلەکەمان پیشان بات ٠٠

ـ هونەری وینە کێشانی کوردی گەیشتۆتە کوێ ؟ ئێستاو پاشە رۆژی چۆن ئەبینی ؟!

○ هونەری وینە کێشانی کوردی ، بنەڕەتی هەیە ، بەڵام دەست پێکردنی ئەگەرێتەوە بۆ ٥٨ ـ ٥٩ ، بەڵام گەیشتومەتە کوێ ؟ هونەر رێگایەکی دورو درێژە ٠٠٠ ئێستا من لە هەنگاونانی سەرەتادام ، بەرهەم هێنانی هونەری بە شێوەیەکی تازەو دوزینەوەی نهینیە قولەکانیو گونجاندنی لەگەڵ نەرێتی میللەتەکەمانا رەچوخو هیلاك کردنی ئەوێ ٠٠٠٠ تا بتوانین هونەرێك بەرهەم بێنین روی رونا کی ژیانی گەلەکەمان پیشان بات ٠٠

ـ هونەری وینە کێشانی کوردی گەیشتۆتە کوێ ؟ ئێستاو پاشە رۆژی چۆن ئەبینی ؟!

○ هونەری وینە کێشانی کوردی ، بنەڕەتی هەیە ، بەڵام گەورەکانی کۆماری گەلی چین ، لەلایەن (تیپی ئوپەرێتی نیشتمانی کوریای دیموکرات)ەوە پێشکەشکراو بە ملیونەها تەماشاکەر بەگەرمی چەپڵەیان بۆ لێداوە :

وێنەکان :

١ ـ « دایک» پاڵەوانی ئوپەرێتی (دەریای خۆین) ئافرەتەکانی کۆریا هان ئەدات بۆ یەکگرتنو خەباتکردن ٠

٢ ـ لە هیرشێکا بۆ ئازادکردنی شارێکی کۆریا «دایك» دەرگای شارەکە بۆ شۆڕش گێڕەکان ئەکاتەوە ٠

٣ ـ کۆتای ئوپەرێتی«دەریای خۆین » بەئاهەنگی سەرکەوتن دێت ، دایکو کوڕ بەیەك ئەگەن ٠

لە گۆڤاری « الصین المصور »ەوە



هەرجارەی نوسینێك



رفیق صابر

رایەك دەربارەی چیرۆکی کوردی

وەك دەزانین چیرۆك ـ لە ئەدەبی کوردیدا ـ تەمەنی لە نیو سەدە زیاترە ٠٠ ئەو پرسیارەی هەمیشە پێشمان پێدەگرێ و لەبەر دەمماندا قیمت دەبێتەوە ئەوەیە :ـ

● ئایا چیرۆکی کوردی لەوماوە دورو درێژەدا چ هەنگاوێکی هاویشتووە ؟

یان : چیرۆك نوسانمان تا چ رادەیەك توانیویانە خواستو موعاناتی مرۆڤی چەوساوەی کورد بخەنەڕوو ؟٠

١ ـ چیرۆکی کوردی هەر لەسەرەتای پەیدا بوونیەوە تا ئەمڕۆ لەناوەڕۆکێکی پێشکەوتووانەدا خۆی نواندوە ٠٠ وە چیرۆك نووسانمان ـ بەتێکڕایی ـ ویستویانە باسی ژیان و گیروگرفتی چەوساوەکان بکەن (بەتایبەتی چینی جوتیار کە بەشی هەرە زۆری میللەتەکەمانن) ، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی بایەخیان بەناوەڕۆکی چیرۆکەکانیان داوەو کەمتر ئاوڕیان لەڕوخسار داوەتەوە ، بێ ئەوەی ئەوەیان بە خەیاڵدا بێت کە (ڕوخسارو ناوەڕۆك هیچ کاتێك ناتوانرێ لەیەك جیا بکرێنەوە) ، بەم چەشنە نەیان توانیوە تەوازون لە نێوان ڕوخسارو ناوەڕۆکدا بکەن ، بۆیە دەبینین چیرۆکی کوردی بەشێوەیەکی گشتی لەڕووی هونەری یەوە لاوازو ئیفلیجە ٠

٢ ـ چیرۆك بەحوکمی ئەوەی کۆڵۆن ویلسن دەڵێ ٠

زەردەخەنە

★★

ئەوسا موهەندیس بانگ ئەکەین !

جارێك موهەندیسێك لە ناوچەیەکی شاخاوی کوردستانا خەریکی نەخشە کێشان ئەبێت بۆ جادە بڕین لەو ناوچەیەدا ، بۆ ئەم مەبەستەش دوربینو سێپاو چەند کەرەسەیەکی تری نەخشەکێشان بەکار دێنێ ٠٠٠ لەو کاتەدا کوێخا دێیەك بەوێدا ڕەت ئەبێت ئەڵێت :

ـ کاکەی ئەفەندی ، خەریکی چیت ؟!

موهەندیسەکە ئەڵێت :

ـ نەخشەی جادەیەکتان لەم ناوچە سەختەدا بۆ ئەکێشم !

کوێخا ئەڵێت : ئینجا ئەو هەمو ماندوبونەی بۆچیە ، ئێمە کەوێستمان جادە بکێشین ، ئێستریك بەڕەڵا ئەکەین بەکوێدا ڕۆیشت ڕێ ڕەوەکەی ئەکەین بە جادە !!

موهەندیسەکە ئەڵێت : باشە ئەگەر ئێستر تان دەست نەکەوت چی ئەکەن ؟!

کوێخای دێ لەوەڵامدا نەڵێت : ئەوسا موهەندیس بانگ ئەکەین !!

★★



هونەرمەندێکی کورد :

عەلی کەریم شارباژێری

● کردنەوەی « پەیمانگەیەکی هونەرەجوانەکان » لە کوردستاندا خواستی هونەرمەندە کوردەکانە

لە یادەمە ، منداڵ بوین ، لە « چوارتا » پێکەوە ئەمانخوێند ٠٠٠ پاش نیوەڕوان ، بەڕەو « بەردەبوکێ » ئەچوین ، لەوێ وە بۆ « شیوی دۆلێ » ٠٠٠ ئەگەڕاینەوە بۆ « پیرالك » و ٠٠ دائەگەڕاینەوە بۆ « شێخەڵ » ئەو ٠٠٠ دەفتەڕێکی بەدەستەوە بو ٠٠٠ وێنەی دارو بەردو کانیاوەکانی ئەکێشا ٠٠٠٠ هونەرمەندانەو لێیهاتوانە هەڕوەك مامۆستاکان پیان ئەوت ٠٠٠ جاوەڕێی پاشە رۆژێکی باشی لێ ئەکرێت ، لەم رۆژانەدا لە « ستودیویەکی وێنەکێشان» لە « ئەکادیمیەی هونەرەجوانەکان » دیمەوە ٠٠٠٠ ارو بەرد ناکێشی خەریکی تابلۆیەکی گەورەیە ٠٠٠! ئەمڕۆ سەرەتای ئەو پاشە رۆژەیە چاوەڕێی بو ٠٠٠ ئەم هونەرمەندە لاوە ٠٠٠ « عەلی کەریمە » ٠٠٠٠ لێم پرسی :

ـ گەیشتویتە کوێ ؟!

○ وەکو ئەزانی سەرەتای دەست پێکردنم ئەگەرێتەوە بۆ ٥٨ ـ ٥٩ ، بەڵام گەیشتومەتە کوێ ؟ هونەر رێگایەکی دورو درێژە ٠٠٠ ئێستا من لە هەنگاونانی سەرەتادام ، بەرهەم هێنانی هونەری بە شێوەیەکی تازەو دوزینەوەی نهینیە قولەکانیو گونجاندنی لەگەڵ نەرێتی میللەتەکەمانا رەچوخو هیلاك کردنی ئەوێ ٠٠٠٠ تا بتوانین هونەرێك بەرهەم بێنین روی رونا کی ژیانی گەلەکەمان پیشان بات ٠٠

ـ هونەری وینە کێشانی کوردی گەیشتۆتە کوێ ؟ ئێستاو پاشە رۆژی چۆن ئەبینی ؟!

○ هونەری وینە کێشانی کوردی ، بنەڕەتی هەیە ، بەڵام گەورەکانی کۆماری گەلی چین ، لەلایەن (تیپی ئوپەرێتی نیشتمانی کوریای دیموکرات)ەوە پێشکەشکراو بە ملیونەها تەماشاکەر بەگەرمی چەپڵەیان بۆ لێداوە :

وێنەکان :

١ ـ « دایک» پاڵەوانی ئوپەرێتی (دەریای خۆین) کە تۆمارێکی ڕاستەقینەی خەباتی چەکداری ڕۆلەکانی گەلی کۆریا ئەگێرێتەوە دژی داگیرکەرە ژاپونیەکان ئەم ئوپەریتە لەم دواییەدا لە شارە


Institut kurde de paris

« شارلی شاپلن »

فلیمەکانی دابوردوی ئەبینێو پێناسەکەنێو ئەگری ٠٠٠

هونەرمەندی مەزن « شارلی شاپلن» پاش وەرگرتنی پاداشتی «ئۆسکار» لە ئەمەریکا گەڕایەوە بۆ ماڵە تایبەتیەکەی خۆی لە سویسرا ٠ ئێستاتەماڵی خویا کاتی بێئیشی خۆی بە سەیر کردنی بەرنامەکانی تەلەفیزیونی فەرەنسا بەسەر ئەبات ٠

ئەندێجار «شارلی » سەیری فلیمە کۆنەکانی خۆی ئەکات٠٠ دوای بینینی هەر فلیمێك ، هەندێ جار ئەگری و جاری واش هەیە تێر پێ ئەکەنێو ئەڵی «بەراستی نەم ئەزانی فلیمەکانم ئەوەندە خۆشن !! »



هەفتەنامە

مەولەوی لە تەلەفیزیۆنی کەرکوك

یەکێتی نوسەرانی کورد ـ لقی سلەیمانی ، لەم ڕۆژانەدا وەفدێکیان نارد بۆ بەغدا ، بەرنامەیەکی تایبەتیان دەربارەی ژیانو شیعرەکانی شاعیری نەمری کورد « مەولەوی » تۆمار کرد بۆ تەلەفیزیونی کەرکوك ٠

وەفدەکە بریتی بو لە مامۆستایان : ئەحمەد هەردی ، محەمەد مستەفا کوردی مستەفا سالح کەریم، حەسیبەقەرەداغی عەلی عەبدولا شەونم ، محەمەد سالح سەعید ، غەفور ڕەشید دارا ٠

هەروەها ئەم وەفدە دوو بەرنامەی تری سەبارەت بە : گیروگرفتی چاپەمەنی کوردی و دوانێك لە ئەدەبی جیهانی تۆمار کرد ٠

●

دڵدار لە کۆڕێکی ئەدەبیدا

یەکێتی نوسەرانی کورد ـ لقی هەولێر ، لە کۆتایی ئەم مانگەدا ، کۆڕێکی ئەدەبی لەهۆڵێ نامەخانەی گشتی هەولیر ئەسازێنێ ، بۆ باسکردنی ژیانو شیعری شاعیری جوانەمەرگی کورد (دڵدار) ٠


باسەکە لەلایەن دوو ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کورد کاك عەزیز گەردیو کاك عبدالخالق علاءالدینەوە ئامادە کراوە :

◎ ● ◎

(شاری کۆیە)

مامۆستا توفیق وردی نامیلکەیەکی بەعەرەبی دەربارەی شاری کۆیەو پیاو چاکی کۆمەڵایەتی (ئیبراهیم سابیر وەلی) چاپ کردوە ٠

دانەیەکی بەدیاری ناردوە بۆ نامە خانەی (هاوکاری) سوپاسی ئەکەینو هیوادارین بەرهەمەکەی ڕەواجی هەبێت ٠



شیخ ڕەزای نەمر :

کارێ کە فیراقو خەمی دووریت بە منی کرد
سەرما بە هەتیو ، با بە دەواری شڕی ناکا

★★★

کوردی نەمر :

دوعام کرد چاوەکەت خۆش بێ کە خۆش بو ئەمنی بیمار کرد
ڕەفیق ئامان دوعاکەن ڕەبی ظاڵم هەر بە بیماری



★ مەولەوی ★

وێنەیەك لە کوردستانەوە

« گوندێك لە کوردستان » بۆ ئەوەی ، ئەو منداڵانەزەردەخەنەی سەر لێوبان مژدەی پاشە ڕۆژێکی باشتر بێت ، تەندروستی، خوێندەواری ، دابەش کردنی زەوی و زار، چاکردنی باری ژیانی جوتیارەکانی کوردستان ، پێویستە ٠



داوایەك لە :

یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانەوە

یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ـ لقی بەغدا کتێبخانە ـ یەکی لە بارەگای گشتی کردۆتەوە ٠ جا داوا لە ڕۆشنبیرانو نوسەرانو خاوەن کتێبخانەکانو هەمو هاوڵاتیانی خۆشەویست ئەکەین کە دەستی یارمەتیمان بۆ دڕێژبکەنو کتیبو چاپەمەنی کۆنو تازە بۆ کتێبخانەکەمان بنێرن ، ئەمە کە بۆ زیاتر هوشیارکردنەوەی لاوانی کوردستان وبڵاوکردنەوەی بیروباوەری کوردایەتیو پێشکەوتنخوازانەیەلەناویاندا ٠

ئێستر چاوەڕێی یارمەتیهەمو کوردێپەروەرو پیشکەوتنخوازێکین ٠

بەم ناونیشانە پێمان ئەگات:

بغداد ـ شارع ابو نواس ـ بجانب فندق امباسادور ـ اتحاد الشبیبة الدیمقراطی الکردستانی ٠

لقی بەغدا
یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

دوا وشە :

بۆچی ؟!!

● لەهەموو شارەکانی وڵاتدا قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی ئێواران کراوەتەوە ، کردنەوەی ئەمجۆرە قوتابخانانە بە تایبەتی یارمەتیەکی گەورەیە بۆ ئەوانەی ڕۆژگارو ئەرکە گرانەکانی ژیان ، ماوەی ئەوەی نەداون بەمندالی، لەقوتابخانەدا بخوێنن و خوێندن تەواو بکەن ٠

● بەڵام ، بە لاتانەوە سەیر نەبێت ، لەشاری سلێمانی ، کە دانیشگای تیایە ، کەچی قوتابخانەی « ئامادەیی » ئێواران نیە ٠٠٠٠ بەم جۆرە ئەو کەسەی بیەوێ ئێواران بخوێنێ یان ئەبێت تا « پۆلی سێی » ناوەندی بخوێنێو واز لە قوتابخانە بهێنێ ، یان ئەوەتە ئەبێت بچێتە شارێکی کە ، کە قوتابخانەی « ئامادەیی » ئێواراتی تیا بێت !

● **بۆچی نەڤابەی مامۆستایانی کوردستان ، یەکێتی قوتابیانی کوردستان ، هەوڵ نادەن لەگەڵ شوێنە لێپرسراوەکانی وەزارەتی پەروەردە ئەم گیرو گرفتە چارەسەر بکەن ؟**